دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵیدا

# کوردستان

ژمارە: ٤٣٩
چوارشەممە ٣١ی جۆزەردانی ١٣٨٥
٢١ی ژوئەنی ٢٠٠٦
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## تێپەڕکردنی ٢٦ ساڵ تێکۆشان، لە رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران پیرۆز بێ

٢٧ی جۆزەردانی ئەمساڵ، ٢٦ ساڵ بەسەر دەست بەکاربوونی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران دا رابرد. رادیۆیەك کە لەگەڵ داسەپانی شەڕی نابەرامبەری کۆماری ئیسلامی بەسەر گەلی کورددا، بوو بە دەنگی خەبات‌و خۆڕاگریی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران‌و ئەرکێکی گرنگ‌و مێژوویی لە بەرەوپێشبردنی ئەم خەباتەدا گرتە ئەستۆ. بەبۆنەی ٢٦ ساڵ تێکۆشانی شێلگیرانە، پیرۆزبایی لە بەڕێوەبەران‌و کارگێڕانی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران‌و هەموو گوێگرەکانی دەکەین‌و بەردەوامی‌و سەرکەوتنی رۆژ بە رۆژ زیاتری بەئاوات دەخوازین.

"کوردستان"

دەقی وتاری بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لە کۆنگرێسی ئەمریکا ٢
هەواڵەکانی کوردستان ٣
وتاری سکرتێری گشتیی حیزب، بەڕێز مستەفا هیجری، لە سەنای ئامریکا ٤
جووڵانەوەی ژنان‌و ئەرکەکانی داهاتووی ٥
راپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوە، سەبارەت بە ئێران ١١

### جۆرج بووش:

## چەکی ئەتۆمی لە دەست رێژیمێك دا کە پشتیوانی لە تیرۆریزم دەکا، مەترسییەکی گەورە بۆ تەواوی خەڵکی جیهانە



رادیۆ فەردا: جۆرج بووش، سەرکۆماری ئامریکا رۆژی دووشەممە ١٩ی ژوئەن لە زانکۆی ئامووزشی دەریاوانیی بازرگانی لە نیۆیۆرك دا لێدوانێکی گرنگی لە سەر ئێران، خەڵکی ئێران، ئاسۆی دۆسایەتیی نێوان خەڵکی ئێران‌و ئامریکاو پێشنیار بە کاربەدەستانی رێژیمی ئیسلامی بۆ وەلانانی بەرنامە ناوکییەکانیان دا. جۆرج بووش گوتی: ئامریکا لە داخوازی بۆهەڵپەساردنی تەواوی چالاکییەکانی پێوەندیدار بە پیتاندنی ئۆرانیۆم لە لایەن ئێرانەوە بەر لە چوونە پاڵ گرووپی وتووێژ کەرانەوە چاوپۆشی ناکا، چونکە چەکی ئەتۆمی لە دەستی رێژیمێك دا کە پشتگیری لە تیرۆریزم دەکا، مەترسییەکی گەورە بۆ تەواوی خەڵکی جیهانە. بووش گوتی: رێبەرانی حکوومەتی ئێران پشتیوانی تیرۆرن، خەڵکی ولاتیان لە ئازادی‌و مافی مرۆڤ بێبەش کردوە، هەڕەشە لە مانەوەی هاوپەیمانی ئێمە، ئیسرائیل دەکەن، بە درێژەدان بە چالاکییە ناوکییەکانیان دەیانەوێ دەستیان بە چەکی ئەتۆمی رابگا.ڕێژیمی ئێران بە بەڵێنەکانی خۆی لە پەیمان لەگەڵ شوورای ئەمنییەتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌و رێکخراوی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی رووبەڕوو دەبێتەوە. چەکی ناوکی لە دەستی ئەم رێژیمەدا هەڕەشەیەکی کارەساتبارە بۆ خەڵکی جیهان. بووش لە پێوەندی لەگەڵ پێشنیاری وڵاتانی ١+٥ دا وتی: ئێمە هیوادارین رێبەرانی حکوومەتی ئێران پێشنیاری ئێمە قبووڵ بکەن‌و خۆویستانە ئەم چالاکییە ناوکییانە هەڵپەسێرن تا بتوانین لە سەر رێکەوتننامەیەك کە بۆ ئێران بەرژەوەندیی راستەقینەی تیابێ کار بکەین. ئەگەر رێبەرانی کۆماری ئیسلامی پێشنیارەکانی ئێمە رەت بکەنەوە، ئاکامی هەنگاونانی شوورای ئەمنییەتی نەتەوەیە یەکگرتووەکان دەبێ‌و تەریك کەوتنەوەی زۆرتری ئێران لە جیهان و سزاگەلی ئابووری‌و سیاسی لە پشت سەریەك توندتر دەبنەوە.

## کڕینی کات تا گەیشتن بە چەکی ناوکی

عەوڵڵا بەهرامی

دوابەدوای پێشکەشکرانی پێشنیارە هاندەرەکانی ولاتانی ئورووپایی بە رێژیمی ئیسلامیی ئێران‌و ناچاربوونی بۆ قبووڵ کردنی وتووێژی مەرجدار لەگەڵ رێژیمی ئێران لە لایەن ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، دیسان دەرەتانێکی دیکە بۆ کات وەدەستهێنان بۆ ئەم رێژیمە پێك هاتوە.

رێژیمی ئیسلامیی ئێران کە تا ئێستاش بە هیچ شێوەیەك نەچۆتە ژێرباری داواکانی ئەمریکاو هاوپەیمانە ئورووپایییەکانی، لەلایەك بە قۆستنەوەی ئەو بنبەست‌و ناکۆکییەی ئەنجومەنی هێمنایەتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگۆڕێدایەو ئەو گۆڕانە رێژەییەی لە هەڵوێستی کۆشکی سپیدا دروست بووە، دیسان خەریکی سەرگەرم کردنی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی‌و درێژەدانی سیاسەتی وتووێژ بۆ وتووێژو سەرنجام کات کڕینە. نوێترین تاکتیکی رێژیم لەم پێوەندییەدا بریتییە لە داواکردنی مۆڵەتێکی دیارینەکراوو گەلاڵەکردنی کۆمەڵێك پێشنیار لە بەرانبەر ئەو پێشنیارانەدا کە چەند رۆژ لەمەوبەر خاوێرسۆلانا لە لایەن ولاتانی ١+٥ بە ناوی بەستەی پێشنیارە هاندەرەکان پێشکەشی کرابوو. دیارە ئەوەی لەم پێوەندییەدا لە چاوی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا شاراوە نیە، تەنیا چاوەڕوان هێشتنەوەی ئەوان‌و دوورخستنەوەی هەرچی زیاتر کۆبوونەوەی ئەنجومەنی هێمنایەتی‌و لە رێگای ئەمەشەوە وەدەستهێنانی کاتێکی زیاتر بۆ درێژەدانی بەرنامە ناوکییە گومان هەڵگرکانییەتی‌و بەس.

هەرچەند روون نیە وەڵامی رێبەرانی رێژیمی ئیسلامی بە پێشنیارەکانی ئورووپایی‌یەکان چ دەبێ‌و ئایا رێژیم بە قبووڵ کردنی ئەو مەرجە، واتە راگرتنی بەرنامە ناوکییەکان، لەگەڵ ئەمریکا دەکەوێتە وتووێژی دوولایەنە یان نا؟ بەڵام لێرەش دا ئەم گومانە زۆر بەهێزە کە رێژیم بە قبووڵ کردنی وەستاندنی کاتیی بەرنامە ناوکییەکانی‌و دەست پێکردنی وتووێژی راستەوخۆ لەگەڵ کۆشکی سپی، لێرەش دا تەنیا مەبەستی کات وەدەست هێنان بێ‌و بەس. چونکە ئەوە راستییەکە کە رێژیمی توتالیتێرو سەرکوتکەری ئیسلامیی ئێران چەکی ناوکی بە کارتی مانەوەی خۆی دەزانێ‌و پێی وایە لە رێگای دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکییەوە دەبێتە هێزێکی گەورەی ناوچەیی‌و ولاتانی ناوچەو تەنانەت بەشێك لە ولاتانی ئورووپاییش دەخاتە ژێر هەڕەشەی چەکی ناوکییەوە، هاوکات لەگەڵ ئەوەش دەتوانێ بە بێ ترس لە نارەزایەتیی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەنگی کۆمەڵانی نارازی‌و ئازادیخواز ئەوەندەی دیکەش کپ بکا.

دەرەنجام: ١ـ ئەگەر ئەمریکا بە راگرتنی کاتیی پرۆگرامە ناوکییەکانی ئێران رازی بێ‌و راستەخۆ لەگەڵ ئێران بکەوێتە وتووێژەوە، ئەوە رێژیم لەم تاکتیکەیدا (کات کڕین) سەرکەوتوو بووەو ئەوە پاشەکشەیەکی گەورەیە لە هەڵوێستی ئەمریکادا.

٢ـ ئایا ئەم هەڵوێستە نوێیەی واشنگتۆن‌و ولاتانی داکۆکیکاری ئێران لە ئەنجومەنی هێمنایەتی دێنێتە سەر ئەم بڕوایە کە دەست لە پشتیوانیی ئێران هەڵگرن یان لانیکەم بێلایەن بن؟

بەڵام لە حاڵەتێك دا کە هیچ کام لەم حاڵەتانە روو نەدەن، پێش بینی دەکرێ کە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سیاسەتی مەزنیخوازانەی ناوکیی ئێران بکەوێتە دەرەوەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی ناچار بن بۆخۆیان بەرنگاری رێژیمی ئیسلامیی ئێران ببنەوە.

ئایا رووسیەو چین لەم حاڵەتەش دا لە بەرژەوەندییان دایە پشتیوانی لە ئێران بکەن؟

## داواکاری گشتی داوای لەسێدارەدانی سەدام‌و داروودەستەکەی دەکا


جەعفەر موسەوی، داواکاری گشتی لە دادگای باڵای تاوانی عێراق، ئەمڕۆ(دووشەممە) داوای کرد، کە هەریەك لە سەدام حسێن و بەرزان تکریتی و تەها یاسین رەمەزان، بەتوندترین سزا(لە سێدارەدان) سزا بدرێن.

داواکاری گشتی لە بەڕێوەچوونی ئەمڕۆی دادگایی کردنی سەدام‌و داروودەستەکەی، داوای کرد، کە پێویستە هەریەك لە سەدام حسێن و بەرزان تکریتی‌و تەها یاسین رەمەزان، بەتوندترین شێوە(لە سێدارەدان) سزا بدرێن، چونکە ئەوانە بەرپرسن لە هەموو تاوانەکان، کە لە دوجێل ئەنجامدراوە.

قازی رەئوف رەشید عەبدولرەحمان، سەرۆکی دادگای باڵای تاوانی عێراق، لە دوای دانیشتنی ئەمڕۆی دادگا، بڕیاری دا کە دادگایییەکە بۆ دەی مانگی داهاتوو دوابخرێ. هەروەها موسەوی داوای ئەوەشی کرد، کە هەریەك لە تاوانباران عەبدوڵڵا رویەدو مەزهەر رویەدی کوڕی، بە شێوەیەکی سوك سزا بدرێن، چونکە ئەوانە تەنها فەرمانی بەرپرسە گەورەکانیان جێبەجێکردووە.

جێی ئاماژەیە، لە دانیشتنەکەی ئەمڕۆ، گشت تاوانبارەکان ئامادەبوون.

## چاوپێکەوتنی سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ بەرپرسانی باڵوێزخانەی ئامریکا لە پاریس



بەیانیی رۆژی دووشەممە، ٢٠٠٦/٦/١٩، بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب، سەردانی باڵوێزخانەی ولاتە یەکگرتووەکانی لە پاریس کردو لەلایەن خاتوو عوزرا زیاء، دەبیری یەکەمی باڵوێزخانەو بەرپرسی بەشی رۆژهەلاتی ناڤین‌و رۆژهەلاتی نزیك‌و دوو کەس لە راوێژکارانی ئەو پێشوازیی لێکرا.

لە دانیشتنێکی یەك کاتژمێریدا هەردوو لایەن لەسەر پرسەکانی ناوچەو بە تایبەت بارودۆخی سیاسیی ئێران ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد. لەم دانیشتنەدا، سکرتێری گشتیی حیزب هەروەها لەسەر کێشەی نەتەوەکان‌و بە تایبەت سیاسەتی سڕینەوەو سەرکوتی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە دژی ئەم نەتەوانە بە تێروتەسەلی دوا. لە کۆتایی ئەم دانیشتنەدا هەردوولا وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆیان، لەسەر پێویستیی درێژەدان بەم چاوپێکەوتنانە پێیان داگرت.

لەم سەردانەدا هاوڕێ کاك خوسرەو عەبدوڵڵایی، بەرپرسی بەشی پێوەندییەکانی حیزب لە دەرەوەی ولات بەشداربوو.

## کۆبوونەوەی کرانەوەی "شوورای مافەکانی مرۆڤ"



"شوورای مافەکانی مرۆڤ" ئۆرگانێکی نوێی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە کە پاش چەندین مانگ وتووێژو بیروڕا گۆڕینەوە، لە ئاکام دا بە تەئیدی کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە مانگی مارسی ٢٠٠٦دا جێی "کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ"ی ئەو رێکخراوەی گرتەوە. یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم هەنگاوە پێش گرتن لە دەستڕۆیی دەوڵەتە پێشێل کەرەکانی مافەکانی مرۆڤە. دەوڵەتی ئێران بە ئەندامەتی لەم شوورایەدا هەڵنەبژێردراوە، بەڵام لە رێوڕەسمی کرانەوەی دوێکەدا (سێشەممە ١٣٨٥/٣/٢٩) کە نوێنەرانی زیاتر لە ١٠٠ ولات تیا بەشدار بوون، نوێنەرانی دەوڵەتی ئێرانیش جەماڵ کەریمی‌راد، "وەزیری دادگوستەری"و سەعید مورتەزەوی، "دادستانی تاران"، سەرەڕای نارەزایەتیی چالاکانی مافەکانی مرۆڤ بەشداربوون.

ئەندامەتی ئەو دەوڵەتانەی کە باوەڕیان بە مافەکانی مرۆڤ‌و بنەما سەرەتایییەکانی دێموکراسی نەبوو، کۆمیسیۆنی پێشووی لێنەهاتووکردبوو بەرەو لاوازی بردبوو. ماریت گرانژ، وتەبێژی "رێکخراوی چاوەدێری مافەکانی مرۆڤ" لەم پێوەندییەدا دەڵێ:

"شوێنی بایەخداری مافەکانی مرۆڤ لە رێکخراوی نەتەوەکان دا چۆتە سەرەو لەپاڵ "ئاشتی"و "ئەمنییەت‌و پەرەپێدان"دا بۆتە یەکێك لە سێ کۆڵەکەی سەرەکیی رێکخراوی نەتەوەکان. ئەوەی کە ئەم ئۆرگانە کەوتۆتە ژێر چاوەدێریی راستەوخۆی کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوەکانەوە، خۆی شایەتێکە لەسەر شوێنی بەرچاوی مافەکانی مرۆڤ. ئەم شوورایە دەبێ ئەوەندە بەهێز بێ کە بتوانێ کاری مافەکانی مرۆڤ لە تەواوی رێکخراوی نەتەوەکان دا رێبەری بکا. لەم روانگەوە چاوەڕوانیی ئێمە بە نیسبەت سەرکەوتنی بێئەم لاو ئەولای ئەم شوورایەوە زۆر لە سەرۆیە".

کوفی عەنان، سکرتێری رێکخراوی نەتەوەکان ئەمڕۆ لە رێوڕەسمی کرانەوە لە ژینێف دا گوتی کە خەڵکی جهان چاویان بڕیوەتە ئەم شوورایەی مافەکانی مرۆڤ کە لە ٤٧ ولاتی ئەندام پێك هاتووە. عەنان روونی کردەوە کە مافەکانی مرۆڤ بابەتێکی پڕ گێرەو کێشەیە، بەڵام مافەکانی مرۆڤ نابێ لە بەرامبەر بەرژەوەندیی ولاتەکان دا، بەڵکوو دەبێ لە خزمەتی بەهێزکردنی نەتەوەکان دا چاویان لێبکرێ. سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکان هیوای دەربڕی کە لە ماوەی ساڵانی داهاتوودا "شوورای مافەکانی مرۆڤ" لە ئۆرگانێکی ژێر چاوەدێریی کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوەکانەوە ببێ بە ئۆرگانێکی سەرەکیی ئەم رێکخراوەیە.

**سەرچاوەکان:**
مالپەڕی DW-WORLD.DEو رادیۆ فەردا

## جینایەتێکی دیکەی رێژیم لە شاری بۆکان

هێزەکانی بە ناو ئینتزامیی رێژیم ئێوارەی رۆژی ٥ شەممە، ٨٥/٣/٢٥، لە بازگەی دیواندەرە ـ سەقز ماشێنی پەیکانی کابرایەك بەناوی عوسمان مەولوودی، خەڵکی بۆکان دەدەنە بەر دەسرێژی گوللە. لە ئاکامی ئەو تەقە کردنەدا یۆسف مەولوودی دەکوژرێ‌و عوسمانی براشی دەگیرێ، بیانووی هێزەکانی رێژیم بۆ ئەو کردەوەیە ئەوە بووە کە ئەو دووبرایە باری قاچاغیان پێ بووەو وەڵامی "وەستان"ی هێزەکانی رێژیمیان نەداوەتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا رێژیم لە دانەوەی تەرمی یۆسف بە بنەماڵەکەی خۆ دەبوێرێ، بەڵام لە ژێر گوشاری لە رادەبەدەری بنەماڵەی مەولوودی بەو مەرجەی بە نهێنی بنێژرێ و سەرەخۆشی بۆ دانەنرێ، تەرمە شێوێندراوەکەی یۆسف دەدەنەوە. بەڵام لە گەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە خەڵکی شاری بۆکان لە نزیك ماڵی عەزیز مەولوودی، باوکی یۆسف کۆدەبنەوەو لە نێو جۆش‌و خرۆشی زیاتر لە هەزار کەسدا تەرمی یۆسف لە گۆرستانی شار بە خاك دەسپێردرێ.

خۆشەویستیی یۆسف لە نێو دڵی خەڵکی بۆکان دا رۆژانە هەزاران کەس دێنێتە مزگەوتی حاجی رەحمان عەبدوڵڵاهی بۆ سەرەخۆشی کردن لە بنەماڵەکەی و لە رۆژی بەخاك سپاردنەکەیشیدا بەشێکی زۆر لە دووکان و بازاڕی نێوشار بە تایبەت لە دەوروبەری فەلەکەی ئەسکەندەری بە نیشانەی ئیعتراز دادەخرێ.

## دەقی وتاری بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لە کۆنگرێسی ئەمریکا

# "کۆماری ئیسلامیی ئێران پێشێلکاری راستەقینەی پێوانە نێونەتەوەیی‌یەکان"

بەڕێزان!

دۆستانی هێژا!

هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ی زایینیدا، مەترسی‌و هەڕەشە بۆ پەرەگرتنی تیرۆریزمی دەوڵەتی، ئاڵۆزی‌و ئاژاوە، لە ئاستی ناوچەکەو جیهاندا، بە خێرایی پەرەی گرت. لەبیرمانە کە ئایەتوڵڵا خومەینی وەکوو نوێنەری خودا لەسەر زەوی، بە هێنانەگۆڕی ستراتیژی ناردنەدەرەوەی شۆرشی ئیسلامی‌و، دروشمە بەناوبانگەکەی کە دەیگوت: "رێگای قودس لە کەربەلاوە تێپەڕ دەبێ" شەرعیەتی تەواوی بەو رێبازە ئیدئۆلۆژییە بەخشی کە ئامانجەکەی لەنێوبردنی دەسەڵاتی کافرەکان - واتە وڵاتانی دێمۆکرات - بەگشتی‌و ئیسرائیل بە تایبەتی بوو، لە ئاکامدا پێکهێنانی ئیمپراتۆرییەتی شیعە، لە ژێر فەرمانڕەوایی مەلاکانی ئێراندا، ئامانج بوو. سیاسەتێك کە ئەمڕۆ لە لایەن سەرۆك کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بانگەشەی بۆ دەکرێ. بەرهەمی ئەم بناخە ئیدئۆلۆژییە کە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکەو، ئاژاوەنانەوەو لەژێرپێنانی یاساورێسا پەسندکراوە نێونەتەوەیی‌یەکان، بە ئەرك‌و وەزیفەی ئایینی خۆی دەزانێ‌و، بە ئاشکرا بەڕێوەی دەبا. سیاسەتێك کە تا ئێستا بەرهەمەکەی رۆژرەشی‌و بێدەرەتانی بۆ خەڵکی وڵاتی ئێمەو ئاژاوەو نائارامی لە ناوچەکەو جیهاندا بووە.


لەسەرەتاوە، رێژیم بە سەرکوتی بێبەزەیی‌یانەی هێزە دێمۆکرات‌و پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵگای ئێران، رووی دزێوی خۆی نیشانی خەڵکی ئێران داو، شۆرشی دیموکراسیخوازانەی گەلانی ئێران، دژی سەرەڕۆیی‌و بێ مافی، بە تەواوی بەلاڕێدا برد. کوشتاری بە کۆمەڵی بەندکراوە سیاسییەکان، بەردباران کردنی ژنان، حیجابی زۆرەملی، دەستێوەردان لە ژیان‌و گوزەرانی مرۆڤەکان‌و دامودەزگای بەربلاوی نادیموکراتیك‌و ناهەڵبژێردراوی، وەکوو ویلایەتی فەقیە، شورای نیگابان، کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندی نیزام، مەجلیسی خوبرەگانی رێبەری‌و .... لایەنی هەرە زاڵی سیاسەتی رەسمی‌و ئاشکرای دەوڵەتی ئێران، لە ماوەی نزیك بە سێ دەیەی رابردوودا بوون، کە دێمۆکراسی‌و دەسەڵاتی خەڵك‌و پاراستنی مافی مرۆڤیان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بە کردەوە، کردۆتە بابەت گەلێکی بێناوەڕۆك. زیندانی‌و قەڵاچۆکردنی رووناکبیرانی پێشکەوتنخوازو پڕکردنی بەندیخانەکان لە رۆژنامەڤانان‌و ئازادبیران، لە دەورانی ٨ ساڵەی سەرۆك کۆماریی خاتەمیدا، نموونەی زیندووی ئەو راستییەن کە نیزامی ئێران داخراو نادێموکراتییەو چاکسازی‌و ریفۆرم تەنها شانۆگەرییەکە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ دنیای دەرەوەو بەفریوبردنی بیروڕای گشتی لە دنیادا بۆ پاراستنی دەزگا ترسناکەکەیان کە سەرەڕای دەوڵەمەندیی وڵات لە باری سروشتی‌و مەعنەوییەوە، ئاکامی بێکاری، فەساد، بڵاوبوونەوەی مەواددی سڕکەرو رۆژرەشی بۆ زۆرینەی خەڵکی ئێرانی لێبکەوێتەوە.

هەمووان لەبیرمانە کە لە سەرەتای هاتنەسەرکاری نیزامی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا، خوێندکارانی پەیڕەوی هێڵی ئیمام، لە رێکەوتی ٣ی نوامبری ١٩٧٩دا بە رێنوێنیی کومیتەکانی شۆرش‌و پشتیوانیی ئایەتوڵڵا خومەینی، بە دوور لە هەموو رێساو پێوانە نێونەتەوەیی‌یەکان، هەڵیان کوتایە سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران‌و، لە ئاکامدا ٦٦ کەس لە کارگێڕان‌و بەڕێوەبەرانی باڵوێزخانەکەیان بۆ ماوەی ٤٤٤ رۆژ بە بارمتە گرت. ئەم حەرەکەتە لە کاتێکدا بەڕێوەچوو، کە دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە رۆژی ٢٨ی رێبەندانی هەمان ساڵدا دەوڵەتی کاتیی تارانی بەڕەسمی ناسی بوو. جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە حیزبی ئێمە ئەوکات لە بەیاننامەی کومیتەی ناوەندیدا ئەم کردارەی خومەینی‌و هاوبیرەکانیی بە توندی مەحکووم کرد...

دەوڵەتی دینیی ئێران، بە پێرەوی‌کردنی ئەم سیاسەتە، بە ئاشکرا دژبەری لەگەڵ رەوتی ئاشتیی فەلەستین - ئیسرائیل دا دەکا. ئەوە کە دەسەڵاتدارانی ئێرانی لە زۆربەی هەرەزۆری کۆبوونەوەکانی رۆژی هەینیدا، کە رۆژێکی پیرۆزە بۆ موسڵمانەکان‌و پشووی رەسمیی لە حەوتوودا، هێرش دەکەنە سەر رۆژئاوا بە گشتی‌و ئیسرائیل بە تایبەتی، بە رێکەوت نیە. بەڵکوو ئامانج ئەوەیە کە باری دینی‌و ئیدئولۆژیکیی بابەتەکان بپارێزن. دەشزانن کە دوایین هەینی هەموو مانگێکی رەمەزان لە لایەن دەوڵەتی دینیی ئێرانەوە بە رۆژی جیهانیی "قودس" ناودێر کراوەو لەم رۆژەدا، ئاخوندەکانی ئێران دژی یەهوودییەکان، لایەنگرانی خۆیان، کە بەخۆشییەوە - رۆژ بە رۆژ لە کەمی دەدەن - دێننە سەر شەقامەکان. ئێستا دەوڵەتی ئێران بە روونی یارمەتیی پێشکەش بە گرووپە تیرۆریستییەکانی وەکوو سوپای مەهدی سەر بە موقتەدا سەدرو جوندولئیسلام لە عێراق دەکا بۆ ئەوەی رەوتی دیموکراتیزەکردنی ئەو وڵاتە پاش نەمانی دەسەڵاتی بەعسی دیکتاتۆر، پەك بخەن. ئاشکرایە لە ئەفغانستان، هەمان سیاسەت رەچاو دەکەن‌و، دۆستایەتیی هەرە نزیکیان، لەگەڵ دەوڵەتی سەرەڕۆی سووریە، پەرەپێدەدەن. چەکوچۆڵ‌و دراو بۆ تیرۆریستان‌و دژبەرانی ئاشتیی فەلەستین - ئیسرائیل بەرێ دەکەن‌و شانازی بە پشتیوانی لێکردنیانەوە دەکەن.

لە ئاستی نێونەتەوەییدا، دەوڵەتی ئێران بە تیرۆرکردنی جودابیرانی ئێرانی، پەرەی بە تیرۆریزمی دەوڵەتی داوە. دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو، سکرتێری گشتیی حدکا، لە ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩ی زایینیدا، لەسەر مێزی دیالۆگ بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی سیاسیی کورد، لە لایەن دیپلۆمات تیرۆریستەکانی ئێرانەوە گیانی لێئەستێندرا. لە رێکەوتی ١٧ی سپتامبری ساڵی ١٩٩٢دا بۆ جاری دووهەم، سکرتێری گشتیی حیزب، دوکتور سادق شەرەفکەندی‌و هاوڕێکانی لە برلین تیرۆرکران، دادگای سەربەخۆی ئاڵمان پاش نزیك بە ٤ ساڵ لێکۆڵینەوەو بەدوادا چوون، بە بەڵگەی حاشا هەڵنەگرەوە سەلماندی، کاربەدەستانی هەرەبەرزی ئێرانی ئەم رەشەکوژییەیان بەڕێوەبردوە. حوکمی تازەی دادگای سویس لەمەڕ تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی، سەبارەت بە تیرۆری دوکتور کازم رەجەوی لە ٢٤ی ئاوریلی ١٩٩٠دا لە سوئیس، بەڵگەی سەلمێنەری ئەم راستییانەن.

ئێستا دەبینین کە دەوڵەتی ئێران بەم روانین‌و ئامانجانەوە، هەوڵی دەست وێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی دەداو، لە ئاست داخوازیی وڵاتانی پێشکەوتوو دێموکراتدا بۆ راگرتنی چالاکییە ناوکییەکانی لاساری دەکا، هەمووشمان بە باشی ئەو راستییە دەزانین کە مەبەستی دەوڵەتی ئێران لە وەدەستهێنانی ئەم چەکە جیا لە پاراستنی دەسەڵاتە ترسناکەکەی، سەپاندنی داخوازییە ناڕەواکانیەتی بەسەر دنیای پێشکەوتووو مۆدێرن‌و دیموکراتدا. ئەحمەدی‌نژاد بە ئاشکرا بانگەشەی سڕینەوەی ئیسرائیل دەکاو کوشتاری نائینسانی یەهوودییەکان لە لایەن هیتلێرەوە بە ئەفسانە ناودێر دەکا، بابەتێك کە جیا لە ئامانجە سیاسی - نیزامی‌و تەبلیغییەکەیەوە، لە باری ئەخلاقییەوە خەمهێنەرە.



**ئەو هەلومەرجە جەهەنمییە کە کۆماری ئیسلامی پێکی هێناوەو، ناڕەزایەتیی بەردەوامی خەڵکی ئێران دژ بە نیزامی ئەمنییەتی ـ نیزامی، ئەحمەدی‌نەژاد، بۆ گەیشتن بە ئازادی‌و دیموکراسی‌و سکولاریزم، پێویستیی پشتیوانی ئێوە لە خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بە گشتی‌و گەلی کورد بە تایبەتی، دەکاتە زەروورەتێکی پێویست**

بەڕێزان!

هەلومەرجی ئێستای زاڵ بە سەر کۆمەڵگای ئێراندا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییە کە پتر لە ٥٠٪ حەشیمەتی ٧٠ میلیۆنی ئێران خەڵکانی تەمەن ژێر ٣٠ ساڵ پێکی دێنن‌و لە نێو ئەوانیشدا پتر لە ٥١٪ ژنانن کە دووقات ستەمیان لێدەکرێ‌و لە ژێر سێبەری نیزامی ئیسلامیدا بە کردەوە شارومەندانی پلە دووهەمن، زۆربەی نزیك بە تەواویان ماف‌و ئازادییە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکانیان لێزەوت کراوەو لەژێر تەوژمی قورسی ئابووریدان‌و، هاوکات سەرکوتی خوێناویی جووڵانەوەی دیموکراسیخوازی نەتەوەکانی ئێرانی‌و، سەرکوتی راپەڕینەکانی کورد، ئازەری، بەلووچ، تورکمەن‌و عەرەبەکان .... لە لایەن کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێرانەوە، خەباتی ئەم نەتەوانەو هێزە دیموکراتەکانیانی بۆ پێکهێنانی ئێرانێکی فیدراڵ‌و دیموکرات یەکگرتوو کردوە، نموونەی زیندووی ئەم راستییە پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، لە ساڵی رابردوو دایە. ئەو نەتەوانەی کە لە ئێراندا زۆرینەی دانیشتووانی وڵات پێك دێنن.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، وەکوو گەورەترین‌و جەماوەریترین هێزی کوردی ئێران، کە خوازیاری چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێران دایە، بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی جوغرافیایی ـ نەتەوەیی لە ئێرانداو پەرەگرتنی هەستی نەتەوەیی لە لای گەلانی غەیرە فارس، سیستمی فیدرالیزە کردنی ئێران لە سەر ئەساسی جوغرافی ـ نەتەوەیی بە باشترین شێوەی ئیدارەکردنی وڵات دەزانێ. سەرکوتی خوێناوی‌و توتالیتاریزمی دینی لە ماوەی ٢٧ ساڵی رابردوودا، لە گەشەکردنی ئەم هەستە نەتەوەیی‌یەداو، هەروەها پەرگرتنی دیموکراسی‌و وەدیهاتنی مافی گەلان لە دنیادا، پاش هەڵوەشاندنەوەی یەکیەتیی سۆڤییەت، دەوری زۆری گێڕاوەو لەسەر گەشەی ناسیونالیزمی نەتەوەکانی ئیرانی شوێنی بەرچاوی داناوە.

حیزبی دیموکرات وا بیردەکاتەوە کە ناکۆکیی نێوان ئوروپاو ئەمریکا لە مەڕ ئێران لە ماوەی رابردوودا بە قازانجی مانەوەی نیزامی توتالیتێری ئێران بووە، هەر بۆیە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی سیاسەتێکی هەماهەنگ‌و یەکگرتوو لە نێوان ئوروپاییەکان لە لایەك‌و ئەمریکا لە لایەکی دیکەوە بەرانبەر بە دەوڵەتی ئێران، لە هەمان حاڵدا پێشکەش کردنی یارمەتی‌و پشتیوانی کردنی هێزە دیموکراتەکانی ئێرانی، دەتوانێ لە هێنانە سەرکاری دەسەڵاتێکی دیموکرات‌و ئاشتیخوازانە لە وڵاتەکەی ئێمەدا گەلێك شوێندانەرو لەهەمان کاتدا نرخەکەی زۆر کەم بێ.

هەموو نیشانەکان دەری دەخەن کە، بوونی دەوڵەتی ئێران‌و ئەو سیاسیاسەتانەی کە پەیڕەوی دەکا، پرۆژەی بەرەوپێشچوونی دیموکراتیزاسیۆنی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، شانسی سەرکەوتنی کەمەو ئەگەریش هەیبێ نرخی ماددی‌و مەعنەویی سەرکەوتنەکەی چەند بەرانبەر دەبێتەوە.

دۆستانی هێژا!

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە ماوەی پتر لە ٦٠ ساڵە، بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا تێدەکۆشێ، وەکوو قوربانیی زیندووی تیرۆریزم، وێڕای مەحکووم کردنی ئەم دیاردە دژی ئینسانییە، هاوکات خۆی لە بەرەی دژی تیرۆردا دەبینێتەوەو بە جیددی پشتیوانی لە رەوتی دیموکراتیزاسیۆنی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکاو ئامادەیە لەم بارەوە بەرپرسانە ئەرکەکانی خۆی بەڕێوەبەرێ‌و شانازی دەکا شانبەشانی وڵاتانی دیموکرات بۆ وەدیهێنانی دیموکراسی‌و کۆمەڵگایەکی مەدەنی‌و کراوە تێبکۆشێ.

ئەو هەلومەرجە جەهەنمییە کە کۆماری ئیسلامی پێکی هێناوەو، ناڕەزایەتیی بەردەوامی خەڵکی ئێران دژ بە نیزامی ئەمنییەتی ـ نیزامی، ئەحمەدی‌نەژاد، بۆ گەیشتن بە ئازادی‌و دیموکراسی‌و سکولاریزم، پێویستیی پشتیوانی ئێوە لە خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بە گشتی‌و گەلی کورد بە تایبەتی، دەکاتە زەروورەتێکی پێویست کە شایانی ئەوەیە بە کردەوە هەنگاوی بۆ بهاوێژێ، چونکە خەڵکی ئێران بە گشتی‌و نەتەوەی کورد لە ئێراندا بە تایبەتی هەوڵەکانی ئێوە بۆ هێنانەسەرکاری دەسەڵاتێکی دیموکراتیك‌و ئاشتیخوازانە لە عێراق‌و ئەفغانستان، پاش نەمانی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان، بەرز دەنرخێنێ‌و بە هیواوە لێی‌دەڕوانێ.

سەرکەوتن هەر بۆ ئێمەیە

هەر بژین

**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، وەکوو گەورەترین‌و جەماوەریترین هێزی کوردی ئێران، کە خوازیاری چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێران دایە، بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی جوغرافیایی ـ نەتەوەیی لە ئێرانداو پەرەگرتنی هەستی نەتەوەیی لە لای گەلانی غەیرە فارس، سیستمی فیدرالیزە کردنی ئێران لە سەر ئەساسی جوغرافی ـ نەتەوەیی بە باشترین شێوەی ئیدارەکردنی وڵات دەزانێ**

**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە ماوەی پتر لە ٦٠ ساڵە، بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا تێدەکۆشێ، وەکوو قوربانیی زیندووی تیرۆریزم، وێڕای مەحکووم کردنی ئەم دیاردە دژی ئینسانییە، هاوکات خۆی لە بەرەی دژی تیرۆردا دەبینێتەوەو بە جیددی پشتیوانی لە رەوتی دیموکراتیزاسیۆنی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکاو ئامادەیە لەم بارەوە بەرپرسانە ئەرکەکانی خۆی بەڕێوەبەرێ‌و شانازی دەکا شانبەشانی وڵاتانی دیموکرات بۆ وەدیهێنانی دیموکراسی‌و کۆمەڵگایەکی مەدەنی‌و کراوە تێبکۆشێ**

## برووخێ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# هەواڵەکانی کوردستان

## چالاکیی تەبلیغاتیی ئەندامان و لایەنگرانی نهێنیی حیزب

مەریوان، سەقز، گوندی ئاساوڵەی سنەو بانە، لەو شارو ناوچانەن کە لە ماوەی دوو حەوتووی رابردوودا کۆمەڵێك چالاکیی بەرچاوی تەبلیغییان تێدا بەڕێوە چووە. شایانی باسە بۆ ئەوەی لە وردەکارییەکانی ئەو چالاکییانە ئاگادار بن، بڕواننە سایتی کوردستان میدیا.

## سەردانی شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ناوەندی یەکی کوردستان

رۆژی سێشەممە، ١٣٨٥/٣/٢٣، شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پارێزگای هەولێر بە سەرپەرستیی بەڕێز کاك تاهیر عەبدوڵڵا، جێگری پارێزگاری هەولێرو هاوڕێیەتیی بەرپرسانی چەندین ئیدارەی حکومەتی سەردانی ناوەندی یەکی کوردستانیان کردو لەلایەن کاك ئەحمەد رەحیمی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبو بەرپرسی ناوەندی یەکی کوردستانو ئەندامانی ناوندەوە پێشوایییان لێکرا.

لەو دیدارە دۆستانەیەدا کۆمەڵێك باسو بابەتی پێوەندیدار بە ناوچە کەوتنە بەر باسو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

## کۆکردنەوەی دەزگا ماهوارەیییەکان هەروا بەردەوامە

بە دوای دەسبەکاربوونی بەرنامە ئەزموونیەکانی کاناڵی ماهوارەیی "تیشك"دا ، ترسو دڵەڕاوکێیەکی لە رادەبەدەر بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران هاتۆتە ئاراوە, لە حاڵێکدا کۆماری ئیسلامی لە هەموو رێگایەك بۆ کۆکردنەوەو زەوت کردنی ماهوارەی هاووڵاتییان کەڵك وەردەگرێ، کەچی خەڵکی ئێران بە گشتیو کوردستان بە تایبەتی، نەك هەر لە بەرامبەر ئەم سیاسەتەی رێژیم کۆڵ نادەن بەڵکوو رق ئەستوورترو سوورتر دەبن لە سەر دەستڕاگەیشتن بەم ئامرازە مۆدێرنە، بۆ وێنە لەم دواییانەدا لە ناوچەی لەیلاخو هەروەها زۆربەی شارەکانی دیکەی کوردستانیش خەڵك خۆشحاڵیی خۆیان بە شاییو هەڵپەڕکێو پیرۆزبایی لە یەکتر، دەربڕیوە. شایانی باسە لە دەرەوەی وڵاتیش ئەندامانو لایەنگرانی حیزب، بەردەوام بە شێوەگەلی جۆراوجۆر خۆشحاڵیی خۆیان دەردەبڕن.

## وتووێژی ئیجلال قەوامی لەگەڵ هەواڵدەری فەڕانسە (AFP): بێدەنگیی قەبرستان بەسەر چاپەمەنیی کوردیدا زاڵە

ئیجلال قەوامی، رۆژنامەنووسی کورد لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵدەری فەڕانسە (AFP)، لەسەر تاوتوێکردنی بارودۆخی چاپەمەنیی کوردی لە ئێران دا گوتی: پاش رووداوەکانی هاوینی ١٣٨٤ی ناوچە کوردنشینەکانی ئێرانو داخستنی حەوتوونامەکانی "پیام مردم"، "ئاشتی"و "ئاسۆ"، ئێستا بێدەنگیی قەبرستان بەسەر چاپەمەنیی کوردیدا زاڵەو ئەو تاكوتەرا بڵاوکراوە کوردییانەش کە ماون ناچار بە خۆسانسۆڕکردن، بوون.

ناوبراو لە وڵام بە ئەم پرسیارەی هەواڵنێری AFP کە: داخۆ بڵاو کراوەیەکی سەربەخۆی کوردی لەم کەشە داخراوەدا بڵاودەکرێتەوە؟ گوتی: لە دۆخی ئێستادا لەنێوان بڵاوکراوە حەوتانەکان دا، حەوتوونامەی "سیروان" ئۆرگانی دەوڵەت لە ناوچەیەو بە شێوەیەك تریبوونی قوڵی بنەڕەتخواز لە کوردستانی ئێران دایەو حەوتوونامەی "رۆژهەڵات"یش سەر بە ریفۆرمخوازانی حکوومەتیو وتەبێژی ئەوانە.

حەوتوونامەی "پیام کردستان"یش بەڕێوەبەرەکەی کەسێکی مەهابادییەو دەفتەرەکەی لەو شارەدایە، تا ئێستا توانیویەتی بەهۆی نەبەستراوەیی بە ناوەندەکانی دەسەڵاتو جووڵانەوە لە چوارچێوەی بنەماکانی رۆژنامەنووسیدا سەرکەوتووانە کاربکاو توانیویەتی باوەڕی توێژێکی زۆر لە نووسەرانو چالاکانی سیاسیی سەربەخۆی کورد بۆ لایخۆی راکێشێ.

ئیجلال قەوامی لە درێژەدا بە رەخنەگرتنی توند لەو کەسانەی کە بە ناوی رۆژنامەنووسەوە لە کوردستان دا کار دەکەن گوتی: هێندێ کەسان چاپەمەنیی کوردییان کردۆتە کەرەسەیەك بۆ تەجارەتو مەعامله لەگەڵ دەسەڵاتو ئەمە زوڵم لە دژی نەتەوەو هەڕاج کردنی شەرافەتیی پیشەییە.

ئەو لە درێژەدا بە ئاماژە کردن بەوەی کە مەیدان بۆ چالاکانی چاپەمەنیی سەربەخۆ تەسك کراوەتەوە گوتی: هەمیشە لە مێژوودا رۆژنامەنووسانی سەربەخۆ لە نێوان ناکۆکییەکانی دەسەڵات دا بوونەتە گۆشتی قوربانیو بە پێچەوانەوە ئەو کەسانەی کە بە دەسەڵات دا هەڵ دەدەنو نان خۆری زێڕو فریوکارین لە سەرەوە دانیشتوونو رێزیان لێ گیراوە! بەڵام بەم دۆخەش بۆ گەیشتن بە دێموکراسیو جێگیرکردنی مافەکانی مرۆڤ دەبێ نرخ بدرێ.

شیاوی باسە لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران دا ئێستا حەوتوونامەکانی "سیروان"، "رۆژهەڵات"، "پیام کردستان"و دوو حەوتوونامەی "هاوار"و مانگنامەی "مەهاباد"و "سروە" بڵاودەکرێنەوە.

## بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزب لە کۆنفڕانسی KNCدا لە ئامریکا

رۆژی پێنجشەممە، ٢٠٠٦/٥/٣٠، کۆنگرەی نەتەوەیی کورد (KNC) لە ئامریکا، بە هاوکاریی کۆنگرەی ناسیۆنالیستەکانی ئێران، رێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤی کوردو ئەنیستیتۆی کورد لە واشینگتۆن، کۆنفڕانسێکی لەژێر ناوی "رێگەیەك بۆ دێموکراسیو مافە سیاسیو مرۆڤانییەکان لە ئێران" بە بەشداریی چەندین کەسایەتیی سیاسیو چالاكو ناسراوی کورد، لە ئامریکادا پێك هێنا.

لە سەرەتای کۆنفڕانسەکەدا دوکتور کەمال ئارتین، بەرپرسی دەفتەری KNC بەرنامەی کارەکانی راگەیاند.

پاشان خاتوو سوورەیا سیراجەدین، جێگری بەرپرسی دەفتەری KNC، کۆنفڕانسەکەی کردەوەو بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد.

لە بەشی خوێندنەوەی وتارەکان دا بەڕێزان کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبو عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، وتاریان خوێندەوە.

دواتر میزگردێك بە بەشداریی ئەم کەسانەی خوارەوە بەڕێوەچوو:

- دوکتور کەمال ئارتین، بەڕێوەبەری پانێلەکەو سەرۆکی دەفتەری KNC
- خاتوو کاترین پورتێر، سەرۆکی ئەنجومەنی مافی مرۆڤ
- دوکتور پەری قەرەداغی، چاوەدێری مافی مرۆڤ
- خاتوو ماندانا زەندکەریمی، سەرۆکی ژنانی یەکگرتوو
- دوکتور رۆئیا تلووعی، سەرۆکی پێشووی رێکخراوی پارێزگاری لە مافی ژنانی کورد لە ئێرانو سەرنووسەری گۆڤاری "راسان" لە سنە

لەلایەن بەشدارانی میزگردەکەوە وەڵامی پرسیارەکان درانەوە.

لە بەشێکی دیکەدا سەمیرا قادری، نامەی شیلانی محەممەدیانی لەسەر رەوشی پەنابەرانی کورد لە تورکیە خوێندەوە.

پاش ئانتراکتێك لە بەشێکی دیکەی کۆنفڕانسەکەدا میزگردێك لەسەر "دەوری کەمینە نەتەوەیییەکان لە پێکهاتەی داهاتووی ئێران دا" بە بە بەشداریی ئەم کەسانەی خوارەوە بەڕێوەچوو:

- دوکتور نەجمەدین کەریم، سەرۆکی ئەنیستیتۆی کورد لە واشینگتۆنو بەڕێوەبەری میزگردەکە
- بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- بەڕێز کاك عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
- بەڕێز ناسر بولادی، سەرۆکی حیزبی خەڵکی بەلووچستان
- عەلیڕەزا نەزمیئەفشار، هەیئەتی دیپلۆماسیی ئازەربایجانی جنووبی.

پاشان بەڕێز ئاندریۆ پۆستۆلۆ، پسپۆڕو نووسەر لە بواری رۆژهەڵاتی ناڤین دا بابەتێکی لەسەر "کەمینەکانو چاکسازی لە نێوخۆی ئێران دا" پێشکەش کرد.

لە کۆتایییدا سەرۆکی کۆنفڕانس بەیاننامەی کۆتایی راگەیاند.

## عەدنان پاچەچی، دەستێوەردانەکانی رێژیمی ئێرانی لەنێوخۆی عێراق، لەقاودا

PNA – دوکتور عەدنان پاچەچی، ئەندامی سەرکردایەتیی لیستی عێراقییە کە ئەیاد عەلاوی، سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکایەتی دەکات، رایگەیاند کە چەك و پیاوانی دەزگای هەواڵگری ئێران بە شێوەیەکی بەرین هاتوونەتە ناو عێراق و نووری مالکی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش نایەوێ ئێران رۆڵێکی بەرچاوی لە عێراقدا هەبێ.

بەپێی هەواڵی ماڵپەڕی "ئیلاف"، پاچەچی ئەوەی راگەیاندوە کە مالکی زۆر گەرموگوڕ نیە لە بەرامبەر داوای هەندێ لایەن سەبارەت بە دروستکردنی فیدڕالیەتی ناوەڕاست و باشووری عێراقو، ئاماژەی بەوەشداوە کە دەستوری عێراق لەسەر بنەمای دابەشکردنی عێراق بونیادنراوە.

پاچەچی هەڕەشەی ئەوەشی کرد کە ئەگەر مالکی بە تەواوی بەرنامەی حکومەتەکەی جێبەجێ نەکات، ئەوە لیستەکەی هەر پێنج وەزیرەکەی لە حکومەت دەکێشێتەوە.

پاچەچی کە سەرۆکی کۆبوونەوەی دێموکراسی خوازیی عێراقیەکانە و پێشتریش وەزیری دەرەوەی عێراق بووە، لە کۆڕێکدا لە شاری لەندەن لە بەرامبەر کۆمەڵێك عێراقیی نیشتەجێی بەریتانیا، رایگەیاند کە عێراق بەدەستێوەردانی وڵاتانی بێگانە، بەتایبەتی ئێرانەوە دەناڵێنێ.

پاچەچی ئەوەی راگەیاندوە کە هەبوونی ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو هەستی پێدەکرێ و هەواڵگری ئێران لە پارێزگاکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق چالاکە و چەکی ئێرانی بۆ ئەو شوێنانە بەرێ دەکرێن و جەختی لەسەر ئەوەش کردۆتەوە کە سوریاش دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەردەدات.

پاچەچی ئەوەشی روونکردۆتەوە کە هەندێ هەوڵ هەیە بۆ ئەوەی ئەو دوو وڵاتە دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق هەڵگرن، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە هەندێ لایەنی ناوخۆ پشتگیری لە دەستێوەردانەکان دەکەن.

پاچەچی لە کۆتاییدا ئەوەشی راگەیاند کە نووری مالکی هەست بە دەستێوەردانەکانی ئێران دەکات و نایهەوێ ئێران رۆڵێکی بەرچاوی لە عێراقدا هەبێ.

## لەلایەن ژنانی ئینتیزامییەوە کۆبوونەوەی ئاشتیخوازانەی ژنان لە تاران بە توندی سەرکوت کرا

دوانیوەڕۆی رۆژی دووشەممە، ١٣٨٥/٣/٢٢، لە کاتێك دا هێشتا کۆبوونەوەی ژنان بۆ دەربڕینی داخوازی لە پێکهێنانی ریفۆرم لە یاساکانی پڕ لە هەڵاواردن بە دژی ژنان، لە مەیدانی ٧ی تیری تاران دا دەستی پێنەکردبوو هێزە ئینتیزامییەکان بە تایبەت مەئموورانی ژن بە باتۆمو گازی فرمێسکرێژو بڵاوکردنەوەی تۆزی بیبار هێرشیان کردە سەر ئەو ژنانەی کە دەیانویست لە کۆبوونەوەکەدا بەشداری بکەن.

سەرکوتو بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە بە رادەیەك گەیشتبوو کە تەنانەت لە بەقژکێش کردنی ژنان بەسەر زەویدا خۆیان نەدەبواردو بەهۆی دڕندەیی رادەی سەرکوتەوە ژمارەیەك لە ژنانو پیاوانی داکۆکیکەری مافی ژنان، بریندار بوون.

هەروەها لە رەوتی هێرشی هێزەکانی رێژیم بۆ سەر کۆبوونەوەی ژنان بە دەیان کەس دەستبەسەرکران کە بە چوار مینیبووسی پۆلیس بۆ شوێنێکی نادیار راگوێزراون.

ناوەکانی بەشێك لە دەستبەسەرکراوەکان بریتین لە: بەهارە هەدایەت، بەرپرسی کومیتەی ژنانی "دفتر تحکیم وحدت" ـ عاتفه یوسفی، دەبیری ئەنجومەنی ئیسلامیی زانکۆی "سەنعەتی شەریف" ـ عەلی روزبەهانی، ئەندامی ئەنجومەنی ئیسلامی زانکۆی "سەنعەتی شەریف" ـ ژیلا بەنییەعقووب، ئەمین قەلعەیی، عەلیئەکبەر مووسەوی، سەمیرا سەدری، مەریەم خۆراسانی، شوهەرە کەشاوەرز، ئەعزەم ئیلهامی، سیامەك تاهیری، مەعسوومە لوقمانی، دلارام ئارامفەر، نووشین ئەحمەدی خۆراسانی، کاوە موزەفەری، لەیلا مۆحسێنینژاد، مستەفا بەیاتو...

نەێرە ئەخەوان، ئەندامی فراکسیۆنی ژنانی پارلمانی حەوتەم لە کاردانەوەیەك دا بەرامبەر بە کۆبوونەوەکە گوتی: "گیروگرفتی مافەوانیو یاسایی ژنان لە بێباوەڕیی کەسەکانەوە سەرچاوە دەگرێو ئەگەر کەسەکان باوەڕێکی پتەویان نەبێو لە ژیان دا خوا لەنێوان خۆیان دا نەبینن، یاساش ناتوانێ کێشەکانیان چارەسەر بکا".

هەروەها عیشرەت شایەق نوێنەرێکی دیکەی پارلمانی حەوتەم لەم پێوەندییەدا گوتی کۆبوونەوەی ژنان لە رۆژی دووشەممەدا لە سەیرانو رابواردنو خۆشیرینکردنەوە سەرچاوەی گرتوە.

**سەرچاوە: رادیۆ فەردا**

## سەردێڕی هەواڵەکانی دیکە

- برینداربوونی کاسبکارێك لە ناوچەی سەردەشت
- سەردەبیری حەوتوونامەی "کەرەفتوو" بانگ کرایە دادگا
- دەستبەسەرکرانی چەند لاو بەهۆی شکاندنی شیشەی بنکەیەکی بەسیج
- کۆنترۆڵو چاوەدێری توندی هێزەکانی رێژیم لە رەوانسەر
- ئاهەنگی شاییو خۆشیی کوردانی دانیشتووی وستروس بە بۆنەی دەسبەکاربوونی تیشك تیڤییەوە
- چاوپێکەوتنی کومیتەی حیزب لەگەڵ وەکیلی ئەندام پارلمانێکی کانادادا
- تێکهەڵچوونی نێوان خەڵكو هێزی ئینتیزامی لە ناوچەی بۆکان
- نواندنی شانۆی "تیتلو بیبل" لەلایەن باخچەی ساوایانی فریشتەی سەقزەوە
- پشتیوانی لە ویستی ژنان بۆ وەلانانی یاسا پڕ لە هەڵاواردنەکانی ئێستا بکەین
- برینداركردنی کۆڵبەرێك لەلایەن هێزە ئینتیزامییەکانەوە
- بوومەلەرزە شاری مەریوانی لەرزاند
- تەرمی ئەندامێکی حیزبێکی سیاسیی کورد لە ساردخانەی بانەدایە
- دووبارە لێکۆڵێنەوە لە ئەندامی بەندکراوی حیزبێکی سیاسیی کورد کرا
- پشتگیری ژنانی کوردی پارێزەری مافی مرۆڤو ئاشتی لە ئامریکا
- بانگەوازی ژمارەیەك لە چالاکانی مافەکانی ژنان بۆ پێکهێنانی کۆبوونەوەی ئێعتیرازی لە تاران دا
- کتێبخانەکانی مەهاباد شوێنی پێویستیان بۆ موتالاکردنی خوێندکاران قوتابییان نیە
- بازاڕی سیگارفرۆشانی مەریوان ئاگری تێبەر بوو
- دەرکردنی ٤٠ کرێکاری شارەداریی مەهاباد لەسەر کار
- پێش بە بەڕێوەچوونی ئێوارە شێعرێك لە سەقز لە شارەدێی ساحێب گیرا
- گیان لەدەست دانی هاووڵاتییەك بەهۆی تەزریقی ماددەی هۆشبەرەوە
- نوێنەری ئامریکا لە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمیدا: تەنیا کوبا، وێنێزوئێلاو سووریە پشتیوانییان لە بەرنامە ئەتۆمییەکانی ئێران کرد.
- جۆرج بووش لە سەردانێکی لەناکاودا گەیشتە عێراق
- شاییو خۆشیی لاوانی مەریوان بە بۆنەی سەرکەوتنی تیمی خورشیدی زرێوارەوە
- خۆپیشاندانێك لە دژی ئەحمەدینژاد لە شاری نورنبێرگی ئاڵمان دا بەڕێوەچوو
- خۆپیشاندانی کۆمەڵێك لە ئێرانییەکان لە شاری کۆڵنی ئاڵمان

**بۆ خوێندنەوەی نێوئاخنی هەواڵەکانی سەرەوە بڕواننە ماڵپەڕی "کوردستان میدیا"**

# وتاری سکرتێری گشتیی حیزب، بەڕێز مستەفا هیجری، لە سەنای ئامریکا

بەڕێزان!

ئەگەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧(١٩٧٩) کاربەدەستانی سەفارەتی ئەمریکا ماوەی ..(٤٤٤) رۆژ بە دوور لە هەموو عورفێکی نێونەتەوەیی بارمتەی دەستی ئەو ڕێژیمەبوون ئێستا ئەوە زیاتر لە ٢٧ساڵە زۆربەی زۆری خەڵکی ئێران بارمتەی دەستی ئەو رێژیمەن.

لەو نێوەدا، ژنان، رۆژنامەنووسانو ئازادیخوازان بە گشتی و گەلانی بندەستی ئێرانی بە تایبەتی لە نێو ئەو بارمتانەدا لە ژێر زەختو زەبروزەنگیی زیاتردا بوون، هۆیەکانی زۆرو ڕوونی ئەو زەبرو زەنگەش دەگەڕێتەوە بۆ بناخەی بۆچوونو ئیدئۆلۆژیی ئیسلامی ویلایەتی موتلەقەی فەقیه کە تایبەتە بە رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران. لە یاساکانی ئیسلامی ویلایەتی فەقیه دا لە ئیسلامدا ژن وەك مرۆڤێکی دەرەجە دوو دەناسرێ، باس لە ئازادیو دێمۆکراسی لە خانەی دەستێوەردان لە ئەحکامی ئیلاهی دەژمێردرێو سزای قوورسیان هەیەو، باس لە مافە سیاسییەکانی نەتەوایەتیش لە راستای دابەشکردن و لە ئاکامدا لاوازکردنی ئیسلام وەك یەکەیەك دەژمێردرێ، بۆیە داخوازی مافی نەتەوایەتیش مۆرکی جوداییخوازی لە ئێرانو،لە ئاکامدا پیلانی ئەمریکا، ئیسرائیلو... بۆ لاوازکردنی لێ دەردەهاوێو بە شێوەیەکی وەحشییانە سەرکوت دەکرێ.

تا ئێستا بە هەزاران کەس لە تێکۆشەرانی مافخوازی کورد،عەرەب، بەلووچ، تورك، تورکمەن بەو تاوانانە لە ماڵو زێدی خۆیان دوور خراونەتەوە، داراییان دەستی بە سەردا گیراوە، لە زیندان کراون و تەنانەت ئیعدام کراون.لەو راستایەداو لە بەڕێوبردنی ئەو سیاسەتەدا کوردەکان وەك نموونە دێنینەوە.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کە بەڕیوەبەری جووڵانەوەی دێمۆکراسیخوازیی کوردەکانە، تا ئێستا دوو سکرتێری گشتیی حیزبەکەی، لە ڤیەن لە ساڵی ١٣٦٨(١٩٨٩) لە کاتی موزاکەرە لە گەڵ دیپلۆماتەکانی کۆماری ئیسلامیو، لە ساڵی ١٣٧١(١٩٩٢) لە بەرلین بە دەستی عەوامیلی رێژیم تیرۆر کراون. داداگایەك کە دوا ی قەتلی بەرلین بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر ئەو تاوانە پێك هات کۆماری ئیسلامی لە ئاستی هەرە سەروەی دەسەڵاتدا بە تاونبار زانی و بێجگە لەوە بە سەدان تێکۆشەn ئەو حیزبە و باقی رێکخراوە سیاسییەکانی کورد لە ئێرانو دەروەی ئێران بە پیلانی رێژیم تیرۆر کراون.

کوشتنی زیاتر لە ١٠ کەسو بریندار کردنی دەیانی دیکە لە رێپێوانەکانی ساڵی پاری کوردستاندا زۆرجار لە ئێراندا،هاتۆتە پێشو زۆر نمونەی دیکەی لەم شێوە رەفتارانە لە گەڵ خەڵك رۆژانە لە وڵاتی ئێمەدا روو دەدەن.

ئەوانە هەموو سەرەڕای ژیانی پڕ لە بێبەشی، بێکاریو ئێعتیاد بەربڵاوە کە رۆژ بە رۆژ لە حاڵی پەرەگرتنی زیاتر دایە و بێهیوایی، نەخۆشیگەلی جۆراوجۆر رۆحی کە بە تایبەت لە نێو لاوەکان دایە.

ئەوە زۆر بە کورتی وەزعی گشتیی خەڵکی ئێرانە. هەمووی ئەو وەزعە نالەبارە بە هۆی تاقمێکی زۆر بچووك کە خۆیان سەپاندوەو هەموو لووتکەکانی دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرتووە پێك هاتوو، یانێ وەك باسمان کرد هەموو خەڵکی ئێران و داهاتو سامانە گشتییەکانی بارمتەی دەستی ئەو تاقمەن.

لە باری نێونەتەوەییەوە وەزعەکە بۆ ئێوە بەڕێزان زۆر روونترە:

دەستتێوەردان لە کاروباری نێو خۆی وڵاتان، یارمەتیدان بە ڕەوتی توندوتیژی لە فەلەستین و باقیی وڵاتانی دراوسێ و بە تایبەت لە چەند ساڵی ئەم دوایەدا لە عێراق سیاسەتی ئاشکرای رێژیم پێك دێنێ.پشتیوانی بێئەم لاو ئەو لا لە تیرۆریزم و لە نیهایەتدا کێشەی وزەی ئەتۆمیی ئەو وڵاتە، ئاشتیی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستی شێواندووە و رۆژبە رۆژ مەترسییەکانی بۆ رادەی نێونەتەوەیی روونتر دەردەکەوێ، لەو پێوەندیەدا ئاخاوتنی رۆژی سێ شەممە ١١ی ئاوریل مەحموودی ئەحمەدی نەژاد، سەرۆك کۆمار دنیای لەو خەبەرە ئاگادار کردەوە کە توانیویانە یورانیۆم غەنی بکەن و ئێمە گومانمان نیە کە ئامانجی نەهایی رێژیم لە پرۆژە ئەتۆمییەکەیدا دەست راگەیشتن بە



چەکی ناوکییە.

ئەوەی بە کورتی باسمان کرد سیاسەتی بێ ئەم لاوئەولای کۆماری ئیسلامی بووە و هەروەهاش درێژەی دەبێ، بەڵام لە هەر مەرحەلەیەکدا بە شێوەیەك ، بەرێوە دەبا و دەیباتە پێش کە بۆ خۆی کەم خەەرجتر و هاسان تر بێ. بەو مانایە کە ئێران لە سەر گەیشتن بە ستراتژی خۆی سوورە و بە هیچ جۆرە، پاشەکشەی لێ ناکا، ئەوەی جێگای باسە تاکتیکەکانی رێژیمن. ئەگەر لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی ئەو ڕێژیمەوە تا ئێستا لێکدانەوەیەکی وردمان لە سەر کردەوەو سیاسەتەکانی رێژیم لە نێوخوو و دەرەوە هەبێ، ئەو راستییەمان بە باشی بۆ روون دەبێتەوە دەورانی سەرەتای هاتنە سەرکاری رێژیم، شەڕی ٨ساڵەی ئێرانو عێراق، هێنانەکایەی تاقمێك بە ناو رێفۆرمیست، نمایشەکانی هەڵبژاردن بە ناوی پارلمانو سەرۆك کۆماری و سەرئەنجام دیاریی کردنی ئەحمەدی نەژاد بە سەرۆك کۆمارو کابینەی نیزامیو ئەمنیەتییەکەی و... هەموو مەرحەلە تاکتیکییەکانی ئەو رێژیمەن.

گرفتی سەرەکیی دنیا و بەشێك لە خەڵکی ئێران ـ ئێستا ئەو بەشە زۆر کەم بۆتەوە ـ لەوەدایە تا ئێستا ئەو رێژیمەیان نەناسیوە. گرنگترین هۆی ئەو نەناسینەش درۆکردنی ئەو رێژیمەیە وەك سیاسەتێکی عام دەرەوەو ژوورەوە بە مەبەستی فریودانی خەڵك بووە. درۆکردن بۆ سەرانی ئەو رێژیمە نەك هەر ئیراد نیە، بەڵکوو لە باری ئایینیەوە پێویستە. بۆ راستیی ئەو وتەیە هەر ئەوەندە بەسە کە بۆ ماوەی حەوتوویەك لە سەر بابەتێکی گرینگ ـ وەك پرۆژەی ناوکی ـ گوێ بۆ قسەکانی سەرانی رێژیم رابگرن. ئاشکرا دەبینین کە هەرکام شتێك دەڵێ کە لە گەڵ ئەوەی دیکە ناتەبایە، ئەوەش هیچی لە خۆڕاو بۆچوونی تاکەکەش نیە. بەڵکوو سیاسەتێکی دیاریکراوی لە لایەن دەسەڵاتدارییەتی بەرزی وڵات، ولایەت فەقیه، بە مەبەستی چەواشە کردنی جیهانە.

بەڕێزان!

ئەوە واقیعییەتی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، واقیعیەتێکی تاڵ بەڵام مەوجوود کە بە هۆی هەڵەی ئێمەی خەڵکی ئێران لە سەرەتاوە بە پشتیوانیی ئورووپاییەکانەوە و تەنانەت یارمەتیی ئەو رێژیمە بە مەبەستی بە دەستهێنانی دەسکەوتی بازرگانی لە لایەن ئورووپاییەکانەوە گەیشتۆتە ئێرە.

ئێستا دنیا لە پێوەندی لە گەڵ ئەو غوولەدا دوو رێگای لەبەرە:

رێگای یەکەم موداراکردن لە گەڵ رێژیم هەر بەوشێوەیە تاکووئێستاکراوە، ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە کۆماری ئیسلامییەکی خاوەن چەکی ئەتۆمی خۆرهەڵاتێکی شێواو و پڕ ئاژاوەتر لە ئێستا و وەزعێکی خراپتر بۆ مافی مرۆڤ لە ئێران و بەهێز بوونی هەرچی زیاتری خواستی جیایی نەتەوەکانی ئێرانی لێ دەکەوێتەوە. بێجگە لەوە ئەم حاڵەتە بە مانایی تەسلیمبوونی بێ ئەم لاو ئەو لای دنیایە لە بەرامبەر تیرۆریزمدا.

رێگای دووهەم لابردنی کۆماری ئیسلامی بۆ یەکجاریو رزگاربوون لە دەست ئەو رێژیمە، کە ئاکامەکەی دەبێتە یارمەتیدان بە رەوتی دێمۆکراسی و پشتگیریی تەواوی مافی مرۆڤ لە ئێراندا.

لە ناوچوونی بە هێزترین پشتیوانی تیرۆریزم لە جیهانو بە تایبەتی لە ناوچەکەداو، چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستینو ئیسرائیل و سەقامگیری لە عێراقدا و باقیی شوێنەکانی ناوچە.

بۆ گەیشتن بەو مەبەستە لە پێشدا پێویستە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە تایبەت رۆژئاوا یەکدەست و یەکگرتوو بێ. چوونکە رێژیم زیاترین کەڵکی لە جیاوازیی بۆچوون لە نێوان ئەمریکاو ئورووپا وەرگرتوە، یارمەتیدەری هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی دێمۆکراتی ئێران لە نێو خۆو دەرەوەی ئێران بێ. لەو پێوەندییە پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە یارمەتیدانی نەتەوەکانی ئێرانی و یەك لەوان کوردە کە بۆ بە دەستهێنانی مافی ئۆتۆنۆمیی خۆیان لە ئێرانێکی یەکگرتووی دێمۆکراتی فیدراڵی داهاتوودا، دەتوانێ گەورەترین حەرەکەتی دژی رێژیم بە دەستی ئەوان فەراهەم بێنێ.

نابێ لە بیرمان بچێ کە باشترین شێوەی دەسەڵاتداری لە ئێرانی پاش کۆماری ئیسلامیدا دابەش کردنی دەسەڵات لە نێوان نەتەوەکانی ئێرانی لە شێوەی فیدراڵیزمێك دابین دەبێ کە لە سەر بناخەی جوغرافی ـ نەتەوەیی بنیاد نرابێ. گەلی کورد و هەموو گەلانی دیکەی بندەستی ئێرانیش بۆ رزگار بوون لە چەوسانەوەو جیاوازیدانان لە شێوەی حکوومەتێکی ئەوتۆ پشتیوانی تەواو دەکەن.

بە کورتی بەرەوپێش بردنی رەوتی دێموکراتیزاسیۆن لە ناوچەکەداو رزگاریی جیهان لە مەترسییەکانی تیرۆریزم و دواکەوتوویی پێویستی بە یەکگرتووی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە گەڵ نەتەوەکانی ئێران هەیە.

ئێمە حیزبی دێمۆکراتیکوردستانی ئێران، بەرێوەبەری جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا خۆمان لەو بەرەیەدا دەبینینەوەو ئامادەین بۆ بەرێوەبردنی ئەرکی سەرشانمان لەوپێناوەدا.

**بەرەو پێش بردنی رەوتی دێموکراتیزاسیۆن لە ناوچەکەدا و رزگاریی جیهان لە مەترسییەکانی تیرۆریزم و دواکەوتوویی پێویستی بە یەکگرتووی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە گەڵ نەتەوەکانی ئێران هەیە.**

# خۆکوژی بۆ چی؟

**مەستوورە**

دیاردە، یان باشتر وایە بڵێین: کارەساتی خۆکوژی، رۆژ لەگەڵ رۆژ، لەگەڵ پەرەئستانی کەمتر خەمییە هەمەلایەنەکانی کۆماری ئیسلامی، لە ئێران بە گشتیو لە کوردستان بە تایبەتی رێژەیان دەچێتە سەرێ. دیارە سەبارەت بە دیاردەی خۆکوژی، هۆکارگەلێکی زۆر باس کراونو زۆربەی لایەنەکانیشی لێك دراونەتەوە، بەڵام ئەوشتەی لێرەدا سەرنجراکێشە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران وەك یەکێك لەو وڵاتانەی زیاترین خودسوزی رێژەی خۆکوژیی تێدایە هیچ چەشنە هەنگاوێکی فەرمیی ئەوتۆی بۆ بەربەرەکانێ لە گەڵ ئەم کارەساتو دیاردە دڵتەزێنە نەهاوێشتوە. کاتێك چاومان بە ناو و





رەگەزییەتی ئەو کەسانەی دەکەوێ کە خۆکوژییان کردوە، بۆمان دەردەکەوێ کە زیاترین رێژەی خۆکوژی لە ئێران دا لە نێو ژنان دایە. هەموومان بە باشی دەزانین رەوشی ژنان لە ئێراندا چۆنەو کێشەکانیان بۆ چی یان چ شتگەلێك دەگەڕێتەوە؟! بۆیە پێویست بە دووپاتکردنەوەو باس کردنەوە ناکا.

بە داخەوە لەم دواییانەدا " شەوبۆ، خەڵکی گوندی "مەزید"ی پاوە ـ فەرانەك.، خەڵکی گوندی "چاپان"ی سەقز ـ گوڵسەر.م، ١٥ ساڵان خەڵکی دێی "تەنگیسەر" سەر بە ناوچەی ژاوەرۆ ـ کوێستان، ٢٢ ساڵان، لە ئاوایی "هەجنە" سەر بە شاری سەوڵاوا، لەو کەسانە بوون کە خۆکوژییان کردوە، کەواتە بە پێی ئەو شتانەی باسمان کرد لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ: خۆکوژی بۆ چی؟ بە بڕوای من بە دوای وەلام کەیدا نەگەڕێینو بێین بە جێگای خۆکوژی یان سڕینەوەی جەستەی خۆمان، جەستەی کۆماری ئیسلامی لە سەر گۆی زەوی بسڕینەوەو، ئەو کات ئەم پرسیارەو زۆر پرسیاری دیکە بۆ خۆیان وەلام دەدرێنەوە.

# جووڵانەوەی ژنانو ئەرکەکانی داهاتووی

جمیل کولاهی

دوانیـوەڕۆی رۆژی دووشـەمە ٢٢ی جـۆزەردان، دەسـتەیەك لـە ژنـانی مافخواز لە مەیـدانی ٧ی تـیری تـاران کۆبوونـەوەو خۆپیشـاندانێکیان وەڕێ خست. لەو خۆپیشـاندانەدا کـە لەگـەڵ سەرکوت بـەرەوڕوو بـوو، چـەند پارچـە سـروودێکی فێمینیسـتی لـە لایـەن ژنانـەوە خوێندرانـەوەو چـەند داخوازییـەکی ژنـانیش خرانـە ڕوو بـۆ وێنە:

***- کۆتایی هێنان بـە یاسـاگەلێکی ئیسلامی کە دژی ژنانن.***
***- نەهێشتنی دیاردەی چەند ژنیـی، لە ڕێگای داڕشتنی قانوونە.***
***- مـافی بەرابـەرو یەکسـانی ژنو پیاو لە بوارگـەلێ وەك تـەڵاق، سـەر پەرشتی منداڵو ...***

ئـەم جوڵانەوەیـەش هـەروەك جووڵانـەکانی خوێنـدکارن، کرێکـارانو جووڵانەوە گەلی نەتەوەییو... لە لایەن دەزگـا، سـەرکوتکەرەکانی رێژیمـەوە سەرکوت کرا، کە ئەمـە دەرخـەری ئـەو راستییەیە کە گۆڕینی سیسـتمی فیکـری زاڵ بـە سـەر ئێرانـدا بـە تـەنیا تویـژێك نـاکرێ، بـەڵکوو دەبـێ هـەموو چـینو توێـژەکانی کۆمـەڵگای ئێـران تێگـڕا هاودەنگ بۆ گۆڕینی ئەو سیسـتمە بێنـە مەیدانەوە.

بە گـوێرەی هەواڵـەکان لـە ئاکـامی هێرشی هێـزی سـەرکوتکەری رێـژیم بـۆ سـەرئەو خۆپیشـاندانە، دەیـان کـەس دەسـتگیر کـراون کـە نێـوی چـەند کەسێکیان بریتییە لـە: عـەلی ئەکبـەری مووسەوی، نوێنەری پێشـووی پارلـەمان، عاتفـە یووسـفی، خوێنـدکار، ژیـلا بەنی‌یـەعقووبیو بەهمـەن مووسـەوی. رۆژنامە نووس، لـەیلا موحسـێنی نـژاد، وەحیـد جـەلیلی لـە تێکۆشـەرانی سیاسیو...

**گۆڕینی فەرهەنگی کۆمەڵگاو ئەو پێوەرو بایەخانەی کە بۆ ژن دای ناون، کارێکی هێندە ئاسان نیە، بۆیە دەبێ هەوڵێکی بێوچانی بۆ بدرێ، لەم بوارەدا دەبێ لە نێو بنەماڵەدا شێوەی پەروەردە بگۆڕدرێو پاشان دەبێ دەزگاکانی راگەیاندنی گشتیو سیستمی پەروەردەو فێرکردنیش بەشدار بن.**

بـۆ تـاوتوێکردنی پـتری جووڵانـەوەی ژنـان لـە ئێـران دەبـێ بـزانین کـە ئـەو جووڵانەوەیە چەند قۆنـاخی تێپەڕانـدوە؟ تایبەتمەندییـەکانی لـەو قۆناخانـەدا چ بوون؟ دەبێ لـە بـاری سیاسـییەوە چـۆن هەڵسـووکەوت بکـا؟ چ ئائامانجگـەلێك بگرێتە پـێش؟ و ئەرکـەکانی داهـاتووی چـین؟ بـۆ گەیشـتن بـە وەڵامـی ئـەم پرسیارانە لە درێژەی باسەکەدا بـەکورتی تیشك دەخەمە سـەر رابـردووو ئێسـتای خەباتی ژنان لە ئێراندا.

ژنـان بـۆ دەسـتەبەر کردنـی مافەکانیان، بۆ ماوەیەکی دوورو درێـژە کە لە ئێراندا خـەبات دەکـەن. هێنـدێك لایـەن مێـژووی ئـەم جووڵانەوەیـە دەگەڕێننەوە بـۆ سـەردەمی قاجارەکـانو دەڵێن کە ژنان هەر لـەو کاتـەوە بـۆ بـە دەسـتهێنانی مافـەکانیان تێکۆشـاون. بەڵام پرسیارئەوەیە کە لـەو مـاوە دوورو درێژە لە بەر چ هۆکـار گـەلێك ژنـان بـە مافەکانیان نەگەیشتوون؟ بۆ گەیشـتن بـە وەڵامی ئەم پرسیارە جووڵانەوەی ژنان بـە دوو قۆناخ دابەش دەکەین:

١ـ قۆناخی پێش لە شۆڕشی ١٣٥٧
٢ـ قۆناخی دوای شۆڕشی ١٣٥٧

لـە سـەردەمی رێـژیمی پەهلەویـدا (قۆنـاخی یەکـەم)، دەتـوانین بڵـێین جووڵانـەوەی ژنـان، جووڵانەوەیـەکی دەوڵەتی بووەو لـە روانگـەی دەوڵەتـەوە سەیری کێشەکانی ژنان کراوە ، بۆیە بـە هۆی ئەوەوە کە کۆمـەڵگای ئـەو کـاتی ئێـران کۆمەڵگایـەکی سـوننەتی بـووەو رادەی خوێندەواری بـە تایبـەت لـە نێـو ژناندا لە خوارێ بووە، جووڵانەوەی ژنان کە تاڕادەیەکی هـەرە زۆر بەسـتراوە بـە دەوڵەتـەوە بـووەو ویسـتوویە کـە لـە چەشـنی جووڵانـەوە رۆژئاواییـیـەکان بجوولێتـەوەو ئـەو شـتانەی کـە لـە رۆژئـاوادان، دەقـاودەق لـە کۆمـەڵگای ئێرانـدا جێگیریـان بکـا، بۆیـە لەگـەڵ دژکردەوەی کۆمـەڵگای سـوننەتی ئێـران بـەرەو روو دەبێتـەوەو ناتوانـێ ببێتـە نوێنـەری راسـتەقینەی ژنـانی ئێـرانو دەردو ئـازارو مەینەتییـەکانی ژنـانی ئێـران بـە گوێیکۆمـەڵگای جیهـانی بگەیەنێ.

بـە دوای شۆڕشـی ١٣٥٧دا، کـە رێژیمی کۆماری ئیسلامی هاتە سـەرکار، جووڵانـەوەی ژنـان کەوتـە قۆنـاخێکی سەختو دژوارەوە، چونکە رێژیم لە سـەر بنـەمای ئیـدئۆلۆژیی ئیسـلامی دامەزرابوو و بە پێی یاسـاکانی ئیسـلام ژن بە تەواوی دەکەوێتە ژێـر دەسـەڵاتی پیـاوو هـیچ چەشـنەمافی دەنـگ هەڵبڕینێکی لە بەرامبـەر پیـاودا نییـە. یاساکانی ئیسلام، یاسـاگەلێکی نـەگۆڕو چەق بەستوونو هەر چەشـنە هەوڵـدانێك بـۆ گۆڕینیـان بـە لادان لـە ئیسـلام دادەنرێو سزای توندی بە دواوەیە. بۆیـە دەنگـی مافخوازانـەی ژنـان هـەر لـە سـەرەتای هاتنـە سـەرکاری رێـژیمی کۆمـاری ئیسـلامییەوە بـە تونـدی سەرکوت کراون.

بـە سـەرنجدان بـەم دوو قۆناخـە جووڵانـەوەی ژنـان، ئـەو جووڵانەوەیـەی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کـە دەبـێ لـە بـاری سیاسـییەوە سـەر بـەخۆ بـێ. مەنسوورە شوجاعی، تێکۆشـەری مـافی ژنـان لـەم بارەیـەوە لـە گـەڵ سـایتی B.B.C وتوێـژی کـردوەو دەڵـێ" دەوڵەتی بوونی جووڵانەوەی ژنـان بەرلـە شۆڕش ١٣٥٧ بووبـە هـۆی تێکچـوونی ئەو جووڵانەوەیەو لـە بڕگـە گەلێکیشـدا بە تەواوی کاریگەریی خـۆی لـە دەسـت دا".هەروەها پەرەستوو دوو کووهی هەر لەم ماڵپەڕەدا دەڵێ:"کارگەلێك کـە لـە بواری ژناندا دەکرێ کارگەلێکی غـەیری دەوڵەتییە".

ئەم هـەنگاوە کـە ئـەم جووڵانەوەیـە هـەڵی هێناوەتـەوە، یانـێ پاراسـتنی سـەربەخۆیی سیاسـی، بەشـێکە لـە شوناسی هەر جولانەوەیەك، بۆیە ئەگـەر جووڵانەوەی ژنان بیەوێ بە ئامانجـەکانی خـۆی بگـا دەبـێ ئـەو سـەر بەخۆیـیـە سیاسییەی بپارێزێ. چوونکە تـەنیا لـە هـەبوونی سـەربەخۆیی سیاسـییە کـە جووڵانەوەی ژنـان دەتوانـێ خوێندنـەوەو روانگەی جیای لە حکوومـەتی لـە مـەڕ کێشەی ژنان هـەبێ. بێجگـە لـە بـورای سـەربەخۆیی سیاسـی، ناسـینی پێداویستیەکانی ژنانی ئێرانیو داخـوازی ژنانی ئێرانی لـە سـەرەکیترین شـتەکانن کـە دەبـێ جووڵانـەوەی ژنـان بیانکاتـە ئامانجی خـۆی تـاوەکوو جووڵانەوەیـەکی ئامانجـداری لێ بـێ، چـوونکە جووڵانەوەیەك کە خاوەنی ئامـانجی روون بێ، بە بێوچان و بێپسانەوە بۆ گەیشـتن بـە ئامانجـەکانی تێدەکۆشـێو لـەو پێناویدا حازر بـە دانـی هـەر چەشـنە نرخێکە. جووڵانـەوەی ژنـان ئـەمڕۆ دوو ئەرکی سەرەکی لە سەر شانە:

١ـ خەبات بـۆ گـۆڕینی فەرهـەنگی کۆمەڵگای ئێران لە مەڕ مافی ژنان
٢ـ خەبات بۆ گـۆڕینی قانوونگـەلی دژی ژنان لە قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا.

گۆڕینی فەرهەنگی کۆمـەڵگاو ئـەو پێوەرو بایەخانەی کە بـۆ ژن دای نـاون، کارێکی هێندە ئاسان نیـە، بۆیـە دەبـێ هـەولێکی بێوچـانی بـۆ بـدرێ، لـەم بوارەدا دەبێ لە نێو بنەماڵـەدا شـێوەی پـەروەردە بگـۆڕدرێو پاشـان دەبـێ دەزگاکـانی راگەیانـدنی گشـتیو سیستمی پەروەردەو فێرکردنیش بەشدار بن. کاتێك روانگەی کۆمەڵگا بەرامبـەر بـە ژن گـۆڕدرا، پێـوەری ژنـی کابـان گۆڕدراو بوو بە پێوەری ژنی خـەباتکارو داهێنەر ئەوکات بە ئاسـانی یاسـاگەلێ حکوومـەتیش دەگـۆڕدرێن. چـوونکە قـانوونی مـودێڕنو نـوێ لـە کۆمەڵگایـەکی دواکـەوتووو سـوننەتیدا نەتـەنیا جێبـەجێ نابـێ، بـەڵکوو دژایەتیشی دەکەن.

**کاتێك روانگەی کۆمەڵگا بەرامبەر بە ژن گۆڕدرا، پێوەری ژنی کابان گۆڕدراو بوو بە پێوەری ژنی خەباتکارو داهێنەر ئەوکات بە ئاسانی یاساگەڵێ حکوومەتیش دەگۆڕدرێن. چوونکە قانوونی مودێڕنو نوێ لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووو سوننەتیدا نەتەنیا جێبەجێ نابێ، بەڵکوو دژایەتیشی دەکەن.**




# پیلانگێڕیی رێژیم لە شاری نەغەدە

سەلاح مورادی

لـەم سـاڵانەی دواییـدا کێشـەی نەتەوایەتی لە ئێران، و هاتنـە مەیـدانی نەتەوەکان بۆ دەربڕینی داخوازییەکانیانو بە دەسهێنانی مافە پێشـێلکراوەکانیان، قۆنـاخێکی نـوێی دەسـت پـێکردوە کـە دەتـوانین بـە قۆنـاخی" هاوپێوەنـدیو هاوخـەباتی چـالاکانەی نەتـەوەکان" لـە دژی رێژیمی ئاخوندیی نـاودێری بکـەین. ئەگەر پێشتر، زۆرتر کوردەکان بـوون کـە مـافی نەتـەوەیی خۆیـان دەویسـتو مەیدانی خەباتیان دژی رێژیم گەرموگوڕ ڕاگرتبـوو، ئێسـتا هاتنـە مەیـدانی نەتەوەکانی عـەرەب، بـەلووچو تـوورك، مەیـدانی خـەباتی بـەرینترو گـەرمو بـە تینتر کردوە.

ئێسـتا حیـزبو رێکخراوەکـانی نەتـەوەکانی ئێـران بـە دامـەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، بـە شێوەیەکی یـەکگرتووو هـاو هەڵوێسـت خوازیـاری دەسـتەبەر بـوونی مـافی نەتـەوەکان لـە ئێرانێکـی فیـدراڵو دێموکرات دان. ئێستا نەتەوەکانی ئێـران بـە تایبـەت لـەو شـوێنانەی کـە تێکەڵاوییان لەگەڵ یەکتردا هەیە لە خۆپیشاندانو راپەڕینـەکانی یـەکتردا بـە شـداری دەکـەنو شانبەشـانی یـەکتر بـۆ دژایەتی لەگەڵ سووکایەتی کردن پێیان و لە ژێر پێنانی مافەکانیان خەبات دەکەن.

قۆنـاخی ئێسـتاو لێـك نـزیکتر بوونەوەی نەتەوە ژێر دەستەکانی ئێرانو یەکگرتوویيو یەك خەباتی ئـەوان رێـژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی ناچارکردوە کـە هەوڵـەکانی خـۆی بـۆ تێکـدانی هاوپێوەنـدی ئـەوان بخاتەگـەڕ. بـۆ وێنـە دەبینین کە بـۆ سـەرکوتی خۆپیشـاندانی نەتـەوەکانی هـەر ناوچـەیەك لـە بەکرێگیراوانی خۆیان کە سەر بە نەتـەوەی ناوچەکانی دیکەن، کەڵك وەردەگرن.

هەوڵـەکانی رێـژیم لـە نەغـەدە بـۆ بەگژیەکدادانی دوو نەتـەوەی ژێـر دەسـتی کوردو تورك، دەبێ هـەر لـەو روانگەیـەی سەرەوە تاوتوێ بکرێو لێك بدرێتەوە.

لە رەوتی راپەڕینی هاوولاتییانی تورك دژی سووکایەتیی پێکردنی چەندین دەیەی رێـژیمی کۆمـای ئیسـلامی بـە زمـانو کولتووری تورك بـە گشـتیو شـوبهاندنی زمانی تورکی بە زمـانی "سووسـك" لـە کاریکاتۆرێـك لـە رۆژنامـەی "ایـران" (ئێـران) دا بـە تایبـەتی، کوردەکـان بـۆ نیشاندانی پشتیوانی خۆیـانو مـەحکووم کردنی ئەو کردەوەیە شانبەشانی تورکەکان چـوونە مەیـدانو وەك ئـەوان برینـدارو دەستبەسەرکران.

ئەم یەکگرتنو هاوخەباتییـەی کـوردو تـورك کۆمـاری ئیسـلامی تۆقانـدو کاریگـەریی سیاسـەتە دووبـەرەکی خوڵقێنەکانی خستە ژێر پرسیارەوە. بەڵام رێژیمی کۆماری ئیسلامیی کە مانـەوەی خـۆی لـە ئـاژاوەگێڕیو دووبـەرەکی پێکهێنـان لـە نێـو نەتـەوەکانی ئێـران دا دەبینێتەوە، هەوڵیدا لانی کەم لە نەغەدە لـە ناکاریگـەری ئـەم سیاسـەتە کـەم بکاتەوە. چونکە هەر لە سەرەتای گەیشتن بە دەسەڵات لە ساڵی ١٣٥٨دا لە رێگـەی پیلانێکی بەرنامە بۆ داڕێـژراوەوە تـوانیی لـە جێبـەجێ کردنـی وەهـا سیاسـەتێکی دوژمنکارانەو دژی گەلییانەدا سـەرکەوتن بە دەست بهێنـێو بـوار بـۆ سـاز کردنـی شەڕو ئاژاوە لە نێوان کـوردو تورکـەکانی نیشـتەجێی نەغـەدەدا بـۆ هـەر کـات پێویست بوو بڕەخسێنێ.

لـەم پێنـاوەدا پـاش کۆبوونـەوەی حەسەنیو کاربەدەسـتانی رێـژیم لـە رۆژی ١٣٨٥/٣/٧لـە فەرمانـداریی نەغـەدە ـ کـەوا دیـارە پیلانـەکانیان بـە مەبەسـتی هەڵگرسانی شەڕ لە نێوان کوردو تـورك دا سەری نەگرتووە ـ رۆژی ١٣٨٥/٣/١٣ بـە بەشـداری شـاندێك لـە کۆمیسـیۆنی ئەمنییەتی میللی پارلمانو کار بەدەستانی پایە بەرزی رێژیمو بنەماڵەی کوژراوەکانی خۆپیشـاندانی خـەڵکی نەغـەدە کۆبوونەوەیەك لە هـۆڵی زانکـۆی ئـازادی ئیسلامیی ئەو شارەدا بەرێوە چوو.

لەو کۆبونەوەیەدا کوردەکان تۆمـەتبار کراون بە بڵاوکردنەوەی چەكو تەقەمـەنی لە نێو تورکـەکان داو هانـدانی ئـەوان بـۆ خۆپیشـاندان دژی رێـژیمو هـەروەها بـە تاوانباری سەرەکیی رووداوەکانی نەغەدەو کوژرانی چـەند کـەس لـە خۆپیشـاندەران ناسـێنراونوبەو پـەڕی روهەڵماڵـدراویو فێڵبازییـەوەو بـە مەبەسـتی دڵسـۆزی نوانـدن هەرچـەند بـە ڕواڵـەتیش بـێ کوژراوەکـان بـە شـەهیدی کۆمـاری ئیسلامیو بنەماڵەکانیان بـە بنەماڵـەی شەهید نـاودێر کـراون وەك ئـەوەی ئـەوە رێـژیم نـەبوو کـە خۆپیشـاندانەکانی سەرکوت دەکرد.

بە چەند هۆی ساکارو درۆبوونی ئـەم پیلانەی رێژیم روونە چونکە:

ـــ خۆپیشـاندانەکە دژی رێـژیمو سووکایەتی کـردن بـە تورکەکان بـەڕێوە چـووە نـە لـە دژی کوردەکـان تـا ئـەوان سەرکوتی بکەن.

ــ جیـا لـە نەغـەدە لـە شـارەکانی دیکەشدا لە نێو خۆپیشاندەراندا کوژراوو برینـدار هـەبووە، کـێ بەڕێوەبـەری سەرکوتی خۆپیشـاندەران لـەو شـوێنانە بووە؟

ـ بەپێچەوانەی پیلانەکانی رێـژیم لـە خۆپیشاندانەکان دا بە دانپێنـانی خـودی تورکـەکان، کوردەکـان چـالاکانە بەشدارییان کردوەو وەك ئەوان برینـداریان داوەو دەستبەسەرکراون.

ـــ دوژمنـی هاوبەشـی نەتـەوەکانی ئێران، رێـژیمی ئاخوندییـە، بـە دوور لـە عەقڵـە کوردەکـان بـۆ سـەرکوتی خۆپیشـاندانی نەتـەوەکانیتر بچـنە سەنگەری دوژمنی هاوبەشەوە.

بە گشتی رێژیم لـە گرتنەبـەری ئـەم پیلانەدا دەیەوێ ئامانجی بە لاڕێدا بردنـی خۆپیشـاندانی تورکـەکانو شـاردنەوەی هۆکـاری سـەرەکیی خۆپیشـاندانەکان مسـۆگەر بکـاو لـە هـەمان کاتـدا بـە نـاکۆکیو دووبـەرەکی خسـتنە نێـو کوردەکانو تورکەکان، شەڕی خۆی لەگەڵ ئـەو دوو نەتەوەیـە لـە رێگـەی شکسـت خواردووی بەیەکدادانی ئەوانەوە بە ئاکـام بگەیەنێ. بۆ ئەم مەبەستە رێبەری رێـژیم لـە کاردانـەوەدا بەرانبـەر بـە خۆپیشـاندانەکان، خۆپیشـاندەرانی بەکەسانێکی سەر بـە دوژمـنو هۆکـاری خۆپیشاندانەکانیشـی گەڕانـدەوە بـۆ پیلانگێڕیی دوژمنانی رێژیم.

رێـژیم لـە هـەنگاوێکی دیکـەدا بـۆ ئەوەی رەوایی بە سـەرکوتو کوشـتوبڕی خۆپیشـاندەرانی نەغـەدە بـدا جیـا لـە سـووتاندنی چـەند شـوێنی نیزامـیو دەوڵـەتی تۆمـەتی ئـاگردانی چـەند کتێبخانـەو شـوێنی مـەدەنی داوەتـە پاڵیانو بەم شێوەیە ئـەوانی بـە تاقمێـك ئـاژاوەگێڕو تێکـدەر کـە دەبـێ بـە دڕندانـەترین شـێوە سـەرکوت بکـرێن ناساندوە.

لەم هەوڵانەی رێـژیمدا بـۆ نـاکۆکیو ئـاژاوە خستنە نێـو کـوردو تـورك، بـە شێوەیەکی ناراستەوخۆ چەند سوکایەتیی دیکـەی بـە تورکـەکانو ئامانجـەکانی راپەڕینی جەماوەری ئەوان دەبینرێ. لـە بـەر ئـەوەی کـە هێزەکـانی رێـژیم بـە ئاشـکراو لـە پـێش چـاوی جـەماوەردا خۆپیشاندەرانی تورکیان لـە نەغـەدە بـە بێبەزەییانـە دایـە بـەر رێژنـەی گوللـەو خەڵتانی خوێنییان کردنو دواتر بەو پەڕی روهەڵماڵاوییـەوە رێـژیم ئـەوانی بـە شەهیدی خۆی ناوزەد کـرد. وەك ئـەوەی کە تورکەکان لـە سـووکایەتی کـردن بـە خۆیان تێنەگەنو نەزانن نارەزایـەتی لـەو سووکایەتییە دەربڕن، رێژیم کوردەکـانی، بەهاندەری ئەوان ناساند. ئەمـەش خـۆی سـووکایەتییە بـە تێگەیشـتنو وشـیاریی نەتەوەیی تورکـەکان. هـەروەها رێبـەری رێـژیم لـە سـووکایەتییەکی دیکـەدا خۆپیشاندەرانی تورکی بـە بـەکرێگیراوی دوژمنانو سەربەوان ناودێر کرد.

باشـترینو شـیاوترین رێگـە بـۆ پووچـەڵکردنەوەی پیلانـەکانی رێـژیم لـە نەغەدە، قووڵو بەرینترکردنی یەکیەتیو پێوەندی نێوان دوو نەتەوەی کوردو تـورك زمانی نیشتەجێی ئەو شارەیە، شتێك کە کوردەکان لـە رەوتـی راپـەڕینی خـەڵکی تورك زماندا بە کـردەوەو بـە شـێوەیەکی باش بەرێوەیان برد.

لە یەکگرتوویيو هاوخـەباتیی نێـوان نەتـەوە ژێردەسـتەکانی ئێـران دایـە کـە رێژیمی دژی گـەلیی ئاخونـدی ناچـار بـە پاشەکشە دەبێو مافـەڕەواکانی سـەرجەم نەتەوەکانی ئێران لە چوارچێوەی وڵاتێکی دێموکراتیكو فیدراڵدا دەستەبەر دەبێ.

کوردەکـان یەکخسـتنی دەنگـی نەتـەوەکانو هاتنـە مەیـدانی بەرەبەرەکانێی ئـەوانیان لـە دژی رێـژیم، هەمیشە بە پاڵپشتێکی بەهێزو کاریگەر بۆ جێگیرکردنـی مافـە نەتەوەییـیـەکانی خۆیانو ئەوان لە ئێران دا زانیوەو تەواوی هەوڵـەکانی خۆشـیان لـەو پێنـاوەدا خسـتۆتەگەڕ. هـەر بۆیـە کۆمـاری ئیسـلامی، وەك دوژمنـی هاوبـەش سـەرجەم نەتـەوەکانی ئێـران لەوانـە فارسـەکانیش لـە رێگـای پیلانـی نامرۆڤانەوە دەیەوێ پێش بە پێکهـاتنی یەکدەنگیو یەکڕیزی ئەوان بگرێو تـووی دووبەرەکی و دوژمنایەتی لە نێوانیان دا بچێنێو ماوەی تەمەنی روو لـە کـورتیی خۆی هەرچەند مومکین بێ درێژە پێبدا.

## سەرنج ورده

مەسعوود بابایی

**سەرنجی دوازدەهەم**

**لێڕوانینی ڕێزمانی (بەشی دووهەم)**

**کوردی**

بکەر ← بەکار ← کردار تۆ نانەکەت خوارد ∅

**فارسی**

فاعل ← مفعول ← فعل تو غذایت را خوردی

**عربی**

فاعل ← فعل ← مفعول البلبلُ فَوقَ الشَجَرة

**یا**

فعل ← مضاف و مضاف الیه وَ شَهَدَ الفتره الأخیرة

لە رستەی یەکەم کە رستەیەکی کوردیـیە و رستەی دووەم کە رستەیەکی فارسیـیە، ریزبوونی کەرەستەکان وەکوو یەکن، بەڵام ئەگەر ورد بینەوە، هێمای بەتاڵ (∅) بەدی دەکەین. واتای ئەم هێمایە چیە؟

بەرلەوە با کەرەستە ڕێزمانییەکان بەراورد بکەین:

تۆ ← بکەر نان ← بەرکار خوارد ∅ ← کردار

تو ← فاعل غذا ← مفعول خوردی ← فعل

کە ← ئامرازی ناساندن / "ت" جێناوی کەسی دووهەمی تاك (کۆمەڵەی خاوەنی) = بکەر

لە رستە فارسی‌یەدا جیاوازیی کەرەستەکان بەتایبەتی جێناو بەمجۆرەیە:

ی ← ناوبڕ بۆ ئاسانیی دەربڕین. کە دیاردەیەکی فۆنۆلۆژیکە.

ت ← جێناوی خاوەنی (ضمیر ملکی). (را: ضمیر مفعولی)

خورد ← کرداری رابردوی سادە، تێپەڕ. (فعل ماضی سادە، متعدی) ئەرکی بکەری هەیە.

**لە رستە کوردیەکەدا:**

١ـ لە شوێنی (را = ضمیر مفعولی) ئامرازی ناساندنی (ەکە) بەدی دەکرێ.

٢ـ (ت) جێناوی خاوەنی‌یەو ئەرکی (بکەر)یش پێ سپێردراوە، لە رستە فارسییەکەش دا جێناوی خاوەنی‌یە، بەڵام بکەر نیە، واتە ئەرکی رێزمانیی نیە.

ـ لە کوردی‌دا دوو دەستە جێناو هەن کە پێیان دەوترێ جێناوی دەستەی خاوەنی و رێککەوتن. جێناوی خاوەنی نالکێن بە کردارەوە و جێناوی رێککەوتن دەچنە سەر کردار، واتە بە کردارەوە دەلکێن. هەردوو جێناوەکە بریتین لە مانەی خوارەوە:

| جێناوی خاوەنی | | جێناوی دەستەی رێککەوتن | |
|---|---|---|---|
| م | مان | م | ین |
| ت | تان | ی | ن |
| ی | یان | ∅ | ن |

وتمان جێناوی خاوەنی نالکێ بە کارەوە، رەنگە خوێنەر بڵێ لە کرداری (خواردم)دا ـ ئەگەر گەردان (صرف)ی بکەین ـ جێناوە خاوەنیەکان دەلکێن بە کردارەوەو ئەمەش رێساکەی پێشوو پوچەڵ دەکاتەوە، بۆ نمونە:

خواردم، خواردت، خواردی

خواردمان، خواردتان، خواردیان

ئایا بەراستی رێساکەی پێشوو هەڵوەشاوەتەوەو پووچەڵ بۆتەوە؟!

لە رواڵەت دا وا دیارە کە جێناوە خاوەنیەکان لکاون بە کردارەوە، بەڵام پێویستە ئەوە بڵێم، کاتێك بەرکار لە رستەدا دەر بکەوێ ئیدی جێناوی خاوەنی دەچێتە سەر بەرکار کە بەرکارەکە بە گشتی ناوە، چ ناوی تایبەتی یا خۆ گشتی.

**نموونەی ١**

کردار + جێناوی خاوەنی

کاتی رابردوو (بکەر)

خوارد م

رستەی سادە

**نموونەی ٢**

جێناوی سەربەخۆ + کرداری رابردوو + جێناوی خاوەنی

من خوارد م

بکەر بکەر

**نموونەی ٣**

من نان ەکە م خوارد ∅

جێناوی سەربەخۆ — جێناوی لکاو (خاوەنی) بکەر

بەرکار — ئامرازی ناساندن (یا نیشانەی ناوی ناسراو)

لە جێناوی کۆمەڵەی دووهەم (رێککەوتن) ئەم جێناوانە دەلکێن بە کردارەوە و لە هیچ دۆخێکدا کەرت نابن و یا خود ناچنە سەر بەرکار و کەرەستە رێزمانییەکانی دیکە.

(وەك: چووم، هاتی، خەوت ∅. گەڕان، مردن... هتد)

کەوابوو هەروەك دیتمان هەرچەند زمانی فارسی‌و کوردی بەپێی رێڕەوی رستە زۆر نزیکن، بەڵام لە هەندێ لایەنی رێزمانی جیاوازی زۆریان هەیەو یەکێك لەم جیاوازیانە لە (جێناو)دا دەرکەوت کە باس کرا. دیارە رێڕەوی رستەی عەرەبی زۆر لە رستەی فارسی و کوردی دوورەو بەهیچ شێوەیەك بەراورد ناکرێن. جێگۆڕکێی کەرەسەکانی زمان لە رستە و لەیەك خێزانی زمانی‌دا دروستکەری سیمای زمانەوانیی جیاوازە، بۆیە ئەم ریزبوونە تەنانەت کاریگەری دەخاتە سەر شێوازە دەربڕین و مۆسیقای رستە.

ئەوەی باسکرا دەرخستنی جیاوازیی رستەیی لە زمانی کوردی و فارسی بوو، بەڵام هەندێ جیاوازیی دیکەش هەن کە پێم وایە لە کوردی‌دا ـ ئەگەر لێیان ورد بینەوە ـ بەدی دەکرێن. من بەم چەشنە جیاوازیانە دەڵێم هارمۆنیی دیاردە/ وشە، واتە دوو دیاردەی جیاواز لە دۆخی ناتەبایی دان، بەڵام هەردووکیان بەستێنێکی هاوبەشیان هەیە. لە سەرنجی داهاتوودا زیاتر ئەم بابەتە روون دەکەینەوە.

# " چەپکێ گوڵە گەزیزە لە تیشکەوە بۆ جیهان"

هوشیار ئەحمەدی

تیشکی ئەستێرە زێڕینە، زوڵاڵیی دڵۆپ دڵۆپی باران ، دنیایەك گوڵە گەزیزە سپی سپی ، پۆلێ وەنەوشەی ملکەچ ، خەرمانێك هەلاڵە برمە ، چەپك چەپك رێحان ، پەنجەرە پێکێك چنوور ، تەلا نێکی شەونماوی گوڵە باخی کە بە حەستەم لە نێو تەرزە خورە تاوی یەکانی مێودا بەدەم بولبول و پەپوولەوە پێدەکەنێ ، کێوێك مەرزە ، بەرکانی یەك گوڵە شەسپەڕ ، دۆڵێ سەراپا شەقایەق ، باخێك سۆسەن و هەزبێ و دەنگی بولبول و ژەرەژ و باقیی مەلانی خۆش ئاواز ، خوڕ خوڕەی رووبارێ کە بە حەستەم بێدەنگی گوڵزارێکی شکاندبێ ، دڵۆپ دڵۆپی یاقوتیی سەر گوڵپەڕەی لاولاوێکی تێکئاڵاوی چیلکە وشکە ، روجیار پرسێ تازە تازە پرچی کاڵی لە بەر هەتاوی بەربەیان داهێنابێت ، هاژەی تافێ بە خوڕانان لە سەر شاخێ دەڕژێتە خوار و فەخر ئەفرۆشێ بە بەهارو بە وەنەوشە و سۆسەن و گەزیزە و ..... ،!؟.

سەدان هەست و جوانی دیکە هەڵ دە فرێنم لە گەڵ گوڵنیشان گوڵنیشانی خالقی ، جادەی چوڵ و سێبەری کاتی بەیانی کەریم کابان ، ،شەش پەپولەی گۆشەی باخەکەی مەرزیە ، هەست و سۆزە کوردانەکەی شەهریبان و شیرین پەروەر ، چاوی یاری حەسەن دەرزی ، دەشتەن گوراڵانی عوسمان کێمنەیی ، شلێرە شلێرەکەی مامڵێ ، چریکەی دڵفڕێنی عەزیز شارۆخ ، کەویارە خاس کەویارەکەی حەسەن زیرەك ، بهێن خۆشێ یە هەست بزوێنەکەی شوان پەروەر، وباخێکی گوڵبژێر و پڕ لە جوانیی شێعری مەولەوی ، هێمن ، گۆران ودەنگی زوڵاڵی ڤیۆلۆنەکەی موجتەبا میرزادە ،... و پێشمەرگەیەك و چڵێ زەیتون ، بەکاروانێ بەڕێ کەون تاکوو پێکەوە چەپکێ گوڵە گەزیزە لەتیشکەوە پێشکێش بکەن بە ئازادی ، مرۆڤایەتی ئاشتی و تەبایی و جوانی ، کە لوتکەی ئاواتەکانمانن .

"سروشتی یە کە هێماکان جیاوازن ،لای منیش گوڵە "گەزیزە "هێمای هەموو جوانی یەکە".

# رەهێڵەی تەورداس

ئەفراسیاب گرامی

ئەمە دووسێ رۆژە ئاسمان لەم هەورە رەشانە تەنراوە. کۆدەبنەوە ناشبارن. ئاسمانی یەکجار تاریك کردوە. نابەڵەد دەڵێ: لەم تاریکە ژینەدا، لەم ئاسمانە رووناکایی نەدیوەدا چۆن دەژین. لە رۆژو رۆشنایی بێ بەشن. نازانن بەیان چیەو کازیوە چۆنە. خۆرئاوابوون ئەفسانەیەکە. بەجلوبەرگی رەش پیاسە دەکەن. رومەتی رەش‌و گۆنای رەش ماچ دەکەن. شەرابی رەش‌و رەشاو دەنۆشن. تەنانەت گۆرانیەکانیان لە پێناو جوانیەکانی رەشە.. بۆتێگەیشتن لەم رەشستانە ژینێکی هەزار ساڵەی رەشی دەوێ کە بیرلەم وێنە تراژدیانەی بکاتەوە. هەزار سا..ڵ واتە دەسەدە!!! نۆسەدو نەوەدو نۆی لێی تێناگەی. نۆسەدو نەوەدو نۆیی ژیانە لە گەڵ رەش دا. ئەو کات دەزانی گۆرانی بە باڵای رەش دا بڵێی. مەستی شەرابی رەشاو بی..

هەورەکان پەڵە پەڵە لە سەر یەك چوار مشقی دادەنیشتن. لە دوورەوە لە لۆچی دەم‌وچاویان دەردەکەوت کە ددانیان لە زەوی ریچ دەکردەوە. لای خەڵکی دیاردەیەکی غەریب بوو. هەموو رادیۆکان، میدیاکان، هەواڵەکان، لە هەوڵ دابوون بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم کارەساتە:

مێژووی هەوری رەش...

هەوری بارانی‌و هەوری بێ باران...

هەوری رەش‌و هەوری سپی...

قەیرانی کۆبونەوەی هەورەکان...

شاعیران یەکەمین کەسان بوون کۆڕی ماتەمی بۆ سروشت دەگرن :

**هەورەکان... هاتن‌و تووڕەن**

**کۆ دەبنەوە کۆ!!!**

**دڵۆپە بارانەکان لە باوەش ناگرن**

**مەرگی رۆشنایی زەوی‌یە**

**منداڵەکان بووکە بووکە بارانێ**

**یان ناوێ..**

تادەهات هەورەکان ناوچاویان گرژو گرژتر دەکرد. برۆیان داشۆڕاندبووە خوارەوە. بە ئەستەم گلێنەی چاوییان دەردەکەوت.

ژینگە ناسەکان، دەرون ناسەکان، مێژووناسەکان، ...، هەموو بە سەرسوڕمانەوە لەم کارەساتە رادەمان لە خەیاڵدانی سیاسەتوانەکاندا بیروڕای جیاواز هات‌و چۆی دەکرد:

هەمووی ئەمانە کۆبوونەتەوە بۆ کونگرەی ئەم هەورانە.

جا لە سەر چی؟ ئیمپراتووری هەور.. ئیمپراتووری هەور.

هەورەکان لە ئاسمانی شارەوە تەشەنەیان دەکردە لادێ‌و گوندەکان و پانتایی ئاسمانی دەڤەرەکەیان دادەگرت."ئەها.. بە خودا قەوما.. هەموو دەخڵو دان ئەم وەشتەبارانە دەی‌باو سوڵتاحی لێناکەین" (١). مەلاکان خەڵکی کۆدەکەنەوەو نوێژی باران دەکەن. دەستە دەستە لە گوندەکانی دەورو بەرەوە دێن بۆ کەرنەڤاڵی نوێژی باران. پیرو منداڵ، تەنانەت ژنانیش. مامۆستا بە چاکە سەوزەکەیەوەو چاویلکە بنەپیاڵەکەیەوە. لە سەروی هەمووان لە سەر بەرزاییەکی دە میتری لەوان بەرزتر " نیەتتتمە (..) رکعەتی نوێژی باران". (کاتی خوتبەی باران دێت) " خەڵکینە لە شەرعی ئیسلام دا ئیشارەت کراوە بە تۆفانەکەی نۆح. ئێمە گوناح بارین. چەند هاوارم کرد. ئەمە رۆژەکەیەتی کە تێی کەوتین. قیامەتە قیامەت...". بەرە بەرە هەورەکان مێزەرەکەی مامۆستا، تەنانەت بەرزاییەکەشی دادەشارد. خەڵکی مقۆمقۆیان تێدەکەوێ" ئەها!!! بە خودا مێزەرەکەی مەلاشیان قووت دا. بە قوربان قوورەتی خودا بم!!! وەشتەبارانێکی قاییمە!!

هەورەکان گرمە گرم. سەر لەیەك دەدەن. تووڕەیی لە نێو چاویان شەپۆل دەدا. قریشکەیەکی کرد. زەوی لە ترسان دا دەلەرزی. وەشتە باران دەستی پێکرد. ئاسمان رەش داگەڕابوو. تەورداس دەباری. لە جیاتی باران تەورداس شلۆڤەی دەکرد. نیو کیلۆیی، کیلۆیی،دوو،سێ،... . هەواڵەکان لە دەنگو رەنگ دەکەوتن. گوندەکان خویان دەکردە ژێر ئەشکەوتەکاندا. وەشتە تەورداسە. کراسو کەوایی زەوی هەلاهەلاو زیواڵ زیواڵ بوو. کاکۆڵی چیاکان داتاشرا. رومەتی پێدەشت‌و نێرگسەجاڕ هەڵکەندران. شەڕی هەورو (با). باو زریان بە تیشکەکانی خۆر. هەوریش بە تەورداسی تازە ساو خەریك بوو. زەوی ئەنجن ئەنجن دەکرد.بۆئاخری بەدوایی(..) شەو رۆژ کۆتایی پێهات. کامێرایی گەشتیارو هەواڵنێرەکانی جیهانی لەم شارەو لە دەورو بەری دەگیرا. چ کارەساتێك بوو!!!. پرچ‌و قژی نێرگسەجاڕ هەڵپاچرابوو. سەلکە پەڕیوو لاقە قرتاوەکان لە شالاوی خوێن دا کۆڵانەو کۆڵان دەتلانەوە. سەرو لاشەی وا هەبوو تەورداسێ، دوان، سیان،... چەقیبووە سەری. هەر سەرو لاق بووچنگە کیڕەی بە گۆنایی دیوارەکانی شارەوە دیاربوو. لاقەکان بە سەر دارتیلەکانەوە ئاوێزان و بە جێمابوون. لە پاڵ جادەکان‌و پەنا گوێی چۆمەکان لاشەی کوت کوت‌و لەتە لەتە دەبینرا..

رۆژێکی‌تر یەکەمین کەسان شاعیران بوون کۆڕی رزگاریان بۆ سرووشت گرت:

"هەورەکان هاتن‌و دۆڕاون دۆڕاو

سروشت لە نەبەردێکی قارەمانانەدا

سەرکەوت..

**ئافەرین هەتاو ئافەرین (با)**


**شۆڕسواری نەبەردی شەو**

**چرۆی ژیانەوەی سرووشت**

**منداڵەکان بووکە بەفرین‌و**

**بووکە بارانەیان دەوێ.."**

١ـ سوڵتاحی لێ ناکەین= واتە سودی لێ وەرناگرین.



# ئەمن کچم!

ئەسرین

**ئەمن کچم**

**کچە کوردێك دڵ پڕ لە ئاوات**

**دڵ پڕ لە هیوای خەبات**

**چەندم پێ خۆشە**

**چەك بکەم لە شان لە لووتکەی چیا بەرزەکانی کوردستان**

**بڕوم بەرەو پیری دوژمنان**

**هەڵدڕم دڵی تاریك و ستەمکاران**

**چەند حەز دەکەم**

**ئاڵاکەم بەدەست بگرم**

**لە شەقامەکانی نیشتمانە داگیرکراوەکەم**

**باوکم دەڵێ تۆ کچی!**

**چیت دەسەڵاتە؟!**


**من دەڵێم جا ئەگەر پێم نەکرا**

**ببم بە گوللە و بچم بە دڵی چڵکنی دوژمنا**

**ئەگەر پێم نەکرا چەك بەشانی چیاکان شەڕ بکەم**

**خو دەتوانم ببم بە قەڵغانی گوللەی دوژمنان**...!

بێ دوان



# هێمن، ئەوین‌و هزری کۆمەڵایەتی لە تاریك‌و روون دا

**بەشی سێهەم و کۆتایی**

باوکی ئەختەر

بــەهاری کوردســتان وەســفێکی هەمەلایەنە لە قۆناغێکی ساڵی وڵاتــی کوردەواری‌کە ئــەو جوانیــەو سروشتە دەبێتە هۆی ئەوە جوانترین وشەکانی بۆ تەرخان بکاو رەسەن تــرین دابونــەریتی تێدا جێ بکاتەوە.

**بژوێنە هەموو وڵات**
**زیندووبۆتەوە ماڵات**
**جەنگەی بانەمەڕێ هات**
**بەرەو کوێستان چوو خێڵات**
**دیسان هات وەکوو جاران**
**جاران هەوهەوەی شۆڕە سواران**
**ویرە جلیت‌و داران**
**خرمەی ناڵ‌و بزماران**
**هات خرینگەو دەنگی قوڕ**
**لووشمە لووشم‌و هۆڕەهۆڕ**
**هۆقە هۆق‌و بۆڕە بۆڕ**
**حیلە جانوو ئەسپی تۆڕ**
**کارو کوڕی بزن‌و مەڕ**
**لرفە لرفی لۆك‌و نەڕ**
**کرۆژنی ئەسپی بەد فەڕ**
**گوێچکەی پیاوی دەکاکەڕ**

هــەر هــەنگاوێك کــە هەڵــدێنێ شوێنەوارێك لە بیری قووڵی سەربەستی لە خۆی بــە جــێ دێڵــێ‌و هــەردەم بــۆی بلــوێ لــە ئــازادی دەدوێ‌و بــە گــژ کۆیلەتی‌و دیلی دادێ‌و رق‌و قینی خــۆی بەرانبــەر بــەو نەخۆشــیە گەورەیــە دەردەبڕێ. دیسان لە با بردەڵەدا لەگــەڵ بولبول هاودەنگ دەبێ‌و دەڵێ:

**چ خۆشە عیشق‌و سەرمەستی چ خۆشە**
**چ خۆشە ژین بە سەربەستی چ خۆشە**
**چ تاڵە کۆیلەتی‌و دیلی چ تاڵە**
**بەکەم بێ ژینی وا پڕئاە‌و ناڵە**

لــە ســەردەمی جوڵانــەوەی گــەلانی ئێران‌و پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە حکومەتی ئێرانــداو لــە دەســەڵاتداری دوکتــۆر موســەدیق لــە ســاڵەکانی ٣١و٣٢ی هەتاویــدا، لەگــەڵ جوڵانــەوەو شۆڕشــی جوتیاران‌و رەنجبەرانی گــەلی کــورد بــە تایبەت لە ناوچەی موکریان لــە لادێ‌و شار هــاودەنگ دەبــێ‌و هەستی خــۆی لەمــەڕ ســەرکەوتنی جوتیــاران‌و تێــك شــکانی دەرەبەگایــەتی ناشــارێتەوەو بەشان‌و باهۆی، دەست‌و پەنجە قەڵێشاوەکان بــۆ پێکهێنــانی ژیــانی یەکســانی‌و زیندووکردنــەوەی گەلەکــەی شــانازی دەکــاو دەڵێ:

**لاگری سوڵحە تەواوی رەنجبەری**
**هۆشیاری کورد  چاوە نۆڕی دەرفەتێکی**
**خەڵکی لادێ‌و شاری کورد**
**رۆژبە رۆژ قایمترە مەحکەمترە بڕوایەمەی**
**دەم بەدەم چاکتر دەبێ باشتر دەبێ ئاکاری کورد**
**بێوچان دەڕواتە پێش‌و رێگە دەبڕێ بێ هەدەف  زۆر لە ساڵان روونترە ئەو ساڵەکە ئەفکاری کورد**

وێڕای نواندنی هەستی ئاشتیخوازی لــە نێو نەتەوەکەیــدا، وەك هــەموو مرۆڤــەکانی دنیا پێی وایە خــاوەنی مافــەو لەگــەڵ بــاقی گــەلانی دنیــا جیاوازیی‌یــەکی نیــە،و ئــەو ژیانەی کە بەمافی رەوای نەگــەیبێ‌و تێکــەڵ بە ئازادی نەبووبێ، بە نەبوونی دەزانێ‌و پێی وایە ئەو جۆرە ژیانە هەر نەبێ باشترە.

هەر بۆیە لەو رێگەیەدا هانی مرۆڤــەکان دەدا بۆ وەدەستهێنانی ژیانی پڕ لە ئــازادی‌و سەربەستی‌و بەوهیوایەی کــە لــە دەروونیــدا وەك ئەســتێرەیەك دەدرەوشــێ چــاوەڕێی راپەڕین دەبێ‌و دەڵێ:

**هەمە هیوا بە دوا رۆژێکی رووناك**
**بەشی ئینسانی بێ هیوا نەمانە**
**لە بەر تۆ چارەنووسی شوم‌و بەد فەڕ**
**ئەوەی قەت لێی نەدەم تەپڵی زەمانە**

دیارە ئەو شێعرە بۆیــە دەهۆنێتــەوە کــە مــاوەی دوو ســێ ســاڵان، بــە هــۆی گیروگرفتێکــی بنــەڕەتی‌و ســەر لێشــێواوی ژیانی پڕ لە چەرمەسەری لە رێبازی ئــەوینی راســتەقینەی خــۆی لادەدا، بــەڵام زوو ئــەو ئەوینە فیتریە لە دڵیــدا ســەرهەڵ دەداتــەوەو لەگەڵ کاروانی ئەوینداران تێکەڵ دەبێتەوە.

هەروەك لە تەواوی بەرهەمەکانی خۆیدا نیشانی داوە، شێعر بە ئامرازی خەبات‌و تێکوشان‌و پێوندی‌گرتن لەگەڵ مرۆڤ دادەنێ کە لە پەڕی شێعردا ئاوا شێعر دەناسێنێ :

**هەروەك گڕی ئاگری نەورۆز**
**رەمزی دڵداری بێ‌و پیرۆز**
**هەزاران کاوەی زەحمەتکێش**
**پاڵ پێوەنێ بەرەو پێش**



پەڕیی شێعر، کاروانی شێعر، هونەری شێعر، ئەوینی شێعرو ئازادی ناهێڵــێ لــە باستیلاندا بمێنێتەوەو لــە دەرونیــا زیــاتر پەرە دەستێنێ. "کورد گوتەنی: خەنجەری تیــژ لــە کاڵانــدا نامێنێتــەوە"، ئــەوینی خاك‌و گەل لاوی‌و پیری‌و ماڵ‌و منداڵی لە بیردەباتەوەو روودەکاتە چیای بێ کەسان‌و ئــاواران‌و ئــازادان... رەق هــەڵاتن هــەڵ دەبژێرێ‌و خۆی لە نۆکەری کردنی بێگانــە دەبــوێرێ بــۆ بــیرەوەری ســەردەمی لاوی دەڵێ:

**نۆکەری بێگانە ناکەم هاتە دی فەرمایشی خۆم**
**وا لە برسان‌و بێ بەرگی ئیمڕۆ رەق هەڵێم**

دیسان ئەوین‌و بــیری بــەرزی ئــازادی وەك هەڵۆیەکی تیژباڵ دەیباتە چیای ســەر سەوزو ئاسمانی بەرزی شەرەف‌و تێکەڵ بە هاوســەنگەرانی دەکــاو هیــوای قــووڵ‌و نەپسان نەهاتووی بەرزی سەرکەوتن ســات بەسات زیاتر دەگەشێتەوە.لە نێودووکەڵ‌و شۆڕش‌و ئاگر و قین‌و خوێن‌و تۆڵــەدا ئــاوا دەڵێ:

**خۆشەویستم لە بیرم ناچێ تاوێ**
**دەمفڕێنێ باڵی خەیاڵم تاوێ**
**هەیهات دیت ڕمی کۆشکی زۆرداری**
**گەیشتنە لووتکەی چیای رزگاری**
**لە شینگایان گەڕا، گەڕی، رەشبەڵەك**
**ئەم‌و شەمزین گرتیانەوە دەستی یەك**
**جا ئەو جارە بە هەتوانی ئازادی**
**سارێژ دەبێ برینی نامرادی**

هەڵبەت جووڵانــەوەی کــاتیی لاوانــی کورد لە ساڵەکانی ٤٦و ٤٧و ٤٨دا پشت قایم‌و پشت ئەستووری دەکا. دوارۆژێکــی رووناکتر بە سەرکەوتن دەبینێ، ئازادییەك کە شیرینتر لە هەموو شیرناییەکانی ژیانی کە تەنیا مایەی شانازی هــەر مرۆڤێکــە، شــاعیر وا ناســك خــەیاڵ دەکــات چــۆڵ پەرەست و لەگەڵ تاڵایی‌و ســەختی ژیــان ڕای دێنێ، لە شێعری ئامێزی ژنــدا ئــاوا هەستی خۆی دەردەبڕێ:

**بەڵێ سەختە یەکجار سەختە**
**دووری لە ژن نامرادی**
**بەڵام لە ژن خۆشەویست تر**
**لە لام هەر تۆی ئەی ئازادی**

وەك هەمــوو کوردێکی جووتیار خــۆی لەگــەڵ شــەوو رۆژ تــاوین بــە هــاوڕازو هاودەرد دەزانــێ‌و راهــاتنی جوتیارەکــان لەگەڵ تاڵ‌و تیــژی رۆژگــار، لەگــەڵ دڕك‌و داڵ‌و سەرماو گەرماو برســێتی‌و رووتــی، هــۆی هەســتی خــەبات و تێکۆشــان بــۆ وەدیهێنانی ئامانجی بــەرزی رزگــاریخوازی دادەنێ‌و دەڵێ:

**تاکەی وابم تاکەی وابم**
**دەس بەتاڵ‌و رەنج بەبابم**
**تاکەی رەنجی شان‌و پیلم**
**بۆدوژمن بێ؟ بۆ من دیلم؟**
**لە شان‌و باهۆی خۆم ڕا، دی**
**هەڵگرم ئاڵای ئازادی**

بە پێــی هەســتی هەمــەرەنگی خــۆی کاروانی خەبات وەك بەشێك لە رۆمانێکی قارەمانــەتی‌و لــە خــۆبردوویی‌و وەســفی دیمەنی کاتی کارەسات دەڕازێنێتــەوەو لــە وێشدا شەێنەواری چاکە لــە خــۆی بــەجێ دێڵــێ‌و لاپــەڕەکانی رەشــتر دەخاتــە ســەر مێــژوی زۆرداری‌و، مێــرگ و چــیمەنی نەخشــاویش دەکاتــە بەڵگــەی خــوێنی شەهیدانی رێگەی رزگاری.

هەڵبــەت دیــارە لــەوە ناچــێ هــیچ شاعیرێك لە هــەموو لایەنــەکانی شــێعردا ســەرکەوتوو بووبــێ. لــە هــەموو قۆنــاغ‌و بوارێکیشەوە سەرکەوتوانە هاتبێتەدەر، بێ ئەوەی توانیبێتی خۆی لە رەخنەو هێرشــی رەخنەگران پاراستبێ کــە دیــارە هێمنــیش لەو رێسایە بەدەر نیە.

ئەگەرچی بە بڕوای من باوکی شــێعرە، بەڵام باوکیش لە بارهێنانی منداڵــەکانی‌دا جارووبار تووشی هەڵە یــان کــەمتر خــەمی دەبێ کە بــەو هۆیــەوە تووشــی رەخنــە لــێ گرتن دەبێ. ئــەویش هــۆی هــەرە گــەورەی ئەوەیە شاعیری ئێمە هەست دەکا بە هــۆی دواکەوتوویی گەلە کەیــەوە دەبــێ هــەموو شتێك لە زەوییەوە بگرە تا دوایین ترۆپکــی ئاسمــان بــە زمــانی شــێعر بــە گەلەکــەی رابگەیەنێ کە بە بڕوای مــن تــا رادەیــەکی زۆریش لەو رێبازەدا سەرکەوتوو بووە.

هــێمن ســەرەڕای دەربڕینــی هەســتی ئەوینداری لەمەڕ گەلەکــەی، تێدەکۆشــێ‌و هەرچــی لــە توانای‌دایــە بۆپاراســتن‌و پەرەپێدانی فەرهەنگ‌و فولکلۆری کــوردی‌و کۆکردنــەوەی بــەیت‌و باوەکــان ئــەو پــەڕی ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێ.

زمانی کــوردی وەك زمــانێکی تــەواو شیرین، بە خەڵکی بناسێنێ. بۆ ئــەو کــارە گەورەو گرینگە بەشێکی دیکە لــە ژیــانی خــۆی بــۆ تــەرخان دەکــا کــە توحفــەی موزەفەرییە، بەڵگەی هەرە بەرچــاوەتی و، لە پاشان تێکۆشانێك بۆ لەچاپدانی سروەی خۆشەویســت، کــە هــەرگیز لــەو هەڵــدێرو گەوەیە، هەنگاوی شل نەبوو و ئــەژنۆکانی نەنووشتایەوە. هەر بۆیەش وەك قارەمانێك لە نێو دەورو پشــتی خەڵکدا کردوەتــەوە، تەنانەت کاتێك کە پــیری کەلــەلای دەکــاو وەك پیرەهەڵۆ بۆ بابردنی پەڕوباڵــەکانی لــە چیای سەرکەشی ژیندا دەیهەوێ لە شەقەی باڵ بداو مەیدانی خــەبات‌و ئەوینــداری بــە لاوانی گەل بسپێرێ‌و دەڵێ:

**سروە هات غونچە گوڵی باخی ئەدەب پشکووتن**
**باخەوانی گەرەکە، تازە جەوان من چ بکەم**
**سروە هات ئەدەب پشکوتن**
**باخەوانی گەرەکە**
**تازە جەوان، من چ بکەم**

---

# زمان، وەرگێڕان و پێوەندیی کولتوورەکان

**بەشی یەکەم**
**ئاوڕدانەوەیەك لە رابردوو**

ن:حسین یەعقووبی

و: سمایل زارعی

لــــە ســــەردەمی کــــۆنین دا، منداڵەکانی باوە ئادەم لــە ســەر گۆی زەوی بە تاکە زمانێك قسەیان دەکرد. ئەو زەمەن سەردەمێك بەسەردا هــات کە ویستییان لە رۆژهەڵات کۆچ بکەن. وەرێکەوتن تاکو گەیشتنە دەشتاییەك لــە دەڤــەری شــنعار و لــەوێ بڕیــاری نیشــتەجێ بوونیــان دا. دواتــر بــە یــەکتریان وت: وەرن بــا شــارێك بــۆ خۆمــــان درووســــت بکــــەین و قەڵات(برج)ێکی تێدا درووست بکەین، قەڵاتێك کــە هێنــدە بــەرز بــێ ســەر لــە ئاسمــانی خــوا بســوێ بــۆ ئــەوەی بەمشێوەیە یەك سەرزەویمان هــەبێ و هێنــــدە لــــە ســــەر زەوی پــــرش و بڵاونەبینــــەوە. لــــەم کاتــــەدا ***یەهوێ***(ناوێکە لە تەورات دا کە بە خوا بەخشــــراوە. وەرگێــــڕی کــــورد)ی هاتــەخوار بــۆ ئــەوەی چاو لــە شار و قــەڵاتێك بکــا کــە منداڵــەکانی ئــادەم دەســتیان بــە درووســتکردنی کردبــوو. یەهوێ لــە دڵێری و بــوێری ئــەم خێڵــە ترســی لێ نیشت و بــە خــۆی وت ئــەم خەڵکــە یەکپارچــەن و تاکــە زمانێکیــان هەیە و ئاوا یەکگرتوو بن هیچ کارێکیان لە دەستی یاخی نابێ، دواتر یەهوێ بۆ شێواندنی پلانەکەیان بیرێکی کــردەوە و کارێکی کرد کە ئیدی لە زمانی یەکتر تێنەدەگەیشتن. هەر کــە نەیاندەتوانی لە زمانی یەکتر تێبگەن شەڕو ناخۆشی لــە نێوانیانــدا رووی دا و دەســتیان لــە درووستکردنی ئەو بینایە هەڵگرت و لــە سەر زەوی بڵاوبوونەوە.

***تەورات، بەشی یازدەهەم***

زمان هێندە لە ناو تانوپۆی ژیــانی کۆمەڵایەتیمانــــدا قــــووڵ درواوە و گرێــدراوە کــە ئێمــە بــوونی ئــەو وەك خــواردن، خواردنــەوە و خــەوتن بــە شــتێکی ئاشــکرا و روون گریمــــان دەکــــەین. بــە لای ئێمــــەوە زمــــان دیاردەیەکی هێندە ئاساییە کە کــەمتر زەحمەتی ئەوە بە خۆمان دەدەین کە لــە کــار و ســتراکتۆری ئــەو رابمێــنین و لەم رووەوە زۆر بە ئەستەمی دەتوانین دۆخێك بێنینە پێش چاو کە زمــان لــە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بستێندرێتەوە.

نــــاکرێ بــــە وردی مێــــژووی سەرهەڵدانی زمان دیاری بکرێ. بــەڵام روونــە کــە دیاردەیــەکی ئێجگار کۆنــە. بەڕاستی نازانین زمان بــە چ شــێوەیەك پێکهاتووە، چونکە کاتێك گــەلێك هێمــا لــە ســەر ژیــانی مــرۆڤ لــە ســەر زەوی دەدۆزینەوە کە دێرینبوونیــان بــۆ نیــو میلیــۆن ســاڵ لەمەوبــەر دەگەڕێتــەوە، قەت نــاتوانین بەڵگەیــەکی روون لەمــەڕ زمــانی ئاخــاوتنی بــاو و بــاپیرە زۆر کۆنەکانمان وەدەست بێنین، چونکە بە پێچــەوانەی زمــانی نووســین هــیچ ئاسەوارێك لە زمانی ئاخاوتن بە جــێ نــەماوە. رەنگــە هــەر بــە هــۆی ئــەم نەبووونی بەڵگەگەلــە هەستپێکراوانەیە کە تا هەنووکەش گەلێك گریمانە لەمەڕ سەرچاوەی ئاخاوتنی مــرۆڤ خراوەتــە روو.

دیــــاردەی ئاخــــاوتن شــــتێکی حاشــــاهەڵنەگر بــــووە. مــــرۆڤ لــــە ســــەردەمان و رۆژگارەکــانی رابــردوودا تــووڕەتر و نــەگۆڕتربووە لــە ئەمرۆکــە بووە، کەمتر هەوساری خۆی لە دەست خــۆی‌دا بــووە، و دەنگــی زۆر بــەرزتر و بــەهێزتر بــووە. کاتێــك زەربەیــەکی دەوەشاند، یان کاتێك بۆ مەبەستێکی دیکە کــەڵکی لــە دەســتی وەرگرتــووە، رەنگــە هــەوای هەناسەکێشــانی، بــە شێوەی خرپە خرپ یا هــاوارکردن لــە ســینگی هێناوەتــــەدەر. رەنگــــە هەناسەکێشــانی دەنگێکــی وەك بــەع، دا، تــا، نــا، کــا، گــا ی هــەبوو بــێ. لــە هــەمان کاتــدا فێــر بــووە کــە بــە چ شــێوەیەك لــە رێگــای زارەوە کــەڵك لــە هــەوا وەرگرێ، رەنگــە فێــری ئــەوەش بوو بێت کە بە چ شێوەیەك دەنگە لــێڵ و ناڕوونــــەکان روونــــتر و راشــــکاوتر دەربڕێ. رەنگــە هــەموو دەنگێــك بــە نــۆرەی خــۆی پێوەنــدی بــە جۆرێــك کردەوەی تایبــەتی وەك گــرتن، لێدان، راکێشــان یــا پــان کردنــەوە بــووە. کەواتــە، یەکــەمین زمــانی مرۆڤ، تــەنیا بریتی بووە لەم جۆرە فۆنەتیکە خــود بە خودی و ئاماژەکردنە کە بەرە بــەرە نموونەگــەلێکی تایبــەتی وەرگرتــووە و فۆرمی گرتووە. لــە راســتیدا بنچینــەی ســەرەکی زمــان ئەوەیــە کــە بزاوتێــك، دەنگێك، وشەیەك دەبێ واتــا و رەنگــە چەند واتاشی هەبێ، چونکە جگە لەمە ئــەو کــات پێکهــاتنی پێوەندییــەکان نــەلواو و نــەگونجاو دەبــن. (دایمۆنــد، ١٩٥٩: ٥٨)

لە ساڵی ١٨٢٧دا، زانــای ئاڵمانی لۆدڤیگ بەم شێوەیە بیر و ڕای خــۆی دەربڕی کە کاتێك یەکــەمین وشــەکانی مرۆڤ گوتران کە ئامرازێکی داهێنا و لــە کــاتی کــار کــردن بــەو ئــامرازە بــۆ پێوەندی کارکردن لــە گــەڵ ئــەوانیتردا گەلێك دەنگی بە کار هێنا کە دواجار بوونــە وشــە. بــە پێــی ئــەم تیۆرییــە مرۆڤی قسەکەر و مرۆڤــی ئامێرساز لە یــەك کاتــدا ســەریان هەڵــداوە. کاتێــك جەســتەی خۆمــان دەجــووڵێنین، بــە تایبەتی ئەگەر ئەم هەوڵە زۆر لە نــەکاو و کتوپڕی بێ دەنگێکیش لە قووڕگمان دێنینەدەر. هێندێك کــەس پێیــان وایــە مــرۆڤ یەکــەمین وشــەکانی بــۆ هەســت گۆڕینەوە لە گەڵ کەسانی نزیکی خۆی و ئــەوانیتر بــە کــار هێنــاوە دواتــر ئــەو پێوەندییەی بــە شــێوەیەکی بــەربڵاوتر درێژە پێداوە. جۆرج یۆل (١٣٧٤: ٩ — ٦) تیۆرییــــــە ئێجگــــــار خــــــاوەن لایــەنگرەکانی ســەرهەڵدانی زمــان بــە پێــی ئــەو شــیکردنەوەی خــوارەوە کۆبەندی دەکا:

**ئا — سەرچاوەی یەزدانی:** بە پێی ئەم روانگــە ئــاییني و، ئۆستوورەیی‌یە زمــان، سەرچــاوەی ئاســمانی هەیــە و دیارییەك بووە لە لایەن خواوە بە مرۆڤ بەخشــراوە. هنــدوەکان پێیــان وایــە خــاوەنــدی ساراســواتی، هاوســەری بێرهێما، ئافرێنەری بوونەوەران، زمانی پێــك هێنــاوە و لــە تــەورات دا هــاتووە "خوا بەر لە هەموو شتێك قســەی کــرد و گــوتی لێگــەڕێ بــا روونــی هــەبێ، بەمشــێوەیە قســەکردن و ئاخــاوتنی پەرییەکانی ئاسمــانی و زەوی داهێنــا" واتە پەروەردگار ئەفراندنی لــە رێگــای ئاخاوتنەوە دەست پێکرد و لــە رێگــای ناو دێرکردنی تەن و شمەکەکان ئەوانی ئەفرانــدووە. لایــەنگرانی ئــەم تیۆرییــە پێیان وابوو ئەگەر بــۆ فێربــوونی زمــان بەر لە منداڵان بگیردرێ هەر لــە خــۆوە کــــەڵك لــــە زمــــانی ســــەرەتایی وەردەگــرن.(واتــە هــەمان گــرو گــاڵی منداڵی. وەرگێڕی کورد).

**ب — سەرچــاوەگرتنی زمــان لــە دەنگــە سرووشــتییەکان:** پێڕەوەکــانی گریمانــەی سەرچــاوەگرتنی زمــان لــە دەنگــە سرووشــتییەکانەوە بــە ســێ گرووپ دابەش دەبــن: ***گرووپــی یەکــەم*** پێیان وایە وشە سەرەتاییەکانی مــرۆڤ رەنگــــە لاســــاییکردنەوەی دەنگــــە سرووشتییەکان بووبن کە خــەڵکی ئــەو سەردەمانە لــە دەورو بــەری خۆیانــەوە دەیــــان بیســــت. بــــۆ وێنــــە کاتێــــك باڵندەیــــەك دەنگــــی " کــــو کــــو"ی دەردەهێنا، مرۆڤی ســەرەتایی لاســایی ئەو دەنگەی دەکردەوە و بۆ ناو لێنانی ئــەو بوونــەوەرە کــەڵکی لــەو دەنگــە سرووشــــتییە وەردەگــــرت. ***گرووپــــی دووهــەم*** پێشــنیاریان کــردووە دەنگــی ســـــەرەتایی زمـــــان لـــــە هـــــاوارە سرووشتییەکانەوە بە هۆی هەستکردن بــە ژان، تــووڕەیی، چــێژ و شــتی لــەو جــۆرە پێکهــاتووە. ***گرووپــی ســێهەم*** تیۆرییەکیان هەیە کە بە تیۆری *"ناوی دەنگی بە کۆمەڵ"* بەناوبانگە. بە پێــی ئــــەم تیۆرییــــە، وێدەچــــێ دەنگــــی کەسەکان لە کــاتی کــاری جەســتەییدا سەرچاوەی زمانی سەرەتایی بــوو بــێ، بــە تایبــەتی کاتێــك کــە ئــەو کــارە جەستەییە چــەند کەســی بــە خۆیــەوە ســەرقاڵ کردبــێ و بــۆ ئەنجامــدانی پێویستی بە هاوئاهــەنگی بــە کۆمــەڵ بووبێت. هەربۆیە ئەگــەری ئــەوە هەیــە کۆمــەڵانی مرۆڤــە ســەرەتاییەکان، لــە کــاتی تێکۆشــانی وەك هەڵکشــان و گواستنەوەی پارچــە و کۆلکــەدارەکان یــا ماموتــە( بوونەوەرگــەلێکی گــەورە بوون، و.) بێگیانەکان، بە هاوارکردن و جنێودان بووبنــە هــۆی بڵاوبوونــەوەی زمان.

**ج — سەرچاوەی بزاوتی دەربڕین:** تیۆرییــەکی دیکــە لەمــەڕ سەرچــاوەی زمــان، ئــاوڕ لــە پێوەنــدی لــە نێــوان جــــووڵان و بزاوتــــی جەســــتەیی و دەنگەکانی زار دەداتەوە. ئەم تیۆرییــە بانگەشەی ئەوە دەکا کە سەرەتا کەڵك لــە کۆمــەڵێك بزاوتــی جەســتەیی وەك ئــامرازی پێوەنــدیگرتن وەرگــیراوە و دواتر کۆمەڵێك جووڵانەکانی دربڕین بــە تایبەتی بە کەڵك وەرگرتن لە زار بەرەو خەملان و کامڵبوون هەنگاوی ناوە.

دەتوانن بەرهەمەکانتان بەو ناونیشانەی خوارەوە بۆ بەشی "ئەدەب و هونەر" بنێرن
edeb_huner@yahoo.com

# ڕێخۆشکردن بۆ سەرکوت

## بەشی دووهەم و کۆتایی

جەمیل ئەحمەدی

وەرگێڕان لە فارسییەوە: لوقمان عەبدوڵازادە

پرسیاری دووهەم:

ئامانج لە بیستنەوەی رووداو نائارامییەکانی ئەو دواییانەی ناوچەکورد، عەرەب، ئازەری، بەلووچ نشین و خەباتی رەوای نەتەوەکانی ئێران پێویستی سەرکوتی زیاتر، بۆچی؟

بە لە دایك بوونی نیزامی ئیسلامیی و، دەست بە سەرداگرتنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی ٥٧ لە لایەن کۆنەپەرەستانەوە. هاوکاتە دەگەڵ خەباتی رەوا و دژی کۆنە پەرەستیی خەڵکی ئێران، بە تایبەت نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران، بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بکەین، کە زۆربەی هەرە زۆری رۆژئاوای ئێرانی گرتۆتەوە، بۆ وەدەستهێنانی دێمۆکراسی و بایەخە دێموکراتییەکان بۆ گشت ئێران و بە تایبەت کوردستان بوو.

بە هەرەسهێنانی بلووکی شەرق و، ئاوابوونی نیزامی سوسیالیستی و، گۆڕانی نەزمی دوو جەمسەری لە جیهانداو، جێگیربونی هێزی سەرمایەداری وەك یەکە سواری گۆڕپانی سیاسی لە دنیادا، لە ئاکامی ئەم هەڵوەشاندنەوەیەدا، کێشەی نەتەوایەتیی و پەرەپێدانی، بە تایبەت لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤیندا. هۆشیاری نەتەوەیی لە نێو زۆربەی نەتەوەکانی ئێراندا ( بەلووچ، ئازەری، عەرەب، تورکمەن) بە رادەیەك چووبوە سەرێ، کە بووە هۆی ئەوەی کە ئەو نەتەوانە بۆ وەدەست هێنانی مافی زەوتکراویان شێلگیرانەتر و کردەکیتر هەوڵیانداو لە فۆرمو چوارچێوەی حیزبی سیاسیداو بە هزری سەردەمیانە، بێنە گۆڕەپانی خەباتەوە. لەو نێوەدا گۆڕانی دروشمی ئێستراتیژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە کونگرەی سێزدەدا، لە خودموختارییەوە بۆ فیدڕالیزم، بە سەرنجدان بە هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی نوێو هێندێك فاکتۆری دیکەی سەر گۆڕەپانی سیاسیی جیهانی و ناوچەیی. خێراییەکی جیددیی بوونی ئەم مەسەلەیە چەند بەرابەر دەکاتەوە. هەڵبەت هەروەك هەموان دەزانین ئەو مەسەلەیە لە قالبی یەکیەتییەك بە ناوی "کونگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ" دا خۆی دەرخست و، باسو خواسێکی جیدیتری لە نێوان لایەنگران و نەیارانی سیستمی فیدڕالیزمدا هێنایەگۆڕێ.

کۆماری ئیسلامی لەو نێوەدا لە گشت لایەکەوە تەریك خراوەتەوەو، تەریککەوتنەوەیەکی جیهانی. بە هاتنە گۆڕی خەباتی نەتەوەکان لە چوارچێوەیەکی نوێترو ئاسۆیەکی روونتردا، رێژیم بە تەمایە خۆی بۆ بەرێوە بردنی تەرحو پلانەکانی هەرچی خێراتر ئامادە بکا. دیارە خولقاندنی قەیران و دانەپاڵی تێکۆشەرانی نەتەوە جۆرواجۆرەکانی ئێران، ئەگەر پراکتیزە بکرێ، دەتوانێ هاوکات چەندین دەسکەوتی گرینگی بۆ کۆماری ئیسلامی بە دواوە بێ، کە گرینگترینیان بریتین لە:

ئەلف: لە مەترسی کەوتنی بواری ئەمنیەت

بە سەرنجدان بە بارودۆخێك کە لە ئاکامی شەڕ لە عێراقداو، هەروەها دیاردەی تیرۆریزم لەو وڵاتەو، تەقینەوەو کوشتاری رۆژانە سەری هەڵ داوە. دەنگو رەنگی کۆماری ئیسلامی بە سوود وەرگرتن لەو دیاردانە (تەقینەوەو تیرۆر) دەیهەوێ ئەوە بە بیرورای گشتی بسەلمێنێ کە، دروستبوونی مەترسی لە سەر کۆماری ئیسلامی و هەوڵدان بۆ لاواز کردنی، ئێرانیش وەکوو عێراق دەبێتە مەکۆی تیرۆریستانو، کوشتو کوشتاری هاوشێوە روودە دا.

ب: کەوتنە مەترسیی یەکپارچەیی خاکی ئێران:

بۆ سەرکوتی هاواری مافخوازانەی نەتەوەکانی ئێرانو، بۆ پێشگیری لە هاو دەنگیی توێژو چینە جیاجیاکان، لە توێژگەلی جۆراوجۆر و تێکەڵ بە بزوتنەوەی سەرانسەری، رێژیم بە قۆزتنەوەی بیری شۆڤێنیستی دەیهەوی بە مانۆڕدان لەو مەیدانەدا بەشێك لە دەمارگرژانی نەیارانیشی لە گەڵ خویدا هاودەنگ بکا. (کە دیارە تا رادەیەکیش سەرکەوتووە). پێوەندی راستەوخۆی، نێوان خەباتی نەتەوەکانی ئێران، پارچە پارچە بوونی ئێران، دان پێداهێنان بە هەرەسهێنانی نیزام. رێژیم دەیهەوێ بە هۆی هەلومەرجی سیاسی، فەرهەنگی و ئابووری و بیری شۆڤێنیستی بە تایبەت لە نێو نەتەوەی فارسدا بە هێز بکا. تا لەو کاناڵەوە دەنگی دژبەرانی، بە پرژوبڵاوی بهێڵێتەوەو، رێگا لە یەکدەستبوونی نەتەوەکانی ئێران لە هەمبەر رێژیم دا بگرێ.

ج: سەرکوتی تێکۆشەرانی سیاسیی دژی نیزام بە تایبەت بەرهەڵستکارنی نەتەوەکان.

لەکاتێکدا رێژیم زیاتر لە جاران کەوتوەتە بەر رقوقینی نارازییانو دژبەرانییەوەو، ئۆپۆزیسیونی دەرەوەی دەسەڵات لە چاو رابردوو، زیاتر لێك نزیك بوونەوەو، ویست و داخوازییەکانی خەڵك، بە تایبەت ویست و داخوازیی نەتەوەیی لە ئێراندا بە هێزو گوڕتر بووە.

بە جۆرێك دەکرێ بڵێین: حیزبە نەتەوەییەکانی ئێران، رێکوپێك ترین هێزی دژ بە دەسەڵات ئیسلامی پێك دێنن. دەسەڵاتدارانی رێژیم، ئەو هەڕەشەو مەترسییانەی کە لە لایەن حیزبەکانەوە بۆ سەر بناخەی لەرزۆکی نیزامی دەزانن، دەیانهەوێ بە هەر شێوەیەك کە بۆیان بلوێ خەبات و تێکۆشانی ئەو حیزبانە خەوشدار بکەن و، بەساز کردن و پاساو هێنانەوەو، سناریۆیەك کە دایان ڕشتووە، بۆختانی تیرۆیست بوون بەو تێکۆشەرانە بکەنو، لە ژێر ناوی پیلانێکی ئەوتۆدا لە بەرچاو بیرورای گشتییان بخەن. لە لایەکی دیکەشەوە دەیانهەوێ هەر بەو شێوە تاکتیکانە، تێکۆشەرانو رووناکبیرانی نێو خۆ بکێشنە بن داری ئێعدام و، یان سزای دوورو درێژیان بە سەردا بسەپێنن.، هاواری نارەزاییان بە بیانوی نەبوونی ئەمنییەت و گرێدانیان بە دەوڵەتانی بیانییەوە بێدەنگ بکەن.

د: رێکخستنی هێز بۆ ئەگەری بەرەنگاربوونەوەی دەگەڵ رۆژئاوادا.

گەنگەشە لە سەر قەیرانی ناوکی لە هەستیارترین هەلومەرجی خۆیدا، کەشێکی پڕ لە لێکدانەوەی جۆراوجۆری پێك هێناوە کە ئەگەری روودانی تێکهەڵچوونی نیزامی نێوان رۆژئاوا و




رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لە جاران، چاوەڕوان دەکرێ. رێژیم دەیهەوێ بە قەیرانو کێشە خولقاندنی زیاتر ( بەخەیاڵی خۆی) لەم بارودۆخە بۆ مانەوەی خۆی کەڵك وەربگرێ، کە مەترسی ئەوەش هەیە ئەگەر کێشەی ئێران لە لایەن رۆژئاواوە تەنیا لە کێشەی ناوکیدا کورت بکرێتەوەو، ئەم رەوشە هەروا بەردەوام بێو، دۆزگەلێك وەك دێموکراسیخوازی و مافی مرۆڤـ بکەونە بن باندۆری ئەم کێشەیەوە و لە ئاکامدا زەرەرەکەی تووشی خەڵکی ئێران ببێ.

لە کۆبەندێکی گشتیدا دەتوانیین بڵێین کە: قسەکانی رەزایی لە پێناوی تەواو کردنی پرۆژەیەك دان کە، لە مێژە رێژیمی کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ بەڕێوەی بەرێ. لەو پێناوەدا وەك ئامانجێکی گشتی هەوڵ دەدا لە رێگەی زەبرو زەنگ و سەرکوتی نێوخۆییی‌یەوەو، دیارە ئەگەر پێویستی بێ ئامادەی بەرەنگاریی یان ساتو سەودا لە گەڵ رۆژئاوایە، ئاسۆی ئەو پرۆژەیە لە درێژخایەندا دەتوانێ وێڕای رێگە خۆشکردن بۆ سەرکوت و زەبروزەنگی نێوخۆیی لە پێناوی وەلانانی لایەنی کۆمارییەتی رێژیم و ساوکە کردنی خەونی حاکمییەتی ئیسلامیدا هەنگاو هەڵ بگرێ. بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، ئاسۆی دوورە دەستی نیزام تا چ رادەیەك دەبینرێ و سەرکوت و زەبرو زەنگ تا چ رادەیەك کاریگەر دەبن؟ ئایا داهاتووی رێژیم وەك تراویلکەیەك نایەتە بەرچاو؟ داخۆ خەونەکان نابنە مۆتەکە؟

**گەنگەشە لە سەر قەیرانی ناوکی لە هەستیارترین هەلومەرجی خۆیدا، کەشێکی پڕ لە لێکدانەوەی جۆراوجۆری پێك هێناوە کە ئەگەری روودانی تێکهەڵچوونی نیزامیی لە نێوان رۆژئاوا و رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، زیاتر لە جاران، چاوەڕوان دەکرێ.**

---

# پرۆسەی بەجیهانیبوون و تێکەڵیی نێوان کولتووری نەتەوەکان

هوشەنگ کەرەم تاجر ـ ماکۆ

وەرگێڕان: ئازاد کوردی

ئەو بەرەو پێشچوونانەی کە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا و بەتایبەت لە بوارگەلی کۆمەڵایەتی و کولتوورییدا دەرکەوتون، زۆربەی ئەو سنوورانەی کە لەلایەن هێزە دەسەڵاتدارەکانەوە لە دەوری کۆمەڵگادا کێشراون، بێ باندۆر کردوە. واتە مروڤ دەتوانێ بڵێ کە ئەمە سنوورەکان هەڵدەگرێ و لە ئاکامیشدا پێوەندییە کولتووری و کۆمەڵایەتی‌یەکان بە شێوەیەکی ئوتۆماتیك لە نێوان گەلان دا بەرەو پێش دەبا.

بێ‌گومان ئەو بەرەو پێشچوونانەی کە ئەمرۆ لە ئاستی تیکنیك و تەکنۆلۆژیدا پێك هاتون و هەروەها لە دەسکەوتگەلی، زۆربەی ئەو شۆڕشانەی کە هەتا ئێستا پێك هاتون، زیاترە. کەواتە ئێمە باسی شۆڕشەکان دەکەین، دەبێ ئەم راستییەش بزانین کە لە نێوەرۆکی هەر شۆرشێك دا واتە لە هەمان جەوهەرو نێوەرۆکی‌دا ئاڵوگۆر هەیە، بەو واتایە کە ئەو شۆرشانەی کە هەتا ئێستا لە مێژوویی مرۆڤایەتیدا پێك هاتون، هەڵگری هەوینی رووخاندنی نیزامە کۆنەکان و هێنانی نیزامی نوێیە، ئەو دەیهەوێ بە شێوەی جۆراوجۆر سیستم و هزرێکی نوێ لە گەڵ خۆی دا بێنێ. بەڵام ئێمە باش دەبینین کە ئەمرۆ تیکنۆلۆژی لە گەڵ خۆی‌دا شۆرشێکی گەورەی لە نێو کۆمەڵگای مروڤیدا پێك هێناوە.

واتە دیارە ئەمەش بەو مانایە نیە کە ئێمە دەسکەوتەکانی شۆرشەکانی پێشوو هەتا ئێستا بە لاواز و کەمرەنگ ببینین و بە سووك و کەمبایەخ چاویان لێ بکەین. بەڵام ئێمە پێویستە لە سەر ئەمە رابوەستین کە ئێمە چۆن بتوانین لە دنیای پێشکەوتووی ئێستادا پشتیوانی لە دەسکەوتی شۆرشەکان بکەین. بێ‌گومان ئەمە زۆر گرینگە و لە پرۆسەی نوێی بە جیهانیبووندا پێویستە ئێمە گەلەك نیقاش و لێکدانەوەی زانستی لەم پێوەندییەدا بکەین.

شۆرشی تیکنیك، ئینتێرنێت و هتد... زۆر خزمەتی بەرچاو و گەورە بە ئێمە دەکا و هەموو رۆژێ کاریگەرییان لە سەر ژیانی ئێمە زیاتر دەبێ و لەگەڵ خۆیاندا ئاڵوگۆری گەورەیان دروست کردوە. ئەو کاریگەرییانە تەنیا لایەنی تیکنیکی نین، بەڵکوو باندۆریان لە سەر هزرو ژیان و فەرهەنگی ئێمەدا زۆر بەرچاوە. ئێستاو لەم وەزعەدا پێویستە ئێمە چی بکەین؟ ئایا ئێمە وەك ئیسلامییە رادیکاڵەکان و دواکەوتووەکان لە بەرامبەریاندا رابوەستین و وەك ئێران و زۆر دەوڵەتی دیکە نەهێڵین خەڵك دەستی بەو ئامێرانە رابگا؟ بێگومان ئاکامی ئەو قەدەغە کراوانە ئەمرو بۆ هەموومان ئاشکرایە. پێویستە ئێمە ئەم راستییە ببینین کە ئاڵووگۆر هاتن لە رۆژی ئەمرۆدا وەك شەپۆلەکانی ئاو خۆیان گەیاندۆتە هەموو بوارەکانی ژیان و لە ئەساس‌دا هەر مرۆڤێك ئەو گۆڕانە




دەبینێ و لە دەسکەوت‌و بەرهەمەکانی کەڵك وەردەگرێ.

خاڵی سەرەکی و گرینگ لەم پرۆسەیەدا ئەوەیە کە تێکنیك و ئاڵوگۆرەکان لە گەڵ خۆیاندا فەرهەنگ و کولتوورێکی نۆی دێنن و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگاو هەر مرۆڤێك‌دا دەکا. هەر چەند کە ئەمرۆ زۆر کەس لە پرۆسەی بە جیهانیبووندا، مەسەلەی نەتەوایەتی بەر چاو ناگرن، بەڵام دەبێ ئێمە باش بزانین کە هەر نەتەوەیەك بە بوون و رەنگی خۆی، بە زمان و کولتووری خۆی لەو پرۆسەیەدا بوونی خۆی بسەلمێنێ و لە پێشڤەچوونەکان بۆ بەرەو پێش بردنی کولتووری خۆی کەڵك وەربگرێ. نەك ئەوە کە لە نێو ئەو بەرەو پێشڤەچوونەدا بتوێتەوە.

ئەمرۆ و لە وەزعێکی ئەوتۆدا پێویستە کە ئێمە وەك نەتەوەی کورد خۆمان لە نێوان ئەو پرۆسەیەدا کە رۆژبە رۆژ رەنگی جیاوازتر بە خۆیەوە دەگرێ و بەرەو پێش دەچێ، جێگای خۆمان بگرین و لە نەتەوەو کولتوورەکانی‌تری جیهان کە نیوەی فەرهەنگی‌ئێمە رەنگین و دەوڵەمەندنین، پاش نەمێنین. چۆن دەبێ کە سەرچاوەی فەرهەنگ و زۆر کولتووری دیکەمان دواکەوتوو بمێنێ! کێ بەر پرسی ئەو شتەیە؟ بۆ پراکتیزە کردنی ئەو راستی‌یە، پێویستە کە لە سەرەتادا زاناو رووناکبیرانی کورد بێ لە بەرچاوگرتنی ئەو شتە، حەرەکەت بکەن و پێ لەسەر راستییەکان دابگرن و لە برامبەر کولتووری دواکەوتوودا کە وەك شێر پەنجە کەوتۆتە گیانی کۆمەڵگاکەمان و خەریکە دەیخوات، دەبێ بە هەموو هێز و توانایی خۆمان دژی خەبات بکەین و نەبین بە بەشێك لەو.

هەر وەك لە سەرەوە باس کرا، هەنگاوی سەرەکی و بنگەهین کە دەرگای زۆربەی کێشەکان دەکاتەوە، خەبات کردن و دژایەتی لە بەرامبەر هزری کلاسیك و دواکەوتوو لە نێو کۆمەڵگادایەو ئەمە ئەرکی هەموو رۆناکبیرێکە کە ئەو ناوەی لەسەر خۆی داناوە.

**هەر چەند کە ئەمرۆ زۆر کەس لە پرۆسەی بە جیهانیبووندا، مەسەلەی نەتەوایەتی بەر چاو ناگرن، بەڵام دەبێ ئێمە باش بزانین کە هەر نەتەوەیەك بە بوون و رەنگی خۆی، بە زمان و کولتووری خۆی لەو پرۆسەیەدا بوونی خۆی بسەلمێنێ و لە پێشڤەچوونەکان بۆ بەرەو پێش بردنی کولتووری خۆی کەڵك وەربگرێ.**

# پێویستیی مێژوویی یەکیەتیی نێوان هێزە دێموکراتەکانی ئێران

ڕەزا فەتحوڵڵانەژاد

سیاسەتی حاشاکردن لە کێشەی نەتەوە ژێردەستەکان لە ئێرانداو توانەوەی ئەم نەتەوانە لە نەتەوەی باڵادەست کە بۆ ماوەی نزیك بە سەدەیەك، گیرابووەبەر نەتەنیا لەنێوچوونو کاڵبوونەوەی ئەم کێشەیەی لـێنەکەوتۆتەوە، بەڵکوو ئیمرۆ دەبینین کێشەکە بۆتە گرنگترین بابەتی ڕۆژی ئەم وڵاتە. هەر لە دوو ساڵی ڕابردوودا، ڕاپەڕینەکانی ناوچە عەربنشین، کوردنشین، بەلووچنشینو ئازەریشینەکان کە لە لایەکەوە پەرچەکردارێك لە بەرامبەر سیاسەتو ئاکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت خۆیانو لە لایەکی دیکەوە نیشانەی پێگەیشتنو وشیاریی نەتەوەیی ئەوانە، بە واتای شکستی سیاسەتی حاشاکردنو تواندنەوەی ئەم نەتەوانەیە.

چاوخشاندنێك بەسەر لایەنی مێژوویی سیاسەتی حاشاکردن لە کێشەی نەتەوە ژێردەستەکانو هەروەها بەرەنجامو ئاکامەکانی، بەرەو لۆژیکێك ڕاماندەکێشێ کە پێویستیی یەکیەتیی نێوان هێزە دیموکراتەکانە.

**چاوخشاندنێك بەسەر لایەنی مێژوویی سیاسەتی حاشاکردن لە کێشەی نەتەوە ژێردەستەکان**

سەدەی بیستەم لە ئێراندا، سەدەی حاشاکردنو شاردنەوەی بوونی کێشەی نەتەوە ژێردەستەکانو بزووتنەوە خەڵکییەکانی ئەم نەتەوانە بوو. شۆڕشی مەشرووتە لە ساڵی ١٢٨٥ (کە بنجی لە نێو هزری فەرانسەوییو ئینگلیزیدا بوو، بە خەمساردییەوە بە تەنیشت کێشەی نەتەوەکاندا تێدەپەڕی. پەرەسەندنی شارنشینی بە تایبەت لە ناوچە نافارسەکاندا، سیستمی ئابووری کە لەسەر بنەمای ئابووریی کشتوکاڵیو ناپیشەسازی بوو، مەودای زۆری نێوان ڕووناکبیرانو خەڵك، دەستێوەردانەکانی وڵاتە کولونیالەکان، بە تایبەت ئینگلیس، فەرانسە، ڕووسیەو ئاڵمان، هێزو باندۆری کولتووری ئایینی لە نێو کۆمەڵگاو دەسەڵاتبەدەستەکاندا، سیستمی سەرەڕۆیی سیاسی لە جیاتی سیستمی دیکتاتۆری ڕەهاو.... لەو هۆکارانە بوون کە دەکرێ لە ڕێگەیانەوە، بەرتەسکبوونی چوارچێوەی بزووتنی شۆڕشی مەشرووتە ڕوون بکرێتەوە. شۆڕشی مەشرووتە کە ئاوڕی پێویستی لە پێکهاتەی ڕاستەقینەی وڵات نەدایەوە، بووە بنەڕەتێك لەمەڕ کردەوەکانی شوڤێنیستەکانو ڕووبەڕووبوونەوەی سەرەڕۆیانەی دەسەڵاتبەدەستانی سەدەی پێشوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی داخوازیی نەتەوەیی لە نێوان نەتەوە ژێردەستەکاندا.

هاتنەسەرکاری ڕەزاخانی پەهلەوی لە ساڵی ١٣٠٤ کە ڕێگەخۆشکردن بوو بۆی دەگەڕێتەوە بۆ کودتای ١٢٩٩و هەلومەرجەکەشی، سەردەمی پاش شەڕی یەکەمی جیهانیو ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتو هەڵوێستەکانی زلهێزەکانی ئەو کاتی جیهان بە نیسبەت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینەوە بوو، سەردەمێکە کە بە سەردەمی تواندنەوەی بە ئەنقەستی نەتەوە ژێردەستەکان لەلایەن سیستمی دەسەڵاتدارو سەپاندنی کولتووری نەتەوەی فارس بەسەر نەتەوەکانی دیکەی ئێران بەناوبانگە. لەسەردەمی دوائاماژە پێکراودا، هزری ناسیونالیستی بە تایبەت لە نێو ڕووناکبیران لە ناوچەکەدا گەشەی بەرچاوی کردوە، بزووتنەوە دژەناوەندگەرییەکان لە ناوچە جیاوازەکانی ئێران بە تایبەت لەلایەن عەشیرەتە کورد، عەرەب، تەبەرستانی، لوڕ، تورکمەنو .... دەبینرێ، شۆڕشی سوور لە ڕووسیە ڕووی داوە، وڵاتانی دراوسێی ئێران بەرەو مۆدێرن بوونەوە دەڕۆیشتن، پێکهاتەی هێز لە جیهانو ناوچەکەدا گۆڕان بەخۆوە دەبینی، دۆزینەوەی نەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو پێویستی وڵاتە پیشەسازییەکان بەم سووتەمەنییە، گۆڕینی هێندێ لە هاوکێشەکانی لێکەوتۆتەوەو. . . ئەم هۆکارانە، پێویستیی پێکهێنانی دەوڵەتی ناوەندگەراو داپلۆسێنەر لە ئێرانیان بۆ زلهێزەکانی ئەوکات، بەتایبەت بریتانیای مەزن هێنایە گۆڕەوە. بەم پێیەش، دەسەڵاتی پەهلەوی لە سەر بنەماکانی زۆرەملیو یەکدەستکردنی پێکهاتەی وڵاتی ئێران لە ڕێگەی تواندنەوەی نەتەوە نافارسەکان ڕۆنرا.

هەلومەرجی شەڕی دووهەمی جیهانیو بە تایبەت داگیرکردنی ئێران لە باشوورەوە لە لایەن ئینگلستانو لە باکوورەوە لەلایەن شۆڕەوی، وەلانرانی ڕەزاشاو دانانی کوڕەکەی، محەممەد ڕەزاشا لە ڕێکەوتی ٢٥ی خەرمانانی ١٣٢٠ی لـێکەوتەوە. پەرەسەندنی شارنشینی لە ناوچە نافارسەکاندا، بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاریی خەڵك، گەشەی زیاتر لە پێشووی هزری ناسیونالیستی لە نێو نەتەوەکانی ئێراندا، سەرکەوتنی سیاسەتی نیشتەجێکردنی عەشیرەتەکان لەلایەن ڕەزاشاوەو هەروەها ڕکەبەریی شۆڕەوی، ئینگلیسو ئەمریکا، بووە هۆی پێکهێنانی دوو کۆماری کوردستانو ئازەربایجان لە کۆتاییەکانی شەڕی دووهەمی جیهانیدا. پێکهاتنی زلهێزەکانی ئەوکاتی جیهان لە سەر پاراستنی سیستمی ناوەندگەری لە ئێراندا، هۆکاری سەرەکیی ڕووخانی کۆمارەکانی کوردستانو ئازەربایجان بوو. سەرەڕای ئەوەی کە کۆمارەکانی کوردستانو ئازەربایجان لەلایەن سوپای ڕێژیمی حەمەڕەزاشاوە ڕووخێنران، هزری ناسیونالیستی لە نێو ئەم نەتەوانەدا لە پێناو خەبات بۆ مافە نەتەوایەتییەکانیان تا ئاستێکی بەرزتر لە سەردەمی پێش لە دامەزراندنی کۆمارەکان بەرزبۆوەو هەروەها حیزبەکانی ئەم نەتەوانە، بە تایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستان کەوتنە تێکۆشانی نهێنییەوە.

پشتیوانیی شۆڕەوی کە خوازیاریی وەرگرتنی ئیمتیازی نەوتی باکوور بوو لە کۆمارەکانی ئازەربایجانو کوردستانو هەروەها پشتیوانی لە بزووتنەوە چەپخوازەکان لە ئێراندا، ڕکەبەریی ئەمریکاو ئینگلیس لەسەر چۆنییەتیی بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانیان لە ناوچە، بە تایبەت بەشداریی نوێی ئەمریکا لە گۆڕەپانی سیاسەتی جیهانی کە خوازیاری نەمانی سیستمە کۆلۆنیالەکانی پێشوو پێکهێنانی سیستمە نوێکان لەمەڕ پێشبڕکێی سەرمایە بووو هەروەها لە ئاستی نێوخۆییدا گەشەکردنی بیری نەتەوەخوازانە لە نێو ڕووناکبیرە فارسەکانداو یارمەتیدانی نەتەوە نافارسەکان بە پێکهێنانی گۆڕانکاریی بنچینەیی لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا، هۆکارەکانی پێکهاتنی سەردەمی خۆماڵیکردنی سەنعەتی نەوت بوو. سەردەمی خۆماڵیکردنی سەنعەتی نەوت(*) سەردەمی کرانەوەی کەشوهەوای سیاسیی وڵاتو چالاکیی تا ڕادەیەك ئاشکرای حیزبە سیاسییەکان بوو. هەر لەم سەردەمەدا بوو کە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی نەتەوە ژێردەستەکان هەنگاوێکی دیکەشی هەڵهێنایەوەو حیزبو ڕێکخراوەکانی ئەم نەتەوانە لە نێو جەماوەردا خەریکی ڕێکخستنی خەڵك لەمەڕ پاڵپشتیکردن لە چاکسازی بوون. بەڵگەی ئەم چالاکییەش، بەشداریی چالاکانەی خەڵکی کوردستان لە ڕاپرسیی هەڵوەشانەوەی پارلمانی شانزدەهەم (ئەم پارلمانە کەوتبووە دژایەتی موسەدیقو چاکسازییەکانی) بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانە.

**چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوە ژێردەستەکان دەبێتە هۆی لێك نزیکبوونەوەی زیاتری نەتەوەکانی ئێرانو لە ئاکامدا پێکهاتنی کۆمەڵگایەکی یەکگرتوو کە ئەمەش بنەڕەتیترین پێشگریمانی سیستمی دیموکراتیکە.**

ڕێبەرانی بزووتنەوەی خۆماڵیکردنی سەنعەتی نەوتو لە سەرووی هەمووانەوە دوکتور موسەدیق، نەتەنیا ئاوڕیان لە خواستی نەتەوەیی، نەتەوە ژێردەستەکان نەدایەوە، بەڵکوو باوەڕیان بە تواندنەوەی ئەوان لە ڕێگەی بیری نەتەوەیی زاڵو سیستمی بوروکراتیکی وڵات بوو. گرنگینەدانی ڕێبەرانی چاکسازی لە سەردەمی خۆماڵیکردنی نەوت بە داخوازیی نەتەوەیی ناوچە نافارسەکان، ئەویش لە کاتێکدا ئەم ناوچانە پاڵپشتی بەهێزی چاکسازی بوونو داخوازیی نەتەوەییش لە نێویاندا بەرچاوتر ببوو، نیشاندەری ویستی زاڵبوونی نەتەوەخوازە فارسەکان بەسەر نەتەوەکانی دیکەی ئێران لەلایەن ئەوانەوە بوو.

لە کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ تا شۆڕشی سپیی بە ناو شاو خەڵك لە ١٣٤٢، سەردەمێكو لە شۆڕشی سپییەوە تا شۆڕشی ساڵی ٥٧ کە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیی لـێکەوتەوە، سەردەمێکی دیکەی لە مێژووی هاوچەرخی ئێرانە کە دەکرێ پێکەوە بە سەردەمی ترسناکی ساواك ناوبرێ. لە کاتێکدا کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ کرا کە لەلایەکەوە ئاستی وشیاری خەڵك بەرزتر ببۆوەو حیزبە پێشڕەوەکان، ڕێبەریی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی ئەو ناوچانەیان لە دەستدا بووو لە لایەکی دیکەوە بەناو ڕۆشنبیرانی فارس بیری زاڵبوونی نەتەوەی خۆیان بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا لە مێشکدا بووو هەروەها هەلومەرجو بارودۆخی سیاسیی ناوچەکەو جیهان، دەسەڵاتی بەرەو جێگیرکردنی سیستمێکی ترسناكو سەرکوتکەر ڕاکێش دەکرد. لەم سەردەمەدا کە بە توندی ڕووبەڕووی نەتەوەخوازەکانو چەپخوازەکان دەبوونەوە، ڕوون بوو کە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەسەلەی نەتەوە ژێردەستەکان، بێجگە لە زیندان، ئەشکەنجەو ئیعدامی تێکۆشەرانی نەتەوەیی ئەم نەتەوانە، چیدی نابێ. خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٧ ـ ٤٦ بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ناوچە کوردنشینەکاندا کە ڕووبەڕووی سەرکوتی دەزگا داپلۆسێنەرەکانی ڕێژیمی شا بۆوە، بە دژکردەوەی نەتەوەی کورد لە بەرامبەر سەرکوتو گوشارە ئاماژە پێکراوەکاندا لەقەڵەم دەدرێ.

شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧، بە پێی هەلومەرجە جیهانیو ناوچەییو نێوخۆیییەکان، ڕووخانی سیستمی پاشایەتیی پەهلەویو هاتنەسەرکاری مەلا دواکەوتووەکانی لە ژێر ناوی "کۆماری ئیسلامی" بەدواوە بوو.

کۆماری ئیسلامی کە بە هەڵگرتنی دروشمە ئیسلامیو دژەئیمپریالیستییەکان، توانیبووی دوو هێزی سەرەکیی ئەو دەم، واتە ئیسلامییەکانو چەپەکان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، هەر لە سەرەتای پێکهێنانی دەسەڵاتەوە، سیاسەتی حاشاکردنو سەرکوتی نەتەوە ژێردەستەکانی گرتەپێش. ئەم ڕێژیمە بە هێرشکردنە سەر کوردستان کەوتە شەڕ لەگەڵ نەتەوەی کوردو حیزبی پێشڕەوی ئەم نەتەوە، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. تیرۆری ڕێبەرانی کورد، دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملووی نەمر لە سەر مێزی وتووێژ لە ڤیەنو هەروەها تیرۆری جێگرەکەی، واتە دوکتور سادقی شەرەفکەندیی هەمیشە زیندوو لە بێرلین، سەلمێنەری سیاسەتی ئاماژە پێکراوە. دەکرێ سەردەمی کۆماری ئیسلامی بە سەردەمی گوشاری دووقات لەسەر نەتەوە ژێردەستەکان ناوبرێ کە لە ژێر ناوەکانی "ئیسلام"و "نەتەوەسازی" گوشاریان وەسەر خراوە.

**ـ بەرەنجامەکانی سیاسەتی حاشاکردن لە مەسەلەی نەتەوە ژێردەستەکان**

چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر سیاسەتی حاشاکردن لە مەسەلەی نەتەوە ژێردەستەکان لە سەد ساڵی ڕابردوودا، نیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە ئەم سیاسەتە لەگەڵ بەرژەوەندی دەسەڵاتبەدەستانی سەرەڕۆو شوڤێنیستەکان هاوتایەو لەگەڵ بەرژەوەندیی دیموکراتەکانو نەتەوەخوازەکاندا لە دژایەتی دایە. هەروەها ئاماژە بەمەش پێویستە کە کردەوەو بیری شوڤینیستی کاربەدەستانی وڵات لەگەڵ هەڵوێستو ڕوانگەکانی ناسیونالیستە بەرچاوتەنگەکانی نەتەوە ژێردەستەکاندا پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیەو توندتربوونی هەڵوێستی هەرکامیان، توندتربوونی هەڵوێستی لایەنەکەی دیکەی لـێدەکەوێتەوە کە ئاکامی وەها ڕەوتێك درێژەکێشانی سەرەڕۆیی یان پەرەسەندنی خواستی سەربەخۆیی لە نێو نەتەوە ژێردەستەکان دایە.

**کاربەدەستانی ئێران هیچکات بڕیان لە بەشداری پێکردنی ڕاستەقینەی نەتەوەکانی ئێران، لە ئیدارەی وڵاتدا نەکردۆتەوەو، تێکۆشاون ئێران لە ناوەندەوە بەڕێوەبەرن.**

بەرژەوەندیی دەسەڵاتبەدەستە سەرەڕۆکان لە چەندین لایەنەوە لەگەڵ حاشا کردن لە مەسەلەی نەتەوە ژێردەستەکاندا یەکدەگرێتەوە. یەکەم، ددانانان بە مەسەلەی نەتەوە ژێردەستەکانو پێویستی چارەسەرکردنی، دەبێتە هۆی دابەشکردنی دەسەڵات کە ئەمەش لەگەڵ بەرژەوەندی دەسەڵاتبەدەستە سەرەڕۆکاندا لە دژایەتی دایە[1]. کاربەدەستانی ئێران هیچکات بڕیان لە بەشداریی ڕاستەقینەی نەتەوەکانی ئێران لە ئیدارەی وڵاتدا نەکردۆتەوەو، تێکۆشاون ئێران لە ناوەندەوە بەڕێوەبەرن. دووهەم، گرنگترین هۆکار ئەوەیە کە دەسەڵات لە هەر ڕێژیمێکدا ـ چ دیموکرات بێو چ نادیموکرات ـ خاوەنی چوار لایەنی زۆرەملی، ئیدئولوژیك، تایبەتیو گشتییە کە ڕێژیمە سەرۆکانی دەسەڵاتدار لە ئێراندا ناچارن پشتیان بە لایەنی زۆرەملی، ئەویش لە جۆری نایاساییو نارەوای، ببەستنو لە زۆربەی ئەو مەسەلانەی کۆمەڵگا کە چارسەرکردنیان دژایەتییە لەگەڵ دەسەڵاتەکەیان، حاشا بکەنو هەروەها هۆکارگەلێکی دیکە.

ڕووداوەکانی دوو ساڵی پێشوو لە ناوچە کوردنشین، ئازەرینشین، عەرەبنشینو بەلووچ نشین، نەتەنیا شکستی سیاسەتی حاشا کردنو تواندنەوەی نەتەوە ژێردەستەکان دەردەخا، بەڵکوو نیشاندەری توندتربوونی دژکردەوەی ئەم نەتەوانە لەبەرامبەر وەها سیاسەتێك دایە.

**ـ خالگەلێك کە دەبێ دیموکراتەکان ڕەچاوی بکەن**

بەسەرنجدان بە باسەکانی سەرەوە، دەبێ هێزە دیموکراتەکانی ئێران، چ سەرانسەریو چ ناوچەییو نەتەوەیی، بە نیسبەت خاڵەکانی خوارەوە وشیار بن:

١ـ وشیاریی نەتەوەیی لە نێو نەتەوە نافارسەکاندا گەیشتۆتە ئاستێك کە حاشاکردن لە مەسەلەی نەتەوەکان، ئاکامگەلی مەترسیداری وەك جیابوونەوەی پتری نەتەوەکانی ئێرانی لـێدەکەوێتەوە.

٢ـ سیاسەتی حاشاکردن لە مەسەلەی نەتەوەژێردەستەکان لە خزمەتی دوژمنانی دیموکراسییەو چارەسەرکردنی لە خزمەتی دیموکراسیخوازان دایە.

٣ـ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوە ژێردەستەکان دەبێتە هۆی لێك نزیکبوونەوەی زیاتری نەتەوەکانی ئێرانو لە ئاکامدا پێکهاتنی کۆمەڵگایەکی یەکگرتوو کە ئەمەش بنەڕەتیترین پێشگریمانی سیستمی دیموکراتیکە.

کەوابوو:

یەکگرتووییو هاوکاریی هێزە دیموکراتەکانی ئێران، چ سەرانسەریو چ پێوەندیدار بە نەتەوەکان، لە پێناو پێکهێنانی سیستمێکی بەڕاستی دیموکراتیك لە ئێراندا کە توانای چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوە بندەستەکانی هەبێ، پێویستییەکی مێژووییە.

(*) کە لەگەڵ بە خۆماڵیکردنی کردنی سەنعەتی نەوت لە ٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٢٩دا دەست پێدەکاو، کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ کۆتایی پێدەبێ.

# دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامی لە پەیمانی شانگهایدا

عەباس ئەحمەدی

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئەحمەدی نەژاد، سەرکۆماری ئێران، لە شاری شانگهای چین، بەشداریی لە کۆبوونەوەی ڕێبەرانی وڵاتانی ئەندامو چاودێری "ڕێکخراوی هاریکاریی شانگهای" کرد. ئەحمەدی نەژاد لەم سەفەرەیدا هیوادار بوو کە بتوانێ بە مانۆڕێکی دیپلۆماسی لە ڕێکخراوێکدا کە چینو ڕووسیە دوو تەوەری سەرەکیی ئەو ڕێکخراوەن دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامی کە لە مێژە بەرنامەی بۆ چنراوەو کاری بۆ دەکرێ بۆ ئەوەی بۆ ڕۆژهەڵات بگوێزرێتەوە پیشان بداو لە لایەکی دیکەوە، بەم شێوەیە حەسارێکی ئەمنییەتی بۆ خۆی دروست بکاو هەروەها دوو وڵاتی ڕووسیەو چین بۆ پشتیوانی کردن لە ئێران لە بەرانبەر گوشارەکانی ئەمریکاو ئۆرووپا هان بدا. لەم پێوەندی‌یەدا لەم سەردانەیدا چاوی بە سەرۆکانی دوو وڵاتی چینو ڕووسیە کەوتو لە سەر هاریکاریی ئابووری، ئەمنییەتیو سیاسی بیروڕای ئاڵوگۆڕ کرد. ئەحمەدی نەژاد لە قسەکانیدا لە کۆبوونەوی سەرانی شانگهایدا دەریخست کە گرنگترین ئامانجی کۆماری ئیسلامی لە هاتنی بۆ نێو ئەو ڕێکخراوە، بەرپرچدانەوەی سیاسەتەکانی ئەمریکایەو لەو پێناوەدا ڕایگەیاند: "پەیوەست کردنی هاریکارییە ئابووریو تیجارییەکان بە هاریکارییە فەرهەنگیو سیاسیو ئەمنییەتییەکان سەرەرای پتەوکردنی ئاشتیو هێمنایەتی لە ناوچەکەدا دەتوانێ ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بەهێز کردنی ئاشتیو سەقامگیریی جیهانی‌دا هەبێو ڕێکخراوەکە بکا بە نیهادێکی بەهێزو ڕۆڵدانەر لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئابووری، سیاسیو تیجاری لە ئاستی جیهانیو ناوچەییداو پێشگیری بکا لە هەڕەشەی "هێژمونی" جیهانیو دەستێوەردانە نایاسایەکانی. لەم پێوەندیەدا لەم وتارە ئاماژە بە تایبەتەمەندیو خاڵە بەهێزو لاوازەکانی ڕێکخراوی شانگهای دەکەین، تاکو تواناکانی ئەم ڕێکخراوەو کاریگەری لە سەر توانای دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامی هەڵ سەنگێنین.

هۆکاری دروست بوون:

دامەزراوەی هاریکاریی شانگهای لە ساڵی ١٩٩٦ بە مەبەستی چارەسەر کردنی کێشەکان لە نێوان وڵاتانی چینو ڕووسیەو وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست (قرقیزستان، تاجیکستان، ئۆزبەکستان، قەزاقستان)، پێك هات. لە ساڵی ٢٠٠١دا پاش پێوەستبوونی ئۆزبەکستان، ئەم دامەزراوەیە لە ژێر ناوی "ڕێکخراوی هاریکاریی شانگهای" (SCO) دەستی بەکار کرد. دواتر لە ساڵی ٢٠٠٤دا موغولستان بوو بە ئەندامی چاودێر و لە ڕەزبەی ١٣٨٤ (سبتامبری ٢٠٠٥)دا لە دانیشتنی ئەم ڕێکخراوە لە "ئاستانە"پێتەختی قەزاقستان، ئێران، پاکستانو هیندوستان وەو ئەندامی چاودێر قەبووڵ کران.

خاڵی سەرەکیی هاوبەشی زۆربەی وڵاتانی بەشدار لەم ڕێکخراوە بە چەشنێك دژایەتی کردن، یا کێبەرکێ لەگەڵ ئەمریکایە" چین لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا بەهۆی سەرهەڵدانی ئابووری خۆیو پێویستی وەدەستهێنانی وزە (نەوتو گاز)و دابین کردنی بازاری فرۆش بۆ بەرهەمە پێشەسازییەکانی خۆی بەناچار وەك ڕکابەری ئەمریکا دەرکەوتوە. بۆیە ئەمریکاو چین لەجۆرێ لە پێشبڕکێ‌دان بۆ دابین کردنی وزەی داهاتووی خۆیان. ئامانجی هێندیش زیاتر دابین کردنی وزەیە لە وڵاتانی ئەندامی ئەم ڕێکخراوەو چاوەڕوان دەکرێ تا ساڵی ٢٠١٠ لە شەشەمین بەکارهێنەری (مصرف کننده) وزەوە بگاتە چوارەمین بەکار هێنەر لە جیهاندا. چین لە نفووزی ئەمریکا لە ناوچە نەوتاوییەکان، بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیگەرانەو لە ڕێگای ڕووسیەو وڵاتانی ئاسیای ناوەندییەوە دەیەوێ لە چوارچێوەی ئەم ڕێکخراوەو لە دەرەوەی ئەم ڕێکخراوە پێداویستیی خۆی بە نەوت دابین بکا.

بۆ ڕووسیەش نفووزی ئەمریکاو ناتو لەو ناوچانەی کە لە بواری مێژوویی‌یەوە بە ناوچەی نفووزی ڕووسیە ناسراون جێگەی گومانەو لە هەوڵی ئەوەدایە کە بە پتەو کردنی بنەماکانی ئەم ڕێکخراوەیە لە لایەکەوە حەسارێکی ئەمنییەتی بە دەوری سنوورەکانی خۆیدا بکێشێو پێش بە نفوزی ئەمریکا لەم ناوچانە بگرێو لە لایەکی دیکەوە خۆی وەکو جەمسەرێك لە هاوکێشە سیاسی‌یەکانی جیهاندا بناسێنێ. لەم پێوەندییەدا لە کۆبوونەوەی پێشووی ئەم ڕێکخراوە داوایان کرد کە بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە شەڕی ئەفغانستان کۆتایی پێ‌هاتووە، ئەمریکا بەرنامەیەکی تایبەندی کراو، بۆ بردنە دەرەوەی هێزەکانی خۆی لە ئۆزبەکستانو قەزاقستانو تەنانەت ئەفغانستان دیاری بکا. جێگای باسە کە بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا ستراتژی ئابووریی چینو پەلاتفۆرمی گەشەپێدانی ئابووری ڕووسیە نەتەنیا دژایەتیان پێکەوە نیە بەڵکوو هاوتەریبو تەواوکەری یەکترین.

هەروەها وڵاتانی ئاسیای ناوەندیو ئێران دەیانەوێ بەم شێوەیە خۆیان لە شۆڕشە ڕەنگینەکان لە چەشنی ئۆکراینو گورجستان بپارێزنو پێش بە گوشارەکانی ئەمریکاو ئۆرووپا بۆ دێمۆکراتیزە کردنی وڵاتەکەیان بگرن، بۆیە لە چوارچێوەی ئەم ڕێکخراوەدا لە ڕووسیەو چین کە لەجۆرێ کێبەرکێدان لەگەڵ ئەمریکا وەك پشتیوانی ڕێژیمەکانی خۆیان کەڵك وەردەگرن.

ئەم جۆرە یەکگرتنەش بۆتە جیگای نیگەرانیی ڕۆژئاواو بە تایبەتی ئەمریکا. لە جولای سالی ٢٠٠٥دا ژنێراڵ ریچارد مایر، سەرۆکی ستادی هاوبەشی سێ هێزی ئەمریکا ڕایگەیاند، کە ڕووسیەو چین بۆ بەستنی بنکەکانی ئەمریکا لە وڵاتانی ئاسیای ناوەندیدا تەوژم دەخەنە سەر ئەم وڵاتانە. هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ بەشداری ئەحمەدی نەژاد لەم دانیشتنەی دواییدا ئەمریکا ڕەخنەی لە چین گرت.

**خاڵی پۆزەتیڤ:**

ئەم ڕێکخراوە لە ڕۆژهەڵاتەوە دەگاتە چین، لە ڕۆئاواوە دەگاتە ئێران، لە باشوورەوە تا هێند و لە باکوورەوە دەگاتە ڕووسیە. بەم شێوەیە **ئەم ڕێکخراوە کە لە شەش ئەندامو چوار چاودێر پێك هاتوە، نزیك بە دوو میلیاردو حەوت سەد میلیون کەس، واتە نزیك بە ٤٠٪ی حەشیمەتی جیهان لە خۆ دەگرێو (km2)٣٧ سیو حەوت میلیون کیلومتری دووجا خاکی هەیە کە ٣٠٪ وشکاییەکانی جیهانە.** بەم شێوەیە ئەم ڕێکخراوە لە بواری کاریگەری لە سەر هاوکێشەکانی جیهانیدا دەتوانێ ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبێ. بەتایبەتی کە:

١ـ دوو ئەندامی ئەم ڕێکخراوە واتە چینو ڕووسیە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتین.

٢ـ وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاستو ئێران لە گرنگترین کانگاکانی نەوتی جیهانن. تەنانەت چاوەڕوان دەکرێ کە قەزاقستان پێشی عەرەبستانیش بکەوێ.

٣ـ ئابووریی چین بە گەشەی ٩/٨٪ی لە ساڵی ٢٠٠٥دا و هێند بە زیاتر لە ٧٪ بە خێرای بەرەو پەرەسەندن دەڕون.

٤ـ لە بواری نیزامییەوە ڕووسیە توانایەکی بەرچاوی هەیەو ولاتانی دیکەی ئەم ڕێکخراوە لە بواری نیزامییەوە دابین دەکا. هەروەها چین خاوەنی هێزێکی نیزامی زەبەلاحە.

**خاڵی نیگەنیڤ:**

١) ئامانجی بەشێکی زۆر لە وڵاتانی بەشدار لەم ڕێکخراوە دژایەتی کردنی ئامریکاو بەرنامەکانی ئەمریکا، بە شێوەگەلی جیاواز لەم ناوچەیە. **ڕێککەوتن لە سەر بنەمایەکی لەم چەشنە لە دنیای پێوەندییەکانی ئەمرۆدا زۆر لاوازەو هەڵبژاردنێك، گۆڕانێکی سیاسی یان ئابووری یان سیاسیو گۆڕان لە وڵاتێکدا بە زووی کار دەکاتە سەر ئەو یەکیەتی‌یەو لاوازی دەکا.** ئەگەری ڕووداوێکی لەو چەشنەش لە زۆربەی وڵاتانی ئەم ڕێکخراوە یەکجار بەهێزە. وێنەی ئەمە دەکرێ لە هێندا ببینینەوە، کاتێك ڕووسیەو چین لێك نزیك بوونەوەو تەنانەت مانۆڕی هاوبەشیان لە ژێر ناوی "پەیامی ئاشتی لە ساڵی ٢٠٠٥"یان بەرێوەبردو کەوتنە هەوڵ بۆ ڕاکێشانی هێند لە نێو پەیمانی شانگهای و لە دەرەوەی ئەم پەیمانە، ئەمریکا بە مۆر کردنی چەند ڕێککەوتن لە بواری زانستیو وزەی ناوکییەوە وای کرد کە هێند لە مەسەلە جیهانیو ناوچەیی‌یەکاندا دژی چینو ڕووسیەو ئێران بڕیار بدات کە وێنەی ئەمەمان لە دەرکردنی بڕیارنامەکان دژی کۆماری ئیسلامی لە ئاژانسی وزەی ئەتۆمیو ناردنی فایلی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەنجومەنی ئاسایشدا دی کە بە پێچەوانەی خواستی ئەم سێ وڵاتە بڕیاری‌داو ئیستا پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا گەیاندۆتە ئاستێکی زۆر بەرز. هەروەها کۆماری ئیسلامی ئیستا بۆ خۆدەرباز کردن لە فشارەکانی ئەمریکاو پتەوکردنی بنەماکانی دەسەڵاتی خۆی لەو ڕێکخراوەدا بەشداریی کردوەو ئەگەر لەم وڵاتەدا گۆڕانکارییەك بێتەکایەوەو ئەو ڕێژیمە بگۆڕدرێ ئەوە بەریانی (گرایش) ئێران بۆ لای ڕێکخراوی شانگهای لاواز دەبێ.

٢) بەشێکی زۆر وڵاتانی بەشدار لەم ڕێکخراوە پیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ ئەمریکاو ئۆرووپا هەیەو تەنانەت ئەو پێوەندیانە لە پێوەندی ئەم وڵاتانە لەگەڵ وڵاتانی بەشدار لە ڕێکخراوی هاریکاریی شانگهای گرنگترەو ناتوانن کە بۆ پێشگیری لە وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی هاریکاریی شانگهای، لە چەشنی ئێران، واز لە بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکاو ئۆرووپا بێنن. بۆ وێنە هەر ئیستا چین یەکێك لە گەورەترین شەریکەکانی بازرگانی ئەمریکاو ئۆرووپایە. هەروەها ئەمریکا لە وڵاتانی قەزاقستانو ئۆزبەکستاندا بنکەی نیزامی هەیەو پێوەندییەکانی لەگەڵ هێندا لە ئاستی زۆر بەرز دایە

٣) دوو وڵاتی چینو ڕووسیە کە تەوەری سەرەکیی ئەم ڕێکخراوە پێك دێنن بە دەست کۆمەڵێك کێشەی ناخۆییو ناوچەییەوە دەناڵێنن. چین لەگەڵ کێشەی مافی مرۆڤ ، کێشەی تایوانو تەبەتو... بەرەوڕووەو ڕووسیەش لەگەڵ کێشەی چچنو مافی مرۆڤ و لاوازیی ئابووری کە تەنیا لە سەر ناردنەدەرەوەی نەوتو گازو کانزاکان ڕاوەستاوەو...هتد.

٤) وڵاتانی بەشدار لەم ڕێکخراوە لە پێوەندییەکانی خۆیاندا لەگەڵ یەکتری کۆمەڵێك کێشەیان هەیە. بۆ وێنە هێندو پاکستان لە سەر کشمیر کێشەیان هەیە، هەروەها بەشێك لەو ئیسلامییانەی کە لە ئۆزبەکستان هەڵ هاتوون ڕۆیشتونەتە قەزاقستان.

بە ڕاڤەو شرۆڤە کردنی خاڵە پۆزەتیڤ و نیگەتیڤەکانی ئەم ڕێکخراوە دەتوانین بڵێین کە ڕەنگە گوشاری وڵاتانی ئەندام لەم ڕێکخراوە لە چەشنی ڕووسیەو چین بتوانێ لە قۆناغێکدا پێش لە بڕیاری گەمارۆدانی ئێران لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە بگرێ بەڵام لە ئاکامدا ناچارن لەگەڵ وڵاتانی ئۆرووپایو ئەمریکا ڕێك بەون، چونکە سەرهەڵدانی ئابووریی ئەم دوو وڵاتە بەستراوەتەوەو سەرمایەگوزاریو بازاری ئۆرووپاو ئەمریکاوە. سەرەرای ئەمەش کۆمەڵێك ئەهرۆمی گوشار بۆ سەر ئەم وڵاتانە لە بەردەستی ئەمریکاو ئۆرووپادا هەیە. لە لایەکی دیکەوە بایەخدانێکی لەو چەشنە بەم ڕێکخراوە لە دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامیدا نیشانەی پاشەکشەی دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامی لە ناوەندەکانی ئۆرووپاوە بۆ وڵاتانی ڕێکخراوێکی تازە دامەزراو و ناهاوئاهەنگ لە چەشنی شانگهاییە، کە لە ڕاستیدا جۆرێ بە بنبەست گەیشتنی دیپلمۆماسیی ئەم وڵاتە لەگەڵ ئەمریکاو ئۆرووپا دەسەلمێنێ. بۆیە دەیەوێ لەو وڵاتو یەکیەتیگەلەی نزیك بێتەوە کە بەشێوەیەك لە شێوەکان لەگەڵ ڕۆژئاوا لە کێبەرکێ یان دژایەتی‌دان.

بازرگانی چین لەگەڵ ئۆرووپا ـ بە میلیارد یۆرۆ ـ سەرچاوە سایتی ایروپا

| | ٢٠٠٠ | ٢٠٠١ | ٢٠٠٢ | ٢٠٠٣ | ٢٠٠٤ |
|---|---|---|---|---|---|
| هەنارده | ٧٤,٣٦ | ٨١,٦٩ | ٨٩,٦ | ١٠٥,٣٩ | ١٢٦,٣٧ |
| هاوردە | ٢٥,٥٨ | ٣٠,٥٥٤ | ٣٤,٨٦٩ | ٤١,١٦٩ | ٤٨,٠٣٩ |

هەناردەی چین بۆ ئەمریکا ـ میلیون دۆلار ـ سەرچاوە سایتی وزارەتی تیجارەتی ئەمریکا

| ساڵ | ٢٠٠٠ | ٢٠٠١ | ٢٠٠٢ | ٢٠٠٣ | ٢٠٠٤ |
|---|---|---|---|---|---|
| هەنارده | ١٠٠,٠١٨,٢٠ | ١٠٢,٢٧٨,٤٠ | ١٢٥,١٩٢,٦٠ | ١٥٢,٤٣٦,١٠ | ١٩٦,٦٨٢,٠٠ |

**ئامانجی بەشێکی زۆر لە وڵاتانی بەشدار لەم ڕێکخراوە، دژایەتی کردنی ئامریکاو بەرنامەکانی ئەمریکا , بە شێوەیەکی جیاوازە لەم ناوچەیە. ڕێککەوتن لە سەر بنەمایەکی لەم چەشنە لە دنیای پێوەندیەکانی ئەمرۆدا زۆر لاوازەو هەڵبژاردنێك، گۆڕانێکی سیاسی یان ئابووری لە وڵاتێکدا بە زووی کار دەکاتە سەر ئەو یەکیەتییەو لاوازی دەکا.**

# راپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوە، سەبارەت بە ئێران

(بەشی دووهەم و کۆتایی)

سەرچاوە: ماڵپەڕی بی. بی. سی
وەرگێڕانی: لوقمان عەبدوڵڵازادە

## پارێزەرانی مافی مرۆڤ

پرۆسەی ناونووسین بۆ ئەندامەتی لە ڕێکخراوە سەربەخۆو NGOکان، هەروا دەگەڵ کەندوکوسپ بەرەوڕووە، تێکۆشەرانی بواری مافی مرۆڤ بەردەوام مەترسیی تۆڵە ئەستانەوەیان لەسەرە.

ڕۆژنامەڤان "ئەکبەر گەنجی" کە دەستی بەرپرسانی دەوڵەتیی لە کوشتنی ڕووناکبیران و ڕۆژنامەنووساندا ئاشکرا کرد، هەتا ساڵی ٢٠٠٥ هەروا لە زینداندا ماوەتەوە.

ئەکبەر گەنجی زیندانییەکی جیابیرو ڕۆژنامەنووسێکی لێکۆڵەرەو، دەستی بەرپرسانی دەوڵەتیی لە قەتڵی ڕووناکبیران و ڕۆژنامەنووساندا لە دەیەکانی ١٩٩٠دا ئاشکرا کرد، ماوەی ٦ ساڵی لە زینداندا تێپەڕاند.

ئەکبەر گەنجی کە لە پێوەندی لەگەڵ تۆمەتگەلێکی ناڕوونی وەك تێکۆشان دژی ئاسایشی میللی، بە تاوانبار ناسراوە، دوای مانگرتن لە خۆراك و دەربڕینی ناڕەزایەتی لە بێبەش کردنی لە دەستڕاگەیشتن بە پزیشك و داوودەرمان لە دەرەوەی زیندان، بۆ ماوەیەکی کاتی ئازاد کرا. لە مانگی سێپتامبر دووبارە گەڕایەوە زیندان و، بۆ ماوەی ٦ حەوتوو لە زیندانی تاکەکەسیدا مایەوە؟ هاوسەرەکەی دەڵێ: هێزە ئەمنییەتییەکان لە نێو نەخۆشخانەدا لە ئەکبەر گەنجییان داوە.

**بەکارهێنانی ئەشکەنجە و سزادانی نامرۆڤانە و پڕ لە شەرمەزاری**

لە زۆربەی زیندان و دەستبەسەرگەکاندا (بازداشتگا) ئێستاش ئەشکەنجە کارێکی ئاساییەو، لانیکەم ٥ کەس لە دەستبەسەرکراوەکان گیانیان لە دەست داوە. لە هێندێك کاتدا ئەشکەنجەو بەدرەفتاری بوونەتە هۆی مەرگی زیندانی.

بێبەشکردنی زیندانییانی سیاسی لە دەستڕاگەیشتن بە داوودەرمان و پزیشك، بۆ فشارهێنان و ناچارکردنیان بە ئیعتیراف لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، ڕۆژ بەرۆژ زەقترو بەرچاوتر دەبێتەوە.

لە مانگی ژووئیەدا، لە ڕاپۆرتێکی دەزگای داددا جۆرەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بۆ وێنە: ئازارو ئەشکەنجەی زیندانییان و دەستبەسەرکراوەکان بە تێروتەسەلی باس کراون، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتوە کە، ڕێوشوێنێك بۆ لابردنی ئەو کێشانە گیراوەتە بەر، بەڵام لەوە زیاتر ڕوونیان نەکردۆتەوە.

* لە مانگی سێپتامبردا وێنەگر، "ئارەزوو سیابی شەهریوەر" دەگەڵ ١٤ ژنی دیکە کە لە مەراسیمی یادکردنەوەی کوژرانی بەکۆمەڵی زیندانییان لە زیندانی ئێوین لە تاراندا، لە ساڵی ١٩٨٨ بەشدارییان کردبوو، دەستگیر کران. لەو زیندانەدا بە هەزاران زیندانیی سیاسی ئێعدام کران. ئارەزوو شەهریوەر لە کاتی گیرانیدا سەراوبن هەڵیان واسیوەو بە کابلی بەرق لێیان داوەو، تەنانەت دەستدرێژیی سێکسشیان کردۆتە سەر.

پیاوێکی خەڵکی شیراز، لە ساڵی ٢٠٠٤دا بە تاوانی نێربازی مەحکووم بە ١٠٠ زەربە قامچی کرا. گۆیا ئەو پیاوە ئەشکەنجە کراوە، لە لایەن هێزەکانی ئاسایشەوە هەڕەشەی کوژرانی لێکراوە.

لانیکەم سێ جار حوکمی بڕینی ئەندامەکانی لەش بەڕێوە چووە. دەرکردنی حوکمی قامچی لێدان لە لایەن دادگاکانەوە، هەروا بەردەوامو، وەك ڕەسمو یاسایەکی باو بەڕێوە دەبەن.

### نوێترین زانیاری سەبارەت بە زارا کازمی

لە مانگی نوامبری ٢٠٠٥دا، دادگای پێداچوونەوە، پێی لەسەر بێتاوانیی کاربەدەستێکی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران کە دەستی لە کوشتنی "زارا کازمی"ی ڕۆژنامەنووس و وێنەگری ئێرانیی ـ کانادائیدا هەبووە، داگرتەوە.

**سزای مردن**

لە ساڵی ٢٠٠٥دا، لانیکەم ٩٤ کەس، بۆ وێنە: ١١ کەسیان لە کاتی تاوانکردندا تەمەنیان کەمتر لە ١٨ ساڵی بووە، ئێعدام کراون. وا پێدەچێ کە ژمارەی ڕاستەقینە زۆر لەوە زیاتر بێ کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتوە. سزای مەرگ هەروا بۆ ئەو تاوانانەی کە، بە وشەگەلی ئاڵۆز باسیان لەسەر دەکرێ، وەك: "تاوان لە سەر زەویدا"، ئێستاش درێژەی هەیە.

بە پێی هەواڵەکان لە مانگی ئوکتوبردا، ژنێك بەردباران کرا، ئەگەرچی لە ساڵی ٢٠٠٢دا حوکمی بەردباران کردن بۆ ماوەی کاتی ڕاگیرابوو!؟

لە مانگی ژانویەدا، کۆمیسیۆنی مافی منداڵانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێرانی ئاگادار کردەوە کە بە زووترین کات ئێعدامی ئەو لاوانەی کە لە کاتی ئەنجامدانی تاواندا تەمەنیان کەمتر لە ١٨ ساڵ بووە، ڕابگرێ. سەرەڕای ئەوە کە ئێران گوتبوی: سزای مەرگی ئەو تاوانبارانەی کە لە ژێر ١٨ ساڵن، بۆ ماوەی کاتی ڕاگرتوە، بەڵام "ئیمان فەرۆخی" لەو ڕۆژانەی کە کۆمیسیۆن ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی لەسەر ئێران ئامادە دەکرد، ئێعدام کرا. ئیمان فەرۆخی لە تێکهەڵچوونێکدا سەربازێکی کوشتوە، لە کاتێکدا ١٧ ساڵی تەمەن بووە.

ـ بەدوای ناڕەزایییە نێونەتەوەیی و ناوخۆیییەکاندا، بڕیار بوو سزای بەشێك لەو ژن و پیاوانەی کاتی تاوانکردن تەمەنیان لە ١٨ ساڵ کەمترو تاوانەکەیان خراوەتە پاڵ، هەڵوەشێنرێتەوە یا ڕابگیرێن. ئازادیی بەیان و کۆڕوکۆبوونەوەکان بە توندترین شێوە سەرکوت یان سنووردار کراون. ڕۆژنامەڤانان و وێبلاگ نووسان هەروا زیندانی و دەستبەسەر کراون و دەکرێن. داخستنی ڕۆژنامەکانیش هەروا بەردەوامە. بنەماڵەی زیندانییەکان، یان ئەو کەسانەی کاربەدەستانی ڕێژیم بە شوێنیانەوە بوون، دەگەڵ هەڕەشەو مەترسی و ئازارو ئەشکەنجە بەرەوڕوون.

لە مانگی ئوکتوبردا، دادگای چاپەمەنی دووبارە کەوتەوە گەڕ، ئەو دادگایە لە سێ قازی و دەستەیەکی دادوەر کە لە لایەن دەزگای قەزایییەوە هەڵدەبژێردرێ، پێك دێ. شایانی باسە کە بەشێکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسان سەبارەت بە پێکهاتەی دەستەی دادوەران ڕەخنەیان هەیە.

لە مانگی ژانویەدا، محەممەد ڕەزا عەبدوللاهی، کە خوێندکارێکی چالاکی بواری مافی مرۆڤەو، سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکیشە، بە تاوانی سووکایەتی و بوختان بە ڕێبەری وڵات و، پڕوپاگەندە دژی دەوڵەت، سزای ٦ مانگ زیندانیی بەسەردا سەپێندرا. ناوبراو مانگی ئووت ئازاد کرا. هاوسەرە دووگیانەکەی "نەجمە ئومێدپەروەر" لە مانگی مارس بەهۆی دانانی پەیامێك لەسەر وێبلاگەکەی، کە وا دیارە محەممەد ڕەزا عەبدوڵڵایی پێش گیرانی نوسیبووی، ٢٤ ڕۆژان خرایە زیندان.

### مافی ژنان

هەواڵنێری تایبەتی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ خستنەڕووی شێوەکانی توندوتیژی دژی ژنان لە مانگەکانی ژانویە و فێوریەدا سەردانی ئێرانی کرد. ڕاپۆرتەکە ڕەخنەی لە گرتنی خۆڕایی، ئەشکەنجەو ڕەفتاری خراپ لەگەڵ ژناندا، بەتایبەت ژنانی چالاك لە بواری مافی مرۆڤدا گرتوەو، داوای لە ئێران کرد کە گەلاڵەیەکی گشتگیر، بۆ بەرەوپێشبردن و پشتیوانیکردن لە مافی مرۆڤ دابڕێژێ و، کۆتایی بە توندوتیژی دژی ژنان بێنێ. هەروەها هەواڵنێرەکە لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا باسی قانوونگەریی پڕ لە فەرق و جیاوازی دەکاو بە توندی ڕەخنە لە کەمتەرخەمیی بەڕێوەبردنی دادپەروەری، کە بۆخۆی دەبێتە هۆی دەرچوونی تاوانباران و چەسپاندنی هەڵاواردن و توندوتیژی دژی ژنان گرتوە.

هەواڵنێری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافی هەبوونی جێگاو ڕێگای باش، ڕایگەیاند کە، هەڵاواردن دژی ژنان، لە پێوەندی لەگەڵ جێگاو ڕێگاشدا دەبینرێ. زۆربەی ئەو ژنانەی کە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، پەناگەیەکی باش و تەنایان نیە.

---

# لە قامووسی فیمینیزمدا

(١٤)

*وەرگێڕانی: ب.هانا*

**فیمینیزمی ڕادیکاڵ** Radical Feminism

فیمینیزمی ڕادیکاڵ، دانانی ژنان لە چینێکی نزمتر لە چینی پیاوان دا لە سەر بناغەی جنسییەت، بە سەر چاوەی سەرکوتی ژنان دەزانێ. ئامانجی فیمینیزمی ڕادیکاڵ، ڕووخاندنی ئەم سیستمە ڕەگەزی (جینسی) ـ چینی (چینایەتی)یە. بەشێك کە دەبێتە هۆی ڕادیکاڵ بوونی ئەم فیمینیزمە، سەرنجدان بە ڕیشەکانی دەسەڵاتی پیاوانەو، ئەم بڕوایە کە هەموو فۆرمە جیاوازەکانی سەرکوت لە باڵادەستیی پیاوانەوە سەرچاوە دەگرن. فیمینیزمی ڕادیکاڵ دەڵێ: پیاوسەرداری تایبەتمەندیی یەکلاکەرەوە لە کۆمەڵی ئێمەدایە. تیۆرییەکی تەوەریی دیکەی فیمینیزمی ڕادیکاڵ ئەم بڕوایە کە هەر شتێکی کەسی (شخصی)یە، سیاسییەو، هەروەها ژنتەوەری دەتوانێ ببێتە بناغەی کۆمەڵی داهاتوو (Eisenstein,1984).

فیمینیزمە ڕادیکاڵە پێشڕەوەکان: شارلوت پرکینزگیلمەن و مارگارێت سنگیز، بەڵگەیان دێنایەوە کە ژنان دەبێ کۆنترۆڵی بەتەواویی ژیان و لەشی خۆیان بە دەست بێ. تیۆرییە سەرەکییەکانی فیمینیزمی ڕادیکاڵ بە هۆی هێندێك گرووپەوە لە کۆتایییەکانی دەیەی ١٩٦٠و١٩٧٠دا لە نیویۆرك هاتنە گۆڕێ. بە بۆچوونی تی ـ گریس ئەتکینسان، سیستمی لەباری سیاسییەوە سەرکوتکەری ڕۆڵی پیاوانە ـ ژنانە، مۆدێلی سەرەکیی فۆرمە جۆراوجۆرەکانی سەرکوتە. ئەنا کووتە(Anna coote) بنەمای سەرکوتی ژنان دەباتەوە سەر هۆکاری دەروونی نەك تەنیا ئابووری.

فیمینیزمی ڕادیکاڵ لە هێندێك کێشەی دیکەدا لە گەڵ مەیلە فیمینیستییەکانی دیکە ناکۆکیی بیرو ڕای هەیە، بە تایبەتی لە گەڵ ڕوانینی سوسیالیستیدا لە سەر تەوەر بوونی چین و، لەگەڵ ڕوانینی (فیمینیزمی) ڕەش لە سەر تەوەر بوونی ڕەگەز. جولیت میچێل، فیمینیزمی ڕادیکاڵ بە گشتی و بە تایبەتی شولامیت فایرستۆن، بەم هۆیەوە کە سەرکوتی ژنانیان لە چوارچێوەی مێژوویی دیاریکراودا ڕاڤە نەکردووە، داوەتە بەر ڕەخنە(Michell,1971).

هۆیەکەی ئەوەیە کە فیمینیزمی ڕادیکاڵ (بۆ نموونە لە تیۆرییەکانی ئادرین ڕیچ، ماری وەیلی و شولامیت فایرستۆن) لە جیاتی ئەوەی بەر لە



هەرشتێك سەرنج بداتە کێشەی کار، پرژاوەتە سەر هەستی جینسی و کۆمەڵگری. فیمینیستە ڕادیکاڵەکان بە چڕکردنەوەی سەرنج لە سەر "خوئاگایی" (خود آگاهی)و کولتوور لە لایەکەوەو، "نەست" (ناخودآگاه) لە لایەکی دیکەوە پێکهاتە ئایدۆلۆژی، جینسی و دەروونییەکان ڕاڤە دەکەن کە لە پێوەندی لەگەڵ نایەکسانییە جنسییەتییەکانی نێوان ژن و پیاودا، جیاوازی پێك دێنێ.

یەکێك لە بابەتە سەرەکییەکان لە نووسینەکانی فیمینیزمی ڕادیکاڵدا، دوژمنایەتی لەگەڵ چەپی سیاسییە. فیمینیستە ڕادیکاڵەکان ـ بۆ وێنە ڕابین دورگان ـ بەم ناوەکە جیاوازیدانانی جینسی ڕیشە دارترین یا سەرەکیترین جۆری سەرکوتە، میتۆدێکی شیکاریی لە بناغەوە جیاواز لە بەراورد لەگەڵ مارکسیزم دا پێشنیار دەکەن. یەکێکی دیکە لە توخمە یەکیەتی خولقێنەکان لە نێو فیمنیستە ڕادیکاڵەکان دا، بایەخدانی هاوبەشی ئەوان بە دەروونناسیی ژنانە. بە بۆچوونی ئەوان، بیردۆزەی پێشوو، دەسەڵاتدارەتی بە سەر ژنان دا وەك دەسەڵاتی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی ڕاڤە ناکا. فیمینیزمی ڕادیکاڵ بە شێوەیەکی جۆراوجۆر یارمەتیی تیۆریی فیمینیستی دەکا. یەکەم، فیمینیزمی ڕادیکاڵ چەمکەکانی فەرهەنگی ژن ـ چەمکی هاوسەنگ لەگەڵ لایەنگری لە ئازادیی تاکەکەسی ـ دەخولقێنێ کە بە گوێرەی ئەوان، دامەزراندنی بنیاتە جێگرەوەکان دەتوانێ گۆڕانی کۆمەڵایەتی پێك بێنێ. دووهەم، فیمینیزمی ڕادیکاڵ یەکەم بیردۆزەیە کە ڕاستییەکان بە تەواوی لە ڕوانگەی ژنانەوە بنیات دەنێتەوە. سێهەم فیمینیزمی ڕادیکاڵ دەریدەخا کە لە قەوارەی واتایی بەشێکی گەورە لە زانستی کۆن(سنتی)و ئەو دوالیزمانەی، بیردۆزی سیایی نەریتی بۆ پاساودانی بندەستیی ژنان کەڵکیان لێ وەردەگرێ، جۆرێك لایەنگریی شاراوە لە پیاوان هەیە. جگە لە مانەش، فیمینیزمی ڕادیکاڵ زیاتر لە هەر تیۆرییەکی دیکە لە ڕێگای بە تەوەر کردنی پێکهاتەی جنسییەتیی کۆمەڵ، هەوڵی بینراو کردنی کێشە نەبینراوەکان دەدا. فیمینیستە ڕادیکاڵەکانی فەڕانسە بە داهێنانی زمانێکی ژنانەی نوێ واتە "نووسینی ژنانە" ڕەهەندێکی دیکەیان خستە سەر ئەم ڕوانگەیە( Cixous,1976, Irigaray, 1977b).

لە دەیەی ١٩٧٠دا فیمینیزمی ڕادیکاڵ بەرەبەرە شێوازی پیاوانەی (هێلی) تیۆریی سیاسیی وەلاناو، ڕوویکردە شێوەیەکی شاعیرانەو خوازەیی (استعاری).سۆزان گریفین و ماری دەیلی، وەسفی سەرلەنوێی ڕاستی لە زمانێکی نوێیان دا بە یەکەمین ئەرکی خۆیان دەزانی، ئەگەرچی ئێستا کردنی چەمکەکان بە زاراوە سیاسییە نەریتییەکان، لە جاران بە زەحمەتترە (Griffin,1982a). سەرەڕای ئەمەش هێشتا پارادیۆمێکی فیمینیستیی ڕادیکاڵ بە تەواوی پێك نەهاتوە. فمینیستە ڕادیکاڵەکان لە باری چۆنیەتیی ناودێرکردنی ڕاستی، ناکۆکیی بیرو ڕایان هەیە. چونکە ئەوان لە دەستەیەکی بەرتەسك لە چەمکەکان وەك دەستدرێژیی سێکسی یان کۆیلەتی کەڵك وەردەگرن بۆ ئەوەی لە نێوان دیاردە بە ڕواڵەت وێکنەچووەکان بۆ وێنە زەماوەندو لەشفرۆشی پێوەندی پێك بێنن. جگە لەمە، فیمینیزمی ڕادیکاڵ، زۆر جاران وێنەیەکی تا ڕادەیەك وەستاو لە جیهان پیشان دەدا. چونکە ڕوونکردنەوەی پێوەندی نێوان هۆو هۆکاری لەگەڵ دانیە. بەڵام هیچ کام لە فۆرمەکانی دیکەی تیۆریی فیمینیستی ، کێشەکانی دەستدرێژی سێکسی و جیاوازیی جینسییان نەهێناوەتە نێو ناوەندی سەرنجەکانی خۆیان و، لە هەموو گرینگتر، "ڕزگاری لە کۆت" یان، وەك تایبەتمەندییەکی پێوەندیدار بە ژنان کە دەبێ ڕێزی لێ بگیرێ، سەیر نەکردوە.

سەرچاوە: کتێبی"فرهنگ و نظریەهای فمینیستی"
نووسینی: مەکیهام، سارا گەمبل
وەرگێڕانی: فیروزە مهاجر، نوشینی احمدی خراسانی، فرخ قرەداغی
لاپەڕەکانی: ٣٦٢،٣٦٣،٣٦٤

---

**بۆ هاوکاریی هێزە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 439 21 Jun 2006

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com http://www.pdk-iran.org www.rdki.com

e- mail: info@kurdistanmedia.com

e- mail: pdkiran@club-internet.fr

e- mail: rdk_iran@yahoocom


# چیاکانی کوردستان

## خاتوو شیشە ڕێ khatun

خاتوون" یەکێك لە بەرزاییە دیارەکانی ناوچەی سەڵواتاوایە کە کەوتۆتە ١٥ کیلۆمیتریی ڕۆژهەڵاتی سنە. بەرزایی ئەم چیایە ٢٦٦٢ میترە. لە هەناوی ئەم چیایە ئاوی زوڵاڵی کانیاوەکانی "کانی یارە"،"کانی چەرمگ"،"کانی سێف"و...هەڵ دەقووڵێن.

لە دەوروبەری"خاتوون" کۆمەڵێك دوندوترۆپکی دیکە بەرچاو دەکەون بۆ وێنە: بەفرەچاڵ، ڕەیحان، گۆیژە، بەرگوڵوو و... کە هەر بەم پێ یە کەوتوونە باشوور، باشووری ڕۆژئاواو باکووری ڕۆژئاوای ئەم چیایە. گوندەکانی دەوروبەری خاتوون زۆر و بەربڵاون. سەڵواتاوا (لە ڕۆژئاوا)، کەرگاوا(لە باکوور)، برایماوا(لە باکوور)و دەشتی لەیلاخ(لەباکووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵات)ی ئەم چیایە هەڵکەوتوون.

بنارو شیوو دۆڵی جۆراوجۆر لە دەورووبەری ئەم چیایە هەن، بۆ وێنە: بناری یارە، گۆڕ، هەرەزیەو دەشتی باجەرخانی(لە باکوور).

ڕووبەری گیایی خاتوون بە سەرنجدان بە بەرزایی و فێنك بوونی هەوای ناوچە باشەو لە باری جۆراوجۆرییشەوە لە لوو، کەما، کارگ(ی خواردن و ژاراوی)، گوڵە شلێرە، گۆڵاڵە، زەنبەقی چیایی، گوێنی و بادامی کێوی، مێو و هتد پێك هاتوە. گورگ، ڕێوی، کەروێشك، مار، کەمتیار، هەڵۆ، کەو، هەفتەرەنگ و... لەو گیانلەبەرانەن کە لەم چیایە دا دەژین. باسی دیمەنەکانی چیای خاتوون، بە سەرزاری هەموو ئۆگرانی سروشت و جوانیی کوردستانەوەیە. شاری سنە بە تایبەتی شەوانە، دەشتی پان و بەرینی لەیلاخ، گوندی سەڵواتاوا، دێیەکانی هانیس، دەشتی باجەرخانی و چیاکانی سوڵتان سیراجەدین و ئاوالان لەو دیمەنە جوانانەن کە لە خاتوونەوە دیارن.

باشترین ڕێگا بۆ سەرکەوتن لە ترۆپکی



"خاتوون"، ڕێگای سنە ـ قوروە، ملەی سەڵواتاوا (لە تونێلی یەکەمەوە)، ڕێگای خاکیی ئیبراهیماوا و دەشتی باجەرخانی یە کە تا ترۆپکی چیاکە ٣ کاتژمێر دەخایەنێت.

خاتوون، حەشارگەی زستانیی نیەو، چوون و هاتنەوە لەم چیایە ٦ کاتژمێر کاتی دەوێ. ئاوەڕۆی ئەم چیایە دەچێتەوە دۆڵی سەڵواتاوا، سەدی قشلاق و، سەرەنجام تێکەڵ بە سیروانی گەورە دەبێتەوە. هەورە ترێشقەی بەهاران و زستانان، تەرزەی بەهاری و باوبارینی توندی زستانی لە ئەگەر ومەترسییەکانی ئەم چیایەن.

**سەرچاوە: کتێبی "جلوەهای طبیعی کردستان، دفتر اوّل: کوهها"**

**ئامادە کردنی: ئەکبر وەلەدبەیگی**

# بەر لەماڵاوایی

## دەرگایەك کە دوکتور قاسملوو بە ڕووی کوردانیدا کردەوە

ع. وریا

لە ٢٣ ـ ٢٠ی ژووئەنی ١٩٨٦، حەڤدەهەمین کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست ( SI) لە شاری لیما پێتەختی وڵاتی پێرو، بەڕێوە چوو.

حەڤدەهەمین کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیست ، یەکەمین کۆنگری SI بوو کە نوێنەری ڕێکخراوێکی کوردستانی وەك میوان تێیدا بەشدار دەبوو. ئەو میوانە کوردە، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە لە سەر پێشنیاری ژمارەیەك لە ڕێبەرانی حیزبە سوسیالیستەکانی ئورووپا وەك برونۆکرایسکی، لیونێل ژوسپەن و پییەر مۆرواو، لە سەر بانگهێشتنی ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست، لەم کۆنگرەیەدا بەشدار بوو.

دیارە دۆستایەتیی حیزبی دێموکرات و شەخسی دوکتور قاسملوو لەگەڵ حیزبە دێموکرات، سۆسیالیست و سۆسیال دێموکراتەکانی ئورووپا کە ئەندامی ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست بوون، ڕابردوویەکی زۆر لەوە کۆنتری هەبوو، بەڵام بەشداری لە کۆنگرەی ئەم ڕێکخراوەی حیزبە سیاسی یەکانی جیهاندا، هەم بۆ دوکتور قاسملووو حیزبی دێموکرات و هەم بۆ گەلی کورد شتێکی تازە بوو. هەر بۆیە دەتوانین کۆنگرەی حەڤدەیەمی ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست وەك خاڵی دەسپێکی پێوەندیی کورد و ئەم ئۆرگانیزاسیۆنە نێونەتەوەیی یە ناو ببەین و، دوکتور قاسملووی نەمریش بە بناغەدانەری ئەو پێوەندی یە دابنێین.

بیست ساڵ لەمەوبەر، هەست کردن بە گرنگیی ئەم ڕووداوە بۆ هەموو کەس دەستی نەدەدا. بەڵام دوکتور قاسملووی نەمر، بەشداری لەم کۆنگرەیەو ئاشنایەتی لەگەڵ ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست و، ئەو پێوەندییانەی لەگەڵ زۆر لە نوێنەرانی حیزبە سوسیالیست و دێموکراتەکانی ئەندامی SIدا پێکی هێنابوون، بۆ دوارۆژی حیزبی دێموکرات و گەلی کورد بە گرنگ دەزانی. هەر دوای ئەم ڕووداوەش، هیوای دەربڕی لە کۆنگرەی داهاتووی ئەنتێرناسیونالدا، حیزبی دێموکرات بە ئامادەیی یەکی زیاترەوە بەشدار بێ و، دەنگی خۆی زۆر بەرزتر بە سوسیالیستەکانی جیهان بگەیەنێ.

دوو ساڵ دوای ئەم ڕووداوە، شووڕای ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست، ڕۆژەکانی ٦ و ٧ی دیسامبری ١٩٨٨، لە کۆبوونەوەیەك دا کە لە پاریس پێکی هێنا، بۆ یەکەم جار ئاوڕی لە کێشەی کورد دایەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا دوکتور قاسملوو کە بە ڕەسمی وەك میوان دەعوەت کرابوو، لە سەر هەلومەرجی گەلی کورد بە دوای وەستانی شەڕی ئێران و عێراقدا، وتارێکی پێشکەش کرد و گوتی "گەلی کورد لە مافە دێموکراتی، نەتەوەیی و ئینسانی یەکانی خۆی بێبەشەو، یەکێك لە زۆرلێکراوترین گەلانی جیهانە". ویلی برانت سەدر ئەعزەمی پێشووی ئەڵمان و سەرۆکی ئەوکاتی ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست زۆر بە گەرمی تەئییدی قسەکانی دوکتور قاسملووی کرد و گوتی: "هەلومەرجی خەباتی گەلی کورد سەختەو ڕێگا دوورە، بەڵام ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست لە داهاتوودا بۆ دیفاع لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد ئامادەی هەموو چەشنە هاودەردی و هاوکاری یەکە." لەم کۆبوونەوەیەدا دەقێك کە دوکتور قاسملووی نەمر لە بارەی مەسەلەی کوردەوە بە زمانی فەرانسەیی ئامادەی کردبوو، وەك بەڵگەنامەی شوورا بە داکۆکی لە گەلی کورد پەسند کرا. ئەوە یەکەم جار بوو ڕێکخراوێکی بەرینی نێونەتەوەیی کە نزیك بە ١٥٠ حیزبی سوسیالیست و دێموکرات لە سەرانسەری جیهان تێیدا ئەندام بوون، بەڵگەنامەیەکی گرنگی بە داکۆکی لە گەلی کورد پەسند دەکرد؛ بەڵگەنامەیەك کە داخوازەکانی هەموو بەشەکانی کوردستانی تێدا بوون و، سێ مەسەلەی بنەڕەتیی لەبەرچاو گرتبوون: یەکەم ئەوە کە نەتەوەی ٢٥ میلیۆنیی کورد نەك هەر نابێ ببێتە قوربانیی ڕەوتی ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەڵکوو دەبێ کەڵك لە دەسکەوتەکانیشی وەربگرێ. دووهەم ئەوە کە مەسەلەی کورد ڕێگاچارەی نیزامی نیەو، دەبێ لە ڕێگای ئاشتیخوازانە و سیاسی یەوە چارەسەر بکرێ. سێهەم ئەوە کە داخوازەکانی نەتەوەی کورد لە سەرانسەری کوردستاندا داخوازێکن کە لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤدا دەگونجێن و، ئەمەش بەو مانایەیە کە مەسەلەیەکی نێوخۆیی ئەو وڵاتانە نیە کە کوردیان تێدا دەژی، بەڵکوو مەسەلەیەکە پێوەندیی بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی یەوە هەیە.

لەوساوە تا ئێستا، پێوەندیی حیزبی دێموکرات و حیزبە کوردەکانی دیکە لە گەڵ SI تا هاتوە بەرەوپێش چووە. حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی بیستەمی SIەوە بوو بە ئەندامی چاوەدێری ئەو ڕێکخراوە و لە ساڵێك لەمەوبەریشەوە بووە بە ئەندامی ڕاوێژکاری سوسیالیست ئەنتێرناسیونال. نەمامی پێوەندیی حیزبی دێموکرات و ئەو ڕێکخراوە جیهانی یە، بە خوێنی ڕێبەرانی ئەم حیزبە پاراو بووە، چونکە هەر دوو سکرتێری گشتیی شەهیدی حیزب، دوکتور قاسملووو دوکتور شەرەفکەندی بە دوای بەشداری لە کۆنگرەکانی ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیستدا بوو کە تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی دەرفەتیان لێ هێنان و شەهیدیان کردن. SI، هەر لە سەرەتای پێوەندیی خۆی و کوردەوە، بوو بە مینبەرێك بۆ ڕاگەیاندنی بانگی زۆرلێکراویی گەلی کورد و، بوو بە سەکۆیەك بۆ پیشاندانی هاوپێوەندیی جیهانی لەگەڵ نەتەوەی کورد. بە پشتیوانیی حیزبە سەرەکی یەکانی ئەندامی ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست بوو کە ساڵی ١٩٨٩ یەکەم کۆنفرانسی نێونەتەوەیی بۆ هاوپێوەندی لەگەڵ گەلی کورد پێك هات و، بۆ ڕێزنان لە ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە ناساندنی کێشەی کورد بە دنیای دەرەوەدا، پێشکێش بە یادی ئەو شەهیدە مەزنەی ڕێگای ئاشتی و دێموکراسی کرا.

پەیوەست بوونی حیزبە کوردەکانی دیکە بە ڕیزی ئەندامان و میوانانی کۆبوونەوە و کۆنگرەکانی SIو، کۆمەڵێك هەڵوێست و کارو کردەوەی دیکەی SI، بۆ نموونە پەسند و بڵاوکردنەوەی چەندین بڕیارنامە، بەیاننامە و بەڵگەنامە بە داکۆکی لە ویست و داخوازەکانی کوردان، پێکهێنانی گرووپی کاری کوردان بۆ بەدواداچوونی شێلگیرانە لە سەر کێشەی کورد و، چەند سەفەری هەیئەتەکانی ئەم ڕێکخراوە بۆ بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، نیشان دەدەن کە پێوەندیی حیزب و ڕێکخراوە کوردەکان و SIو، بایەخدانی ئەم ڕێکخراوەی حیزبە سیاسی یەکانی جیهان بە مەسەلەی کورد، لە هەڵکشان و بەرەوژوورچوونی بەردەوام دایە. ئەمەش شتێکە لە بەرژەوەندی هەر دوولا. SIو حیزبە گرنگەکانی ئەندامی کە زۆر لەوان لە وڵاتی خۆیاندا دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە یا لە دەسەڵاتدا بەشدارن، لە ڕێگای بایەخدان بە مەسەلەی کورد و هەبوونی ڕۆڵ و سیاسەتێکی چالاك لە پێوەندی لەگەڵ گەیشتنی ئەو نەتەوە بندەستە بە داخوازەکانی دا، دەتوانن جێ پێی خۆیان لە ناوچەیەکی گرنگی وەك ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا قایم بکەن و، دەورێکی گرنگیان لە بردنی ئەم ناوچەیە بەرەو ئاشتی، دێموکراسی، مافی مرۆڤ، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریدا هەبێ. حیزب و ڕێکخراوە سیاسی یە کوردستانی یەکان و نەتەوەی کوردیش دەتوانن لەم هاوپێوەندی و دۆستایەتی یە بۆ بردنەپێشی خەباتەکەی خۆیان و تێکەڵکردنی هەرچی پتری ژیان و تێکۆشانیان لەگەڵ بەها و بایەخە دێموکراتیك و ئەمڕۆیی یەکانی SI کەڵك وەربگرن و، سەرنجی جیهان بۆ لای نێوەرۆکی مۆدێرن، دێموکراتیك و ئینسانیی ویست و داواکانیان ڕابکێشن و، بیکەن بە پشتیوانی خەباتی ڕەوا و ڕزگاریخوازانەی خۆیان.

لە بیستەمین ساڵی دامەزرانی پێوەندیی دۆستانەی کورد و ئەنتێرناسیونالی سوسیالیستدا سڵاو بۆ یادی دوکتور قاسملووی نەمر دامەزرێنەری ئەو پێوەندی یە دەنێرم و، هیوا دەردەبڕم کە ئەم پێوەندی یە دەسکەوتی زیاتری بۆ کورد لێ بکەوێتەوە.

# قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە




خۆشەویستیی دوکتور قاسملووی نەمر لەنێو نەتەوەی کورددا و، بایەخدانی خوێنەرانی کورد بە جێگاو ڕۆڵی خەبات و تێکۆشانی ئەو ڕێبەرە هەڵکەوتەیە لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەیدا، هەروەها گرینگیی ڕوانگەو بیروبۆچوونەکانی بە لای نەسڵە تازەکانی کوردستانەوە، هۆیەکن بۆ ئەوەی نووسین،لەبارەی ئەو کەسایەتی یە زاناو خەباتگێڕە، یا چاپ و بڵاوکردنەوەی دووبارەی لێکۆڵینەوە، نووسین، وتارو وتووێژەکانی لەگەڵ پێشوازیی گەرم بەرەو ڕووبن. هەر لەم پێوەندی یەدا، لەم دوایی یانە کۆمەڵێك کتێب چاپ و بڵاو بوونەوە کە بریتین لە :

**کوردستان و کورد (چاپی دووهەم)**

ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری یە کە دوکتور قاسملووی نەمر ساڵی ١٩٥٧ دەستی بە نووسینی کردووە و ساڵی ١٩٦٢ بۆ چاپ ئامادەبووە، بەڵام بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٦٤ بە زمانی سلۆواکی بڵاو بۆتەوە. ئەم کتێبە پاش چاپ و بڵاوبوونەوە بە چەند زمانی دیکە وەك ئینگلیسی، لەهێستانی، عەرەبی و هتد ساڵی ١٩٧٣ بە زمانی کوردی و لە لایەن بنکەی پێشەواوە بڵاو کرایەوە. وەرگێڕی کوردیی "کوردستان و کورد" مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەیە کە کتێبەکەی لە عەرەبی یەوە کردووە بە کوردی.

وەرگێڕاوی فارسیی ئەم کتێبەش ساڵی ٢٠٠٠ بڵاوبۆتەوە. چاپی دووهەمی "کوردستان و کورد" لە لایەن کتێبفرۆشیی سۆران لە هەولێرو لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٦دا بڵاو بۆتەوە. پێویستە بگوترێ چاپی دووهەمی "کوردستان و کورد"، لە ئورووپاش، ساڵی ٢٠٠٤، بەهۆی هاوڕێ "سەلاح شەشە"وە چاپ و بڵاو کرایەوە.

**"تاڤگەی هەقیقەت"**

**(بەشێك لە بەرهەمەکانی دوکتور قاسملوو)**

هەر لەنیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٦دا، بەرگی دووهەمی کتێبی "تاڤگەی هەقیقەت" کۆکردنەوەی کاك کاوەی بەهرامی چاپ و بڵاو بۆوە. لە دووهەم بەرگی "تاڤگەی هەقیقەت"دا چەندین وتووێژی ڕۆژنامەیی و ڕادیویی و کۆمەڵێك وتاری دوکتور قاسملوو لەبارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکانەوە، سەرنج ڕادەکێشن.

ئەم بەرگەی "تاڤگەی هەقیقەت" لە پێشەکی یەك و پێنج فەسڵ پێك هاتوە.

**" قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە"**

ئەم کتێبە هەڵبژاردەیەکە لە نووسین و وەرگێڕانەکانی هاوڕێ قادر وریا لە بارەی کەسایەتی و خەبات و تێکۆشان و ڕوانگە و بۆچوونەکانی دوکتور قاسملووی نەمرەوە. "قاسملو لە ڕێبازیدا زیندووە" لە پێشەکی یەك و چوار فەسڵ پێك هاتوە. فەسڵی یەکەم هەڵبژاردەیەکە لە نووسینەکانی قادر وریا لە یادی دکتور قاسملوودا، فەسڵی دووهەم هەڵبژاردەیەك لە وتووێژ، وتارو وتەکانی دوکتور قاسملوو، فەسڵی سێهەم لە بیروڕاو بۆچوونی کەسایەتیی جۆراوجۆر، لەسەر دوکتور قاسملوو پێك هاتوە، فەسڵی چوارم تەرخان کردوە بۆ وتارو بابەتی پێوەندیدار بە پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملۆوە. دوابەشی کتێبەکەش، ئەلبومێکە کە دەیان وێنەی پێوەندیدار بە کتێبەکەی گرتۆتە خۆ. ئەم کتێبە لە ٢٩٤ لاپەڕەدا، لە لایەن "خانەی چاپ و بڵاو کردنەوەی ئاوێر" (هەولێر) چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

## مرواریی دەریای وشە

پەککوگوتن بۆ ڕابردوو بێسوودە. کەسێك نەتوانێ خۆی لەگەڵ ژیانی ئێستەی بگونجێنێ، بە تێك شکاو دادەنرێ. **(ئاڵفرێد کاپۆ)**

ئەگەر دەسەڵاتی ئەوەت نیە بە هێزی خۆت ڕووداوەکان تێك بشکێنی، لانی کەم پیاوی ڕاوەستان لە بەرامبەر ڕووداوە نەخوازراوەکان دا بە. **(کلیو پاترا)**

ئەو کاتانەی بە باسی خراپەی خەڵکی دیکە تێپەڕیان دەکەین، ئەگەر بۆ وردبوونەوە لە عەیب و کەم و کورتی یەکانی خۆمان تەرخانیان کەین هەزار سوودمان پێ دەگا کە یەکیان خۆناسینە. **(لورد ئێڤیبیێری)**

ڕێگای سەرکەوتن بە هێندێك مەنزلگە دا تێپەڕ دەبێ کە هەبوونی ئیرادەی بەهێز یەکەمینیانە. کەسێك کە دەیەوێ بەم ڕێگا پڕ هەورازو نشیوەی ژیان دا تێپەڕ بێ هیچ قسەی تێدا نیە دەبێ بە یەکەم مەنزڵگەدا ڕاببرێ. **(ناپلیۆن بوناپارت)**

## بەڵگەی حەسەنی، ئیمام جومعەی ورمێ

## بۆ گەمژەیی ئەو بێگانانەی پێیان وایە لە ئێران پێشکەوتوترن!



ئاخوند حەسەنی پێش نوێژی ورمێ و ( نوێنەری ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کە بە ئەحمەقی بەناوبانگە و بۆتەگەپجاڕی ڕۆژنامەو سایتەکانی ئێران) بە تازەیی شەکرێکی دیکەی شکاندوە. ناوبراو ئەم فەرمایشە نوێیەشی هەر لە نوێژی جومعەدا کردوە:

ئەوکەسانەی دەڵێن ئێمە دواکەوتووین و خاریجە(وڵاتانی دەرەوە) لە ئێمە پێشکەوتووترن، ئەحمەقن. ئەوان نازانن کەئێمە لە سەدەی ١٤ی کۆچی داین و، ئەوان لە سەدەی ٢١ی زایینیدا. واتە ٧ سەدە لە پێشەوەی ئێمەن. ئایا کاتێك ئەوان وەك ئێمە لە سەدەی ١٤دا بوون، لە ئێستای ئێمە لە پێشتر بوون؟ بەڵام ئێمە لە داهاتوودا وەپێشیان دەکەوینەوە. چونکە هەر ساڵێکی کۆچی، لە ساڵی ئەوان (هەتاوی)!! کورتترە، مەگەر نابینن کە هەموو مانگە ئیسلامییەکانی وەك: موحەڕەم، ڕەمەزان،... ڕاست لە کاتی پاردا نایەنەوە، جاری وایە بۆ وێنە مانگی ڕەمەزان لە هاوین دایەو جاری واشە لە زستان یا وەرزێکی دیکەدا. خودا یارمەتی ئێمەدەدا، جا چونکە ساڵەکانی ئێمە کورتترن، هەموو ساڵێ چەند ڕۆژ وەپێش دەکەوین و، لە داهاتوودا نەوەکانمان نەك دەگەنەوە سەدەی خاریجی یەکان، بەڵکوو وەپێش ئەوانیش دەکەونەوە، جا ئەوکات دەبینین کێ لە پێشترە. خودا لە هەموو جێ هاوکاریی موسوڵمانەکانی دەکا.